# دەوڵەت

## بابەتێک بۆ گفتوگۆ لە نێوان
## مارکسیستان و ئەنارکیستانی کوردستان

ئەم مشتومڕە ئازاد و کراوەیە. لەسەر تۆڕی فەیسبووک ئەنجامدراوە و لە سایتە کوردییەکاندا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران. ئەم هێژایانەی خوارەوە بەشدارییان کردووە:

زاهیر باهیر، ** ****، هەژێن، تاهیر سالح شەریف، سیروان عەلی، سەلام عارف، شێخ عەبدول

چاپی یەکەم، جولای ٢٠١٤

# دەوڵەت

## بابەتێك بۆ گفتوگۆ لە نێوان
## مارکسیستان و ئەنارکیستانی کوردستان

ئەم مشتومڕە ئازاد و کراوەیە، لەسەر تۆڕی فەیسبووك ئەنجامدراوە و لە سایتە کوردییەکاندا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران، ئەم هێژایانەی خوارەوە بەشداریيان کردووە:

زاهیر باهیر ، ** *** ، هەژێن ،
تاهیر ساڵح شەریف ، سیروان عەلی ،
سەلام عارف ، شێخ عەبدول

چاپی یەکەم، جوولای ٢٠١٤

بەرایی:

هاوڕێ زاهیر باهیر، کە ئەنارکیستێکی ڕەخنەگری" دەوڵەت " و ڕەخنەگری تێژی " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا "ی مارکس و مارکسیستەکانە، لە لاپەڕەی فەیسبووکی خۆیدا چەند پەرەگرافێکی لە وتارێکی " میخائیل باکۆنین* " لە بارەی دەوڵەتەوە بڵاوکردەوە. بەڕێز کاک ** *** کۆمێنتێکی ڕەخنەیی لەسەر هەمان بابەت نووسی. پاشان هاوڕێ هەژێن هاتە ناو گفتوگۆکەوە. بەدوای ئەویشدا، من [تاهیر سالْح]، بە کۆمێنتێک بەشداری گفتوگۆکەم کرد و مشتومڕەکە دەربارەی پێویستبوون و پێویستنەبوونی "دەوڵەت" لەڕوانگەی مێژووییەوە درێژەی کێشا و چەند بابەتی لاوەکیش هاتە نێو گفتوگۆکەوە.

لەم گفتوگۆیەدا، دوو تێڕوانینی مارکسیستی و ئەنارکیستی بەرامبەر بە " دەوڵەت " بەرچاو دەکەون، دوو تێڕوانین، کە لە بناغەوە مامەڵەی جیاواز لەگەڵ چەمکی " دەوڵەت "دا دەکەن. خاڵی سەرنجڕاکێش لەم گفتوگۆیەدا، تێڕوانین و تێگەیشتنە ناکۆک و جیاوازەکان نییە، بەڵکو دەرکەوتنی شێوازو گیانێکی نوێیە لە گفتوگۆی نێوان مارکسییەکان و ئەنارکیستەکانی کوردستاندا. سەرەڕای جیاوازییە فیکری و جیهانبینییەکان، هەموو لایەک بە گیانێکی هاوڕێیانە، ڕێزنان لە بیروڕای یەکتری و دوور لەسکتاریزمی گروپی و مهاتەرات مامەڵە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن، کە ئەمەش دیاریدەیەکی نوێیە لەناو ئەو گەڕەلاوژە و شیروتیر لەیەکهەڵکێشانەی نێو دنیای سیاسەت و فیکری کوردیدا.

پێویستە ئەوەش بڵێم، کە ئاستەمە ئەم باس و مشتومڕانە لە چوارچێوەیەکی سنوورداری وەک فەیسبووکدا جێگایان بێتەوە. لەسەر پێشنیاری هاوڕێ " هەژێن " بڕیارماندا ئەم تەوەرەیە بگوازینەوە بۆ نێو (سایتی کوردستانپۆست ئینفۆ) و ( سایتی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان). بابەتی " دەوڵەت "، تەوەرەیەکی کراوەیە و هەر کەسێک کە خوازیاربێت بیروبۆچوونی خۆی لەسەر بنووسێتەوە، یان بۆچوون و ڕەخنەکانی خۆی لەسەر ڕوانگەی بەشداربووانی ئەم تەوەرەیە بنووسێتەوە، دەتوانێت بۆ هەردوو سایتەکەی بنێرێت.

دوایین شت کە پێویستە ئاماژەی پێبدەم، ئەوەیە کە ئەمەی لێرەدا دەیخوێننەوە، سەرەتایەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە چەمکی "دەوڵەت" و هیچ یەکێک لە بەشداربووانی ئەم تەوەرەیە، ڕوانگەی کۆنکرێتی خۆی و ئەنجامگیری تەواوەتی خۆی سەبارەت چەمکی " دەوڵەت " نەخستۆتەڕوو. بەهۆی دەستپێکردنی سەرەتایی باسەکەش، کۆمێنت و بۆچوونەکان پەرژوبڵاون و بە ناچاری پەل بۆ چەند کێشەی لابەلای دیکە دەهاوێژن، کە لەدەرەوەی تەوەرەی [ دەوڵەت و چەمکی دەوڵەت ]ن. بەو هیوایەی کە لە داهاتووی مشتومڕەکاندا، خۆ لە باسی لاوەکی بپارێزرێت.

**تاهیر ساڵح شەریف**

**١١ی ئازاری ٢٠١٣**

" دەوڵەت ... ئاشکراترین و دزێوترین دەسگەیەکە، کە بەتەواوی ڕەتکەرەوەی مرۆڤایەتییە. هاوپشتی نێوانی هەموو مرۆڤەکان [پیاوان و ژنان] لەسەر گۆی زەمین تێکدەشکێنێ و لەنێویدەبات، بەمەبەستی وردوخاشکردن و سەرکوت و کۆیلەکردنی ئەوانی دیکە [زۆرینە]، هەندێکیان لە کۆمەڵەیەکدا ڕێکدەخات ...

ئەم ڕەتکەرەوەی ئاشکرایەی مرۆڤایەتی، کە ناوەڕۆکی دەوڵەت پێکدەهێنێت، لە ڕوانگەی دەوڵەتەوە ئەرکی باڵاو و گەورەترین چاکەکاری ئەوە، لەسەر ئەو بنەمایە ئازاردان و ستەم و چەوساندنەوە و چەپاوڵ و تاڵانی و تیرۆری مرۆڤەکان [ژنان و پیاوان] دەکات، کە لە باری ئاساییدا ئەمانە تاوانن. لەلایەکی ترەوە لە ژیانی ڕۆژانەدا، لە ڕوانگەی نیشتمانپەروەرییەوە، کاتێك کە ئەمانە بە شکۆداریی دەوڵەت، تەواودەبن، بۆ پارێزگاریکردنی یا بەردەوامیدا بە دەسەڵات، هەموو ئەمانە دەگۆڕدرێن بە فەرمان و نیشاندانی چاکە و ئەم فەرمان و چاککارییانە دەبنە ئەرکی سەرشانی هەموو هاووڵاتییەکی نیشتمانپەروەر، چاوەڕوانی ئەوە لە هەموو کەسێك دەکرێت، کە هەر کات بەرژەوەندی دەوڵەت ئەوە بخوازێت، ئەوا نەك تەنیا دژی کەسانی بیانی، بەڵکو دژی هاووڵاتیانی خۆشی ئەنجامیانبدات.

ئەمە ئەوە ڕاڤەدەکات، کە بۆچی لە سەرهەڵدانی دەوڵەتەوە، دنیای ڕامیاریی هەروابووە و بەردەوامیش هەروا قۆناخێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بووە بۆ لەخشتەبردن و چەتەگەریی بێسنوور ..... ئەوەش ڕۆشندەکاتەوە، کە بۆچی سەرجەمی مێژووی دەوڵەتانی کۆن و هاوچەرخ تەنیا زنجیرەیەك بەگژاچونەوە و تاوان بوون، بۆچی پاشاو شالیارەکان لە ڕابوودوو لە ئێستادا لەهەموو سەردەمەکاندا و لەهەموو وڵاتێکدا – پیاوانی دەوڵەت، دیبلۆماسەکان، بیرۆکراتەکان ، شەڕکەرەکان -- ئەگەر لە ڕوانگەی مۆڕاڵی ئاسایی و دادپەروەریی مرۆییەوە دادگایی بکرێن، سەدان و هەزاران جار شایانی سزاواربوون بە کاری سەخت، یاخود لە سێدارەدانن. لێرەدا هیچ تۆقاندنێک، هیچ دڵڕەقییەک، هیچ سووکایەتییەك بە پیرۆزییەکان، یا گەواهیدانی درۆ، هیچ فریودانێك، هیچ هەڵسوکەوتێکی نەشیاو، هیچ دەستبڕینێك، هیچ تاڵانکردنێکی ڕووقایمانە، هیچ خیانەتێکی بێشەرمانە، هیچ یەك لەمانە ڕۆژانە، ئەگەر بەناو و لەلایەن نوێنەران و پیاوانی دەوڵەتەوە، نەبووبێت، ڕوویاننەداوە. ئەمانەی کە کراون، لەژێر هیچ ناوێکی دیکەدا نەکراون، بەڵکو تەنیا لەژێر ناو و پاساوی وشە ڕازێنراوەکان و

دڵخۆشکەرەکان، بەڵام هاوکات زۆر ترسناکەکاندا. "'for reasons of state.'" [Bakunin on Anarchism, pp. ١٣٣-٤]

*****************************************************

تێبینی : لە زمانی ئینگلیزیدا واژەی [man] بەواتای [پیاو] و هاوکات بەواتای [کەس/ مرۆڤ]یش دێت، بۆیە نووسەران لە ڕێکەکەوانەدا [ژن]یشیان داناوە، تاوەکو نەبێتە هەڵواردنی ژنان. هەروەها واژەی هاومرۆڤ [fellowman] لەبری هاووڵاتی بەکاربراوە، چونکە ئەنارکیستەکان دژی هەڵاواردن و ڕیزکردنی مرۆڤەکانن بەناوی هاوشاری و هاوولاتییەوە و هەموو مرۆڤەکان لە سەرتاسەری جیهاندا وەك یەك و هاوبەش لە شتەکاندا دەبینن. لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا واژەی هاومرۆڤ [fellowman] نەبووەتە باو و جێکەوتە نەبووە، لەبەرئەوە واژەی [مرۆڤەکان]م بەکاربردووە. و.ك

*****************************************************

*** **

دەوڵەتی کام چین ؟ دەوڵەت هەیە ناسنامەی چینایەتی نەبێت؟ پاشان مرۆڤ و مرۆڤایەتی ئەبستراکت ! ، مرۆڤی سەر بە چ چینێک ؟ ئایا دەوڵەت و مرۆڤی سەروو چینەکان یان موازی بە چینەکان هەیە؟ ، ئەوە باکۆنین هەڕەمەکی دەدوێت ؟ دەوڵەت لەژێر سایەی هەموو سیستمەکاندا ئامرازی سەرکوتی چینایەتییە بەدەوڵەتی سۆشیالیستیشەوە، بەڵام چۆن نامێنێت، میکانیزمی نەمانی چییە ؟ باکۆنین ڕێگای ئەوەی دیاری نەکردووە ، ئەویش وەکو سۆسیالیستە یۆتۆپییەکان تەنها خەون دەبینێت بە نەمانی دەوڵەتەوە ، هەر بۆیە لە دوای کۆمۆنەی پاریسەوە لەبەردەم مارکس فەشەلی هێناو تا ئێستاش کە سەدەونیوێک دەکات هەڵنەساوەتەوە.

**زاهیر باهیر**

دەستخۆش کاک ** بۆ کۆمێنتەکەت. من لێرەدا تەنها ٣ خاڵ دەخەمە پێشچاو. ١- ئەو کۆمێنتەی تۆ هەوێنی نووسینی چەندەها وتارەو کە ئەمەش لە فەیسبووکدا ناکرێت. ئازادیخوازان ، ئەنارکیستەکان دەیەها کتێبیان لەو بارەیەوە نوسیوەو ، هێشتا هەر بەردەوامن .کۆمەڵێک وتاری باش لەسەر نازەرووڕێتی دەوڵەت و بۆچی ئەوان دژایەتی دەوڵەتیان کردوە؟ کە بە دڵنیاییەوە دەڵێم لە دەرگای ئەو پرسیارانەی تۆش دەدات، لە ئینگلیزییەوە وەرگێڕراوە و تەنها ئەوەی ماوە کە لەگەڵ دەقە ئەڵمانییەکەیدا چێک بکرێت. ڕەنگە لە کۆتاییماننگی ٣ دا بڵاو بکرێتەوە. هەر کە ئامادە بوو من بە میلێک بۆت ڕەوانە دەکەم بەهیوام تۆ کاتت هەبێت بۆ خوێندنەوەی و دڵنیاشم کە بایی ئەوەی تێدایە کە تۆ سەرنجی خۆتی لەسەر بنوسیت، کە ئەمەش دەبێتە مایەی مستومڕێکی باش. من خۆم ئامادە باشی ئەوەم تێدایە کە بکەومە ناو ئەو ئەو گۆبەنەوە ، هەڵبەتە هاوڕێیانی ترش لە هەردوو ڕوانگەکەوە، ئەوانیش دێنە زمان. ٢- با واز لە مسەلەی تیوری بهێنین بەڵام کەسێک لەم دنیایەدا هەیە نمونەی دەوڵەتێکمان بداتێ لە : دینی، قەومی، لیبراڵ، دیمۆکراسی، دیکتاتۆری تا مارکسی و سۆشیالیستی کە بەلانیکەمەوە لە چەند ساتێکیاندا فاشی نەبووبێتن؟! بەلای منەوە فاشیەت مەیلی حوکمکردن نییە بەڵکو سروشتی خوودی دەوڵەت و حکومەتە. ٣- مەسەلەکان گۆڕاون ، کیبرکێکە تەنها لە نێوانی پرۆلیتاریاو سەرمایەداریدا نییە بە تەنها. لە هەقەتدا ئەمرۆ پرۆلیتاریا بەشێکی یەکجار کەمی کۆمەڵگەکان پێکدەهێنن. ئەمرۆ کێشمان کێشەکە لە نێوانی هەرە زۆربەو هەرە کەمایەتییەکەدایە، تەنانەت سروشت و ئاژەڵ و سەرجەمی گیانلەبەرانی سەر زەوی و ئاوی و ئاسمانی لەگەڵ ئێمەن دژی ئەو کەمایەتییەدان، چونکە سیستەمی سەردەم ئەوانی خراپتر ئیبادەکردوە لە پێناوی سوودو سەرمایەدا تاکو بەشەرییەت. منیش لەگەڵتام دەوڵەت نییە ناسنامەی یا ئامرازی چینایەتی نەبێت. واقیعەن هەر ئەمەشە کە دەوڵەت دەبێت دژایەتی بکرێت و وجوودی نەمێنێت، چونکە هەمیشە چین کەمایەتییە بە کۆمەڵگە، کەواتە چینێک کە کەمایەتییە حوکمڕانی زۆربەکەی تری دەکات، کە لەم حاڵەتەشدا گەر لۆجکانە تەماشای بکەین ، ئەو حوکمە ناتوانرێت بکرێت جگە لەبەکارهێنانی زوڵم وزۆرو ئەشکەنجەو تیرۆر. جارێکی تریش سوپاست دەکەم ەوەو دەستخۆشیت لێدەکەم.

.*** **

کاک زاهیر ڕەنگە من کاتی ئەوەم نەبێت داخڵی نووسینێکی دورودرێژ ببم دەربارەی ئەنارکیزم ، ئەوەندەش بێ ئاگا نیم لێی ، بەشی خۆم لەسەری خوێندۆتەوە ، من لە مەسەلەی دەوڵەتدا هاوڕاتم بەڵام بەرنامەی ئەنارکیستی بۆ نەمانی دەوڵەت خەیاڵییە ، ئینجا من بڕوام بە بوونی حزب هەیە ، بڕوام بە ڕێکختن سیاسی پرۆلیتاری هەیە نەک نەقابی ، من دەسەڵاتخوازم بەپێی پرنسیپەکانی ئانارکیزم ، بەبێ دەسەڵات وەرگرتن پرۆلیتاریا هیچ نییە ، رزگاری بەشەرییەت بە بزووتنەوەیەکی جیهانی ڕێکخراوی پرۆلیتاری دەکرێت کە لە قۆناغی یەکەمدا دەوڵەتی سۆسیالیستیی کرێکاران دامەزرێنێت و ، دوائاکام بە کۆمۆنیزمی بگەیەنێت .بۆیە یەکێک لە مەرجەکانی نووین لەم ڕووەوە شیکردنەوەی چینایەتییە ، باسی هەر شتێک دەکەین دەبێت بڵێین ( کام چین : پرۆلیتاریا یان بۆرژوازییەت ) ئیتر ئەوە دەوڵەت بێت ، حزب بێت ..هتد.

**هەژێن**
سڵاو هاوڕێیان، مشتومڕەکەتان خۆشە و سەرنجی ڕاکێشام و ئەم سەرنجانەی لەلای من بەجێهێشتن. ...

هاوڕێ (زاهیر)یش لە وەڵامی هاوڕێ (**)دا، بەهەمان تێڕوانین، چەمکی پڕۆلیتاریا بەکاردەبات، کە دەکاتە کرێکاری پیشەسازی و لەم بارەدا ڕاسدەکات، پرۆلیتاریا کەمینەیە، بەڵام پڕۆلیتاریا لە یۆنانی کۆنەوە بە واتای چینی ئەو تاکانەی کە خاوەنی سامان و دسەڵات نین یا کۆیلەی کەسانی دیکەن، کە لەم بارەدا هەموومان بە کرێکار و مامۆستا و فەرمانبەر و خوێندکار و خانەشین و بێکار و جوتیار و هەرجی ژێردەست هەیە، دەگرێتەوە؛ واتە هەموو ئەوانەی کە مافی بڕیاردانیان لەسەر ژیانی خۆیان و کاروباری کۆمەڵگە نییە. من پڕۆلیتاریا بەم واتایەی دووەم بەکاردەبەم ..

هاوڕێ **، لەوەتەی دەوڵەت سەریهەڵداوە، هەندێك کاری ئەنجامداوە؛ لەوانە وردوخاشکردنی ویست (ئیرادەی تاك) و متمانە بەخۆی، لەنێوبردنی پەیوەندی و بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی و جێگرتنەوەی بە دامودەزگە ڕامیارییەکان، ڕۆبۆتکردنی تاك و کوشتنی هەموو گیانێکی هەرەوەزیی و هارێکاریی و متمانەیەکی کۆمەڵایەتی، ڕێکخستنی ئابووری کۆمەڵگە لەسەر بنەمای خاوەندارێتی تایبەت و لە باشترین باردا خاوەندارێتی دەوڵەتی، لەنێوبردنی مۆڕاڵ و ڕێسای کۆمەڵایەتی و یاسای سروشتی، جێگرتنەوەیان بە مۆڕالی ڕامیاریی و یاسای دەستکرد، هەروەها کەڵەگایی بەسەر کۆمەڵگەوە و بڕیاردانی جەنگ و سازش و کوشتوبڕین و جینۆساید و داگیرکردن و تاڵانکردن و زیندانیکردن و لەسێدارەدان بەنێوی کۆمەڵگە و نەتەوە و چینەوە .. . ئایا دەتوانرێت و دەکرێت و بۆی هەیە وەها ئامرازێك ببێتە ڕێکخەری کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان و پارێزەری دادپەروەریی؟ هەروەها ئەگەر لە سەردەمی دەربڕینەکانی (گۆدوین شتاینەر و و پرۆدۆن و باکونین)دا هاوڕێ مارکسیستەکان، لەبەر نەبوونی ئەزموونی دەوڵەت لەلایەن پارتە کۆمونیستەکانەوە و بەنێوی پرۆلیتارباوە، توانیبێتیان ئەوان [ئەنارکیستەکان] بە خەیاڵپڵاو تۆمەتباربکەن، ئایا پاش ئەو هەموو کۆیلەکردنەی پرۆلیتێرەکان لەلایەن دەوڵەتی پارتە کۆمونیستەکانەوە لە (ڕوسیا)وە بۆ چاینا و کوبا و ڤێتنام و کۆریا و یوگوسلاڤیا و ئەلبانیا و ئەڵمانیا و هەنگاریا و بولگاریا و ... تد، ئەوە نالۆجیکی نییە و پاش ئەو هەموو ئەزموون و سەلماندنە مێژووییانەی دروستی بۆچوونی

ئەنارکیستەکانی پێش و پاش ئینتەرناسیونالی کرێکاری (یەکەم)، ڕاستی بۆچوونی ئەنارکییەکان ناسەلمێنێت ؟

بابەتێکی دیکە خەدری مێژوویە لەو سۆشیالیستە کەتوارییانەی کە بەداخەوە ئەنارکیستەکانیش وەك مارکسیستەکان بە یوتۆپی (خەیاڵپڵاو)یان ناودەبەن، کە بە بڕوای من لە هەموو سۆشیالستەکانی پێش و پاشی خۆیان کەتواربینتر بوون و بەکردەوەش سەلماندیان پرسی سۆشیالیزەکردنی کۆمەڵگە، پرسێکی ڕامیاریی نییە و تەنیا بە هەنگاوی کردەیی دەکرێت، سۆشیالیزم ببێتە سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە. ..

هاوڕ **، بەداخەوە لە دوا وەڵامتدا بۆ هاوڕێ زاهیر، بەجۆرێك دەرگەت لەسەر لێدوانەکە داخستووە. لە کاتێکدا کە هیچ یەك لە ئێمە ناتوانین بڵێین، من ئەوەم بۆ داهاتوو یا لە داهاتووشدا ئاوا دەبم، دەکرێت بڵێین من لەم ساتەدا ئاوا بیردەکەمەوە، چونکە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە خولەکێکی دیکە ئاوا بیردەکەمەوە، ڕەتکردنەوەی بنەماکانی بەردەوامی گۆڕانی مرۆڤە وەك ماددە. ..

**زاهیر باهیر**

کاک ** تکایە بمبەخشە گەر کۆمێنتەکەم، لای تۆ وای گەیاندبێت کە تۆ لەسەر ئەنارکیسزم هیچت نەخوێندۆتەوە یا هیچ نازانیت. من دڵنیام کە تۆ دە ئەوەندەی منت لەسەریان خوێندۆتەوە. لێتی ناشارمەوە تاکو ئەم دەقەیە من کتێبێکی یەکێک لە ئەنارکیستە بیردۆزە کۆنەکانم نەخوێندۆتەوە، من تەنها لێرە و لەوێ چەند وتارێکم خوێندۆتەوە. من کە ئیدیعای ئازادیخوازی و ئەنارکیستی دەکەم لە خوێندنەوەی شتەکانی ئەنارکیستەکانەوە نییە، بەڵکو لە بیرکردنەوەوەیەکی سەردەمێکی زۆرەوە کە پێموایە چەند ساڵێکی خایاند، هەروەهاش تەماشای ئەزموونەکانی هەموو پارتە چەپەکان و کۆمۆنیستەکان و نموونەی دەوڵەتەکانی بەلشەفی، تێکەڵاوبوونم بە بزوتنەوەی کرێکاران لێرەو نقابەکەیان، وایلێکردم کە من بە سەرجەمی بیروڕای خۆم و هاوڕێیانی دوور و نزیك و تەواوی ئەزموونەکانماندا بچمەوە بگەمە ئەم قەناعەتەی ئێستام، ئەمە جگە لەوەی کە من فکری ئەنارکیست بە ڕۆح و گیانی سروشتی خودی مرۆڤ دەزانم کە گیانی یاخیبوونی تێدایە، حەزی بەوە نییە کە نەسیحەت و ئیرشادات بکرێت، حەزی بە ئازادییە و دژی کۆنترۆڵکردنە، حەزی بەوەیە کەکەس بڕیاری بۆ نەدات خۆی خاوەنی بڕیارەکانی بێت. هەر هەمووومان کە گەنج بووین ئەمانەمان تیادا بووەو خاڵی هاوبەشیمان بوون لەگەڵ یەکتریدا. گەر من بچمە جەدەلی دەوڵەت و پارت و سیاسەتەوە باوەڕناکەم پەنا بۆ تەنها بڕگەیەکی یەکێک لەو ئەنارکیستە ناودارانە، بەرم، مەگەر تەنها لە دوو بوواردا کە یەکەمیان ئاماژە بە ئامارەکانەو ئەوی تریان هێنانەوەی ئەزموونەکانی سەردەمی ئەوانن. من باوەڕم وایە نابێت هەوڵبدەین تیورەکان بسەپێنین بەسەر کۆمەڵگەو چینەکاندا، بە یەک وشە واقیعدا، بەڵکو دەبێت تیورەکان و بیرۆکەکان لە واقیعەوە هەڵهێنجین. هەروەکو خۆتیش دەزانیت باشترین بەڵگەنامە گەڕانەوە بۆ واقیعە، لەبری گەڕانەوە بۆ بڕگەی ناو کتێبەکان ئیدی ڕابوردوو یا ئێستا، گرنگ نییە.

لە کۆتاییدا وەکو ئەو هاوڕێیەش پێشتر وتی، تۆ دەرگات لەسەر مشتومڕەکان داخست، کە ئەمە بێئومێدی لای من دروستکرد چونکە من هەمیشە ڕام وایە کە تۆ یەکێکی لە هەرە ڕۆشنبیرەکان و بە ئەقڵ و سەلیقەی زۆرو قوڵەوە دەچیتە ناو کێشەکان، پرسەکانەوە و لێکدانەوەکانت شایانی خوێندنەوە و بەهەند وەرگرتنن. با ئەوەش بڵێم، من خۆم هێشتا بەدوای حەقیقەتدا دەگێڕیم بۆیە تامەزرۆی مشتومڕ و ڕاگۆڕینەوەم لەگەڵ هەمووتاندا. هەڵبەتە تۆش ئازادیت لە بڕیارەکانتا. خۆشی و تەندروستی باشت بۆ دەخوازم.

.*** **

سوپاس هاورێیان بۆ وەڵامەکانتان ، وەڵامەکان دیسان لەسەر دەوڵەت تەرکیزیان کردووە ، کە هاوڕاتانم لەسەر ماهییەتی دەوڵەت بەڵام + ناسنامە چینایەتییەکەی . ئێوە باس لەدەوڵەت بە گشتی دەکەن ، من پێموایە دەوڵەت ناسنامەی چینایەتی هەیە و سەرکوت بەشێکی کارێتی ، بەڵام کێ سەرکوت دەکات ؟ ئەوە مەسەلەکەیە ، لەلایەکی ترەوە من دەبینم کۆمۆنیستەکان تەجروبەیەکیان هەیە لە پێکهێنانی دەوڵەتی چینایەتیدا ، دیارە ئەو تەجروبەیە فەشەلیکرد بەڵام دەستکەوتیشی لە سەرەتادا هەبووە و دەکرێت بۆ دوارۆژ سوود لەو تەجروبەیە وەربگیرێت بۆ دەورەیەکیتری تێکۆشان دژی سیستمی سەرمایەداری ، ئەو سیستمەی بە تێکۆشانی منظم ، بە خۆڕێکستن ، بە حزبی تکۆشەرو جەماوەیی پۆڵایین دەڕووخێت ، من تا ئێستا نازانم بەبێ دەسەڵاتی سیاسی چینی پێشڕەوی کۆمەڵگا چۆن دەتوانین مەرجەکانی کۆمەڵگای ( بێ چین و بێ حزب و بێ دەوڵەت ) بەدیبهێنن ئەنارکیستەکان بەرنامەیەکی رۆشنیان بۆ ئەوە نییە ، ئەوان دەسەڵاتخواز نین ، واتە دەسەڵاتیان ناوێت ، بۆیە بە عەمەلی ئەبێت دەسەڵاتی سیستمی سەرمایە دەستکارینەکەن ،ئەم جیهانە بەرینە چۆن دەگاتە کۆمۆنیزم کە تۆ بەرنامەی رووخاندنی سەرمایەو چۆنیەتی رێکخستنەوەی کۆمەڵگای گواستنەوەت پێ نەبێت . من دەرگاشم لەسەر ئەم مەسەلەیە دانەخستووە ، بە پێچەوانەوە دەرگایەکم کردەوە کە ئێوە بتوانن لێی بچنە ژوورەوەو بەرنامەی تەفصیلی و عەمەلی ئەنارکیستی بخەنە بەردەمی خەڵکی کوردستان و میکانیزمی نەهێشتنی دەوڵەتیان پێ بڵێن لە سەرانسەری جیهاندا ، من بەرنامەی ئەنارکیستەکان بە بەرنامەیەکی خەیاڵیی دەزانم کە ئەگەری بەدیهێنانی نییە ، بۆیە وەک هەر کەسێکیتر چاوەڕوانی نووسینەکانتان دەکەم و هەر کاتێک قەناعەتمکرد دڵنیابن بێ سێو دوکردن پێیەوە پەیوەست دەبم.

**هەژێن**

سڵاو هاوڕێ **، پرسەکە لەسەر قەناعەتکردن بەیەکتر نییە، نەخێر من بۆخۆم و لە هاوڕێ (زاهیر)یش دڵنیام کە نیازی شتێکی ئاوای نییە، بەڵکو هەوڵدانە بۆ مشتومڕکردن و بۆچوونگۆڕینەوە و دەرگەئاوەڵاکردن بەڕووی کۆمەڵێك پرسدا، کە بەداخەوە بەستەڵەکیان بەستووە. هەروەها وەك هاوڕێ زاهیر دەڵێت "پرسەکە لەسەر دروستی و نادروستی ئەم و ئەو نییە" بەڵکو لەسەر دەربڕینی بۆچوونی کەسیی خۆمان و بەشکردنیەتی لەتەك هاوەڵەکانی فەیسبووکدا .. . با ئاوای دابنێین، کە لە مێژوودا ئەنارکیستەکان بوونیان نییە، ئەی دەبوو من و تۆ و ئەوانی دیکە لەبەردەم شکستخواردنی بەکردەوەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی لەسەردەستی سۆشیالیستە دەسەڵاتخوازەکان چیمان بکردایە؟ ئایا ئەرکی من و تۆ و ئەوانی دیکە نییە، کە لەو شکستانە وردبینەوە و لە دەرەوەی بۆچوونە باوەکانەوە بۆ ئەڵتەرناتیڤ بگەڕێین؟

بە بۆچوونی من ئەو لێدانەی کە بۆلشەڤیزم لە ١٩٠٥ه تا ١٩٨٩ لە بزووتنەوەی سۆشیالیستی و کرێکاری داوە، هەموو دەوڵەتەکانی بۆرجوازی لەوەتەی سەرمایەداری هەیە، تا ئەمڕۆش نەیداوە. چونکە بۆلشەڤیکەکان بە ڕابەرایەتی لێنین [نەك تەنیا ستالین و دواتران] دەسکە دارینەکەی تەورەکە بوون لە بڕینەوەی دارستانەکانی شۆڕشدا تا ئێستاش هەر دەسکەتەورن .

ئەوەی کە تۆ بەبێ دەوڵەت، ناتوانیت وێنای کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بکەیت، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یەکەم وەك زۆربەی هاوڕێ مارکسیستەکان شۆڕش بە ڕووداوێکی کتوپڕ و دیارێکراوی ماوەیی دەزانیت، بۆیە لەوەها بارێکدا تاکی پەردەوەری سیستەم و کولتووری بۆرجوازی [مشەخۆری] لە بەرەبەیانی کۆمەڵگەی سۆشیالیسیدا وەك جانەوەری چاوچنۆك دێتەبەرچاو و ناچار بۆ ڕاگرتن و سۆشیالیزەکردنی پێویستت بە دەوڵەت و دامودەزگە سەرکوتگەرەکانی دەبێت. بەڵام ئەگەر شۆڕش بە پرۆسێسێکی مێژوویی لە بەرەبەیانی مرۆڤایەتییەوە تا دواساتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بزانیت، ئەوا ئەو شتانەی بە شۆڕش ناویاندەرکردووە، دەبنە ڕاپەڕین و بەرمەڵستاری لە ڕوەتی شۆڕشدا و زۆر ئاسایی هەر لە هەناوی ئەم سیستەمەدا، ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکانی پرلیتاریا، لە خوارەوەرا وەك فێرگەیەکی سۆشیالیستی، تاکەکان بە کولتووری سۆشیالیستی پەروەردەدەکەن و لەنێو خۆیاندا [لە ماڵە هاوبەش و هەروەزییەکانیاندا، لە کارگە و فرۆشگە و کێڵگە

هەرەوەزییەکاندا] بەپێی توانا سۆشیالیزم ئەزموونەکەن و وەك هاوڕێ زاهیر دەڵێت " لەوێوە تیئۆرییە شۆڕشگێرییەکانیان سەرهەڵدەدەن...".

تکایە ئەم دوا ڕستەمە وەك خۆی لێ وەربگرە؛ سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان خەریکن لەم سیستەمەدا ڕۆژانە خشت بە خشتی ئەم سیستەمە دەدەنە بەر ڕەخنە و بە کردەوە لە هەرەوەزیی ژیاندا هەڵیدەگێرنەوە، ڕێك بە پێچەوانەی ئەندامانی نووسینگەی ڕامیاریی پارتە کۆمونیستە زۆر و زەبەندەکانەوە، کە لە ئەوروپا خاوەنی پیتزەری و ڕیستورانت و قاوەخانە و فرۆشگەن و ئەندامانی پارتەکانی خۆیان و کرێکارانی کۆچەر بە کرێیەکی زۆر کەم بەکرێدەگرن و دەیانخەنە خزمەت سیستەمی کاری کرێگرتەوە و لەسەر ڕەنجی ئەوان، سەرمایەی دراوی پێکەوەدەنێن و لەولاشەوە لەسەر چالاکی و خەباتی لێبڕاوانەی ئەندامانی پارتەکانیان، ناووناوبانگ دەردەکەن و وێنەی خۆیان لەبەردەم وێنەکانی مارکس و ئینگلس و لێنین و ترۆتسکی و ستالین و مائۆتسی تۆنگ و جیڤارا و پەخشان و تەخشان دەکەن.

هاوڕێم، ئەنارکیستەکان کەتوار لە قاڵبی تیئۆری نادەن، بەڵکو تیئۆرییەکان لە ئەزموونکردنی خەباتدا لە کەتواری ئەم ساتەدا بەدەستدەهێنن، هەروەها ئەنارکیستەکان بەرنامەی ڕامیاری دانارێژن، چونکە، یەکەم، ڕامیاریی و دەسەڵاتی ڕامیاریی ئامراز و چەکی ڕاگرتنی کۆمەڵگەی چینایەتین و دووەم، ئەنارکیزم بە واتای سۆشیالیزمی ئازادیخوازانە بەخۆی بەرنامەی ژیانە و کاتێکیش کە ژیان لە قاڵب بدرێت، ئیدی تەنیا تابووتێك لە چەشنی دەوڵەتی بۆلشەڤیکی و ماوی و کاسترۆییمان بۆ دەمێنێتەوە.

ئەگەر ئێمە ئەو شکستانەی کە لەسەر دەستی سۆشیالیستە دەوڵەتخوازەکان بەسەرماندا هاتوون، بەهەند وەرنەگرین و دووبارە لە هەوڵی چێکردنەوەی دەوڵەتێکدا بین لە جێی دەوڵەتێکی دیکە، ئەوا وەك هەر دەستەیەکی دیکەی مەزهەبی لە جیهانی خەیاڵدا خەریکی چێکردنی بەهەشتێك دەبین، کە لە جیهانی کەتوارتیدا بێجگە لە پیرۆزکردنی دۆگمەکان، هیچی دیکە بەرهەمناهێنێتەوە!

دەکرێت لە زنجیرە وتارێکی دوورودرێژدا بچینە پای شێوازی خەباتی ئەنارکی و شێوە و بنەمای کۆمەڵگەی ئەنارکی و چۆنیەتی پێکهاتنی کۆمەڵگە ئەنارکییەکان، بەڵام بەداخەوە ڕوونکردنەوەی کۆمەڵگەی ئەنارکی کە ڕەتکردنەوەی سەراپای کۆمەڵگەی چینایەتی چەند هەزار ساڵەیە، لە وەلامی کۆمێنتێکی فەیسبووکدا ئاسان نییە، هەر بۆیە لەمەڕ هەڵەی داڕشتن و ڕێنووسی نێو سەرنجەکانیم، داوای لێبوردن دەکەم، چونکە بواری نووسین لە فەیسبووکدا هەر ئەوەندەیە .

**تاهیر سالح شەریف**

سڵاو هاوڕێیان ... من بەهۆی کەمی کاتەوە بە خێرایی سەرنجمدایە سەر تێکستەکان و مناقشەکانتان. بە هەموو جیاوازی تێگەیشتنمانەوە دەربارەی سەرمایەداری و سۆشیالێزم، بەڵام ئەم مناقشانە زەرورین.

هەمووومان لەسەر ئەوە کۆکین کە ڕژێمی سەرمایەداری، ڕژێمێکی ناعادلانەیەو سەرئەنجام بڕوامان بەوە هەیە کە دەبێت ئەم ڕژێمە لەناوببرێت و سیستەمێکی دیکە بۆ ژیان بێتە کایەوە کە مرۆڤەکان تێیدا بە یەکسانی بژین و کەس ئاغا و ڕەعیەت، یان کۆیلە و کۆیلەدار نەبێت تێیدا. ئەو سیستەمەش، شتێک نییە جگە لە سیستەمی کۆمۆنیستی.

من پێم وایە تیۆریسانی کۆمۆنیزم، لە سان سیمۆن، فۆریە، پرۆدۆن، باکۆنین و مارکسەوە بگرە هەتا دەگات بە نەوەکانی دوای خۆیان، هەموویان لە سیستەمی سەرمایەداری ناڕازین و تەئکید لەسەر سیستەمێکی نوێ و عادیلانە دەکەن. لەم ڕووەوە من بڕوام وایە کە هەموو لایەک لە خاڵی ئەنتی کاپیتاڵیزمدا یەکدەگرنەوە، بەڵام لە خاڵی گەیشتن بە کۆمەڵگەی پۆست کاپیتاڵیزم [ کۆمۆنیزم ] دا لێکجودا دەبنەوە و ناکۆکییەکان لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدات. هیچ یەکێک لە تیۆریسێنانی سۆشیاڵیزم ژیانی داهاتووی لە کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی پاش سەرمایەداریدا لە قاڵبی بەرنامەیەکی موقەدەس، موتڵەق و شێوە دینی نەداوە [ وەک ئەوەی لە تێکستێکی هاوڕێ هەژێندا بەرچاوم کەوت ]، بەڵکو ئەوان تەنها تیۆرییەکیان لە بارەی کۆمەڵگەی پۆست سەرمایەدارییەوە خستۆتە ڕوو، تیۆرییەک کە بەهیچ شێوەیەک نەچوونەتە ناو تەفاصیلاتەکەیەوە..... .

لەو نووسینەی پێشەوەی باکۆنیندا، کە هاوڕێ زاهیر بەشێکی لێکردۆتە کوردی، شتێک دەربارەی کۆمەڵگەی دوای سەرمایەداری ناڵێت. باکۆنین لەو نووسینەدا تەنها لە سیاسییەکان و دەوڵەت توڕەیە، بەڵام میکانیزمێک دەربارەی نەمانی دەوڵەت، یان ئەڵتەرناتیڤی " دەوڵەت " پێشنیار ناکات. گریمان هاوڕا بووین لەگەڵ باکۆنیندا دەربارەی ناوەرۆکی نووسینەکەی، بەڵام با کۆنین پێمان ناڵێت چۆن دەوڵەت [ بە هەمان تعاریف و پێناسەکانی ئەو ] لەناو ببەین و دوای دەوڵەت چی؟!... لە نووسینە کورتەکەی باکۆنیندا وەڵامێکی ئەو پرسیارەمان دەست ناکەوێت و ئەگەر مرۆڤ لە هەمان تێگەیشتنی باکۆنینەوە،

بنەمای کار بۆ کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دابڕێژێت، تەنها خۆی تووشی پاسیفیزمێکی تورە بەرانبەر بە دەوڵەت و سیاسییەکان دەکات و تەنها لە شوێنی خۆیدا مراوەحە دەکات....!

سەبارەت بە [ پرۆلیتار ] بوونیش، کە لە تێکستێکی هاوڕێ زاهیردا بەرچاوم کەوت، مارکس لە دوو دەقی خۆیدا، ئەو تێگەیشتنە هەڵەیەی هاوڕێ زاهیر لەمەڕ پرۆلیتار بوون، کە پێی وایە پرۆلیتاربوون تەنها کرێکارانی پیشەسازییە، ڕاست دەکاتەوە. مارکس هەم لە مانیڤێست و هەم لە نووسراوی کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنەکەیدا، بۆچوونی وایە کە لە قەشەیەکەوە بگرە تا دەگاتە مۆسیقار و زانایەک، ئەوانە هەموویان کۆیلەی کرێگرتەن لە شێوە و سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا، واتە هەمان لە ٩٩%، کە دروشمی وڵستریتییەکان بوو، بە کرێکاری کرێگرتە ناو لێدەبات.... هەروەک وتم لەبەر کەمبوونی کات و بەپەلە خوێندنەوەی تێکستەکان، نەمتوانی سەرنجەکانم لەسەر گشت باسەکەتان بنووسمەوە و بەوهیوایە کە ئەم جۆرە پۆلیمکانە درێژەیان هەبێت.

*** **

دەستخۆش هاورێ تاهیر، راستت پێکاوە کە ئێمە خاڵی ناوکۆییمان هەیە سەبارەت بە سیستمی سەرمایەداری، بەڵام چۆن ئەو سیستمە لەناودەچێت ، ئەوە خاڵی جیاوازییە ، دیارە باکۆنین شیوعییەکی تێکۆشەرو زۆر ئەکتیڤی سەردەمی خۆی بووە و لەو پێناوەدا چەرمەسەری زۆری بەسەردا هاتووە، بەڵام سەبارەت بە چۆنیەتی لەناوبردنی سەرمایەداری باشی نەپێکاوە و خۆی و شوێنکەوتووانی لە ئینتەرناسیۆناڵی یەکەمدا دەورێکی سکتاریستانەی رێکخراوەییان دیوە و بزووتنەوە کرێکارییەکەی ئەو سەردەمەیان بە پارچە پارچەیی هێشتۆتەوە کە ( ئێستا بە عەمەلی هەمان مەترسی هەیە لەلایەن شوێنکەوتووانی ئەمرۆیەوە )، ئەو ئیعلانی ئەنتی دەوڵەتی کردووە بە شێوەیەکی ئەبستراکت : دەوڵەت بەبێ بوعدە مێژووییەکەی، هەروەها دەوڵەت بەبێ ناسنامە چینایەتییەکەی، بۆیە کە هاورێیانی ئەنارکیست باس لە نەهێشتنی دەوڵەت دەکەن تەنها لە ستراتیژ دەدوێن، بەڵام پێمان ناڵێن تاکتیکی عەمەلی بۆ نەهێشتنی دەوڵەت چییە، خۆ ئێمەومانانیش دەزانین ماهییەتی دەوڵەت لەسایەی هەموو سیستمەکاندا سەرکوتکردنی چینایەتییە، بۆیە دەبێت نەمێنێت و ئەوە حوکمی مێژووشە بەڵام چۆن نامێنێت ؟ ئەوە کرۆکی پرسیارەکەیە. ئایا لە دنیای ئەمرۆدا ( دنیای سەرمایەداری ) مومکینە ؟ ئایا ئەوە قەڵەمباز نییە بەسەر واقیع و مێژوودا، ئایا ئامادەکردنی پێداویستییەکانی لە ئارادایە ؟ یان دەبێت " نەخشە رێگای" هەبێت بۆ هێنانەدی ، من ئەو نەخشە رێگایە بە دامەزراندنی دەوڵەتی سۆسیالیستی کرێکاران دەزانم لە دوارۆژدا لەگەڵ ناسین و دەستنیشانکردنی هەموو ئەو نەهامەتیانەی بەسەر بەشەرییەتدا هات لە سایەی دەوڵەتە سۆسیال بۆرژواو سەرمایەدارییە دەوڵەتییەکاندا کە سەرلەپاکیان هەرەسیان هێنا.

**زاهیر باهیر**

سوپاس هاوڕێ تاهیر کە هاتیتە ناو جەدەلەکەوەو بەهاو وەزنەکەیت زیاد کرد. من لەگەڵ هاوڕێ هەژێندا تا ڕادەیەکی زۆر هاوڕام و تێبینییەکی وام نییە لەسەر کۆمێنتەکەی، جگە لە وشەی چینی کرێکاران نەبێت ، کە دواتر لەسەر کۆمێنتەکەی هاوڕێ تاهیر بەکورتی شتێک دەڵیم.

هاوڕێم کاک ** سەبارەت بە کۆمێنتی پێشترت. ڕاست دەکەیت کە لێدوانەکەی ئێمە لە مەداری دەوڵەتدا دەخولێتەوە، بەڵام بەڕای من ئەمە ڕۆح و جەوهەری هزری ئەنارکیسزمە کە دژی دەسەڵاتەو دەوڵەتیش بەشێکی یەکجار گەورەی ئەو دەسەڵاتەیە. زۆر زۆر زەروورە کە مەسەلەی دەوڵەت لەلامان لابەلا بێتەوە، چونکە هەرە زۆرینەی هاوڕێیان بەدەر لە دووری و نزیکیمانەوە لەیەکتری، حیزب و دەوڵەت لایان زەروورە بۆ تێپەڕکردنی ئەم قۆناغە بۆ قۆناغی سۆشیالیزم ، کۆمۆنیزم. ئەوەتا تۆش پێ لەسەر ئەوە دادەگریت کە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی پرۆلیتاری زەروورە بۆ گەیاندن بەو قۆناغە، کە لەکتێکدا، ئەزموونی ١٠٠ ساڵەی ڕابوردوومان ئەو تیورەی فەشەل پێهێناو سەلماندی کە دەوڵەت شتێک نییە جگە لە ئامرازی حوکمی چینایەتی. من ئەمەم بۆ قوت ناچێت، پرۆلیتاریا کە حوکم دەکات ، بەسەر کێدا دەیکات؟ خۆ گەر بەسەر پاشماوەی بورجوازیدا دەیکات، ئەو کات پێویستی بە هەبوونی هەموو دەسگە ئابوری و سیاسی و میلیتەری و سیخوری میدیای شەڕەنگێز و هتد هەیە هەروەک هەموو دەوڵەتێکی تر لە ڕابوردوو لە ئێستادا، ئەوکاتە هەموومان دەزانین چی دەبێت و چی ڕوودەدات و پاشەڕۆژ بەرەو کوێ دەڕوات. لۆجیك و واقیع قەبوڵی ناکات کە کۆمەڵگە بگاتە قۆناغی سۆشیالیزم/ کۆمۆنیزم ، لە ڕێگەی دەوڵەتەوە. بەڕای من لە ڕێگای دەوڵەتەوە ناگەینە ئەو قۆناغە، بۆیە گرنگە کە قسە لەسەر دەوڵەت بکەین ، بەڵام چۆن دەوڵەت ناهێڵین ئەمەیان جەدەلێکی ترە. لای ئەنارکیستەکان شۆڕش، شۆڕشی هەموو خەڵکە دژی کەمایەتییەکی زۆر کەم، هەروەکو هاوڕێ هەژێنیش وتی ئەم شۆڕشە بەردەوامەو هەموو ڕۆژێکە، هەموو دەقەیەکە، بەڵام ئەم شۆڕشە دەبێت لە بنی کۆمەڵگاوە دەست پێبکات ، بە ئامادە بوونی خەڵکی و هاوکاریان لە هەموو شوێنێکدا و خۆڕێکخستنیان دژی دەسگە بیرۆکراسییەکانی دەوڵەت و ناو کۆمەڵگە تاکو داخوازییەکانیان و گێڕانەوەی هەموو بڕیارەکان و دەسەڵاتەکانە بۆخۆیان، مەیسەر دەکەن، بەمشێوەیە لەهەمان کاتیشدا دژی هەموو چەشنەکانی دەسەڵات، دەجەنگن. من نامەوێت لێرەدا زۆر لەسەر ئەمە بڕۆم چونکە

من به درێژی له چەند وتارێکمدا لەسەریم نوسیوه، تەنها ئەوەنده دەڵێم که هەرەوەزیانه لەو بوارانەدا بڕیارەکان دەدەن و هەر به هەرەوەزیانەش کاری لەسەر دەکەن. دیاره پارت یا حیزب ئەمانەی بۆ ناکرێت و هەمیشەش ئەوان خولیای دەستکەوتنی دەسەڵاتن. حیزبچێتی و حیزبگەرێتی بزوتنەوەی خەڵکی نین و بگره لێدانه لەو بزووتنەوەیه، له هەموو شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕووداوەکان و بەڵگەنامەکان شاهیدن بەتایبەت که دەستیان گەیشتۆته دەسەڵات. من دەزانم ناکۆکییەکی گەوره هەبووه له نێوانی مارکس و باکۆنین دا تەنها سەبارەت به دەسەڵات، دەوڵەت، بەڵام مارکسیش لەو بوارەدا سکتاریانه ڕەفتاری لەگەڵ هەرکەسێک که لەگەڵ بیری ئەودا نەهاتبێتەوه، کردوه، تۆ لەمن باشتر دەزانیت ئه و چی کردوه به برۆدۆن له بوئسی فەلسەفەدا. من باوەڕم بەوه نییه که نێونەتەوەی کرێکاران چ لەسەردەمی مارکس و چ دوای ئەویش، بووبێت. ئەوەی که بووه نێونەتەوەیی خودی ئەو خەڵکانه بووه و هەروەها حیزب و ڕێکخراوەکانیان، نەک کرێکاران، هیچ جیاوازییەکی لەو ڕووەوه نەبووه لەگەڵ نیونەتەوەیی ٣ هەم ٤ هەمیشدا. له کۆتاییدا دەڵێم ئێمه دەتوانین قسه لەسەر ئەوه بکەین که چۆن دەوڵەت لەناو بچێت بەڵام ئالەم دەقیەدا ئەوه گرنگه که بزانین بۆچی دەوڵەت به هەموو جۆرەکانییەوه کۆسپ و بەستن له ڕێگای بەدیهێنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیزمدا

**هەژێن**

هاوڕێ زاهیر، تێبینییەکەت لەبارەی سەرنجەکەی منەوە لەسەر چینی کرێکار لەبیرچووە ؟ ....

هاوڕێ تاهیر، منیش لەسەر هاوبەشیی ئەنارکییەکان و مارکسیستەکان لە دژایەتیکردنی سەرمایەداریدا هاوبۆچوونی ئێوەم. بەڵام مادامەکی ئێوە شکستەکانی بیرۆکەی دەوڵەت و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بەهەند وەرناگرن و خوازیاری چەندبارەکردنەوەیانن، با لە جێیەکی دیکەوە بۆ پرسە بڕۆین؛ وەك دەزانین لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییدا بەگشتی و لە کوردستانەکەی خۆشماندا، ناوچە و گوند هەبوون، کە بەبێ بەگ و دەسەڵات، لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی کۆمەڵایەتیی ساڵانێکی دوورودرێژ ژیاون و کۆمونەکان بە درێژایی مێژوو لە زۆرێك لە کۆمەڵگەکاندا هەبوون و من لەو بارەوە، سەرنجتان بۆ پەرتووکی [الاشتراکیة والشیوعیة من ٥٠٠ قبل المیلاد الی ما قبل مارکس- نذیر جزماتي] ڕادەکێشم و هیوادارم پەیدای بکەن و ئەگەر بۆشتان بکرێت، بیکەنە کوردی. هەروەها لە بەرامبەردا وەك لە سەرنجی پێشووتردا وتم، لە (ڕوسیا)وە بۆ چین و بۆ ئەمەرێکای لاتین و بۆ ئەوروپا و بۆ ئەفەرێکا، بینەری تراجیدیای دەوڵەتی کۆمونیستی و دیکتاتۆری پارت بەناوی پرۆلیتاریاوە بووین و دیتمان کە چۆن بۆچوونەکانی باکونین دەقاودەق دەرچوون و نەك هەر دەوڵەت بەرەو لاوازی و پووکانەوەی خۆبەخۆیی نەچوو، بەڵکو بەپێی سروشت و پێداویستی بوونی و میکانیزمەکانی پاراستنی خۆی، ڕووی دیکتاتۆرییەکانی پێش و پاش خۆی سپی کردەوە!

ئایا بەبۆچوونی ئێوە ئامادەکاریی توێژەکانی پرۆلیتاریا لە خەباتی ڕۆژانەدا و لەسەر بنەمای ڕێکخستنی سەربەخۆ و خەباتی ڕاستەخۆی چینایەتی و پەروەردەی کولتووری سۆشیالیستیی چەوساوان بۆ گرتنەدەستی کاروبارەکانی خۆیان لە خۆبەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی خۆیاندا خەیالپڵاوی و ئەستەمە، یا دروستکردنی دەوڵەتێك بە دەزگەی بیروکراتی و سیخوڕیی و میلیتێری و توێژی ئوروستۆکراسی فەرمانڕەواوە و دواجار توانەوەی پەشمەکیانەی وەها دەزگەیەك خۆبەخۆ و خۆبەخشانە، تکایە وەڵام کامیان ئەستەم و خەیاڵپڵاوییە؟

ئەگەر بەدیهاتنی کۆمەڵگە هەرەوەزییە ئازادە پرۆلیتێرییەکان لە پرۆسێسێکی هوشیاربوونەوە و خۆڕێکخستنی چەوساواندا دەیان ساڵ خەباتی خەباتی جەماوەریی و هونەری و کولتووری و ڕۆشنگەریی وەك پیشمەرجەکانی شۆڕشی کۆمەڵایەتی بخایێنێت، ئەوا ئەو دەوڵەتە بەناو سۆشیالیستییەی کە لە شەوڕۆژێکدا بە پیلان و کودەتای سەربازی و پارتیی دێتەسەر تەخت،

ئەگەر سەدەیەك خەبات بۆ ڕووخاندنەوەی پێویست نەبێت، بێگومان ٧٠ ساڵ مەرگەسات و لەخوێنگەوزانی پێویست دەبێت!

هاوڕێیان، ئەوەی من دەیڵێم لە حەز و گۆشەگیریی و هەوڵی تیئۆری (باکونین و ڕۆکەر)ەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بەرەنجامی ئەزموونی زیاتر لە (١٨٠) ساڵی مرۆڤایەتی هەیە، بەداخەوە ئەزموونێك کە پرۆلیتێرەکانی لە تاکی شۆڕشگێڕەوە گۆڕی بۆ تاکی نادەربەست و نائومێد و تەنانەت ئەگەر سەرنجی ڕەوتی نیئۆنازیستی و فاشیستی و ڕاسیستی وڵاتانی بەناو بلۆکی سۆشیالیستی جاران بدەین، ئەوا دەوڵەتە بەناو سۆشیالیستییەکان، تەنیا نیئۆنازیزمیان بەرهەمهێناوە، ئەمە سەرەنجامێکی خەمناکە، بەڵام ناتوانین خۆمان لەو ڕاستییە لابدەین. ئەمە ئەنجامگیری منە و ئەزموونەکان و مێژووی ڕەوتی دەسەڵاتخوازی نێو بزاڤی سۆشیالیستی لە سەردەمی ئینتەرناسینالی یەکەمەوە تا ئەمڕۆ، دیسان بەداخەوە تەنیا ئەم ڕاستیانەمان دەخەنە بەردەست.

هاوڕێ **، بەداخەوە پێداگریت لەسەر سکتاریستبوونی ئەنارکییەکان لە ئینتەرناسیونالی یەکەمدا، تەنانەت نووسینەکانی (مارکس و ئینگلس)یش ناتوانن پشتیوانی لێبکەن، چونکە نووسین و شەڕە قسەکانی ئەو کاتی نێوان ئەو دوو باڵەی نیونەتەیی یەکەم، پێچەوانەی پێداگرییەکەی تۆن. هەروەها بۆ من گرنگ نییە، کێ ڕاستی وتووە و کێ ڕاستدەکات؟ لای من ئەوەی گرنگە، ئایا سۆشیالیزم لە دەوڵەتدا دەگونجێت یا نا؟ پرۆلیتاریا دەتوانێت دیکتاتۆر بێت یا نا؟ ئەو دەوڵەت و دیکتاتۆریەی کە کۆمونیستە مارکسیستەکان پێداگری لەسەر دەکەن؛ دەوڵەت و دیکتاتۆری پرۆلیتاریان یا هی پارتە کۆمونیستەکان؟ ئەی ئەزموونەکانی سەدەی بیستەم لەم بارەوە چیمان بۆ دەخەنەڕوو؟

**زاهیر باهیر**

هاوڕی تاهیرجارێکی تریش سوپاس بۆ هاتنە ناو جەدەلەکەوە. من لێرەدا تەنها دوو شت دەڵێم یەکەم لەبەر ئەوەی لە سەرنجدانی کۆمێنتەکەی کاک **دا شتێکم وتوە ڕەنگە تا ڕادەیەک شمولی سەرنجەکەی تۆش بکات. دووهەمیش هاوڕێی خەمی نان و....هەندێک شتی وتوە کە من دەم ویست بیلێم، ماڵی ئاوا بێت ، ئەرکی لەسەر من کەم کردەوە. بەهەرحاڵ خاڵی یەکەمم منیش تا ڕادەیەک ، دەڵێم تا ڕادەیەک لەگەڵ ڕاکەی مارکس دام سەبارەت بەپێناسەکەی مارکس بۆ پرۆلیتاریا، بەڵام ئێستا شتەکان گۆڕاوە، چونکە ڕاستە ژمارەی پرۆلیتاریا گەر هی زەوی و زەرەکان و بیناسازی و دەستغێرەکان و خەڵکانێکی مووچە کەم یان بدیتە پاڵ ، زیادی کردوە بەڵام لە هەمان کاتیشدا سیستەم سەردەم بە تایبەت لە وڵاتانی ئابووری گەشیکردوودا ژمارەیەکی یەکجار لە چینی ناوەڕاستیشی دروست کردوە. کە من ناتوانم بە پرۆلیتاریان ناونووس بکەم.، گەرچی بەرژەوەندیان وەکو سەرجەمی هەموومان لە مەحف بوونەوەی ئەم سیستەمەدایە، بەڵام ئەوان بە عەمەلی لەمرۆدا بەرگری لە مانەوەی دەکەن. دوای ئەوە هاوڕێم تۆو کاک ** لە ناکۆکیدان لەگەڵ خۆتاندا چونکە لە کاتێکدا کە قەناتتان بەوە هەیە کە زۆربەی خەڵک پرۆلیتاریایە کەچی لەولاوە بزوتنەوەکە بە بزوتنەوەی خەلك نازانن ، بەڵکو تا ئێستاش هەر پرۆلیتاری بە پێشرەوو بوتنەوەکەی بە دینەمۆی گۆڕینی مێژوو دەزانن. بەڵام لای من وەکە لە سەرنجی یەکەممدا لەسەر سەرنجەکەی کاک ** نوسیم بزوتنەوە بزوتنەوەی خەڵکە نەک بە تەنها کرێکاران، هەر ئەمەش خاڵێکی جیای ئێستاو سەردەم مارکسە و خەسڵیتێکی تایبەتی خەباتی ئێستایە، بەرەغمی ئەوش کە وتم لەسەرەوە ئێستاش پرۆلیتاریا کەمایەتین لە کۆمەڵگەدا، بۆ نمەنە لە بریتانیادا ژمارەی خانەنشین بووان نزیکەی دە ملۆێنە، منداڵان نزیکەی ٧ ملۆێنە، ٣.٥ کەمئەندامان هەیە زیاتر ٥ مللۆێن ئافرەتیش هەن کە کار ناکەن، چەند ملۆێنێکیش قوتابی زانکۆکان و پیمانگاکان و خوێندنی باڵان، کە هەر هەموو یەم توێژاڵانە ئەمرۆ لە بریتانیای مندا لە کرێکاران شۆڕشگێڕ ترن و هەمیشەش ئەوانن کە لە پرۆتێست و خۆپیشاندانەکان و کردنی چالاکی ڕاستەوخۆدا بەشدارن. ڵیرەدا تەنها ئەو کرێکارانە بەشداری دەکەن کە سۆشێلیستن، ئەنارکیستن یا چەپی ڕادیکالن.

دووهەمیان : دەبێت ئەوە بڵێم ئەوە تەنها کۆپلەیەکە لە چەندەها وتاری باکۆنیین لەسەر دەوڵەت ، نە شتێکی تر، منیش لەسەر ئەو کۆپلەیە هەمان ڕای تۆم هەیە، کە باکۆنیین تەنها

هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەت دەخاتە پێشچاو نەچارە سەرەکەی لە هەڵوەشاندنەویدا. ئەنرکستەکن ڕوانگەیان دیارو ڕۆشنە لە خەباتکردن دژی دەسەڵات ، کە دەوڵەت بەشی سەرەکییەتی دیسانەوە کە چۆن رزگاریشمان دەبێت لە دەستی. من لێرەدا لەبەر ئەوەی کە فەیشبووکە ناتوانم بچمە ئەو وردەکاریانەوە. بۆیە دەبێت بوەستم.

**تاهیرسالْح شەریف**

با بگەڕێمەوە سەر باسی دەوڵەت. دەوڵەت لە ڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسەوە ئامڕازی زەبروزەنگ نواندنی چینێکە بۆ سەرکوتکردنی چینێکی دیکە. بەڕاستیش وایە و من خۆم قەناعەتی تەواوم بەو بۆچوونە هەیە. پێشم وانیە لە سەر ئەوەی کە دەوڵەت ئامڕازی سەرکوتکردنە، کێشەیەک لە نێوان مارکسییەکان و ئەنارکیستەکاندا هەبێت، تەنها کێشەکە لەوەدایە کە مارکسیستەکان، دەوڵەت بە ئامڕازی [چینێک بۆ سەرکوتی چینێکی دیکە دەزانن] و ئەنارکیستەکان بڕوایان بەوە هەیە کە [دەوڵەت ئامڕازی سەرکوتکردنی گشت خەڵکە]. کێشەکە لە تێگەیشتن و دەرککردنی دابەشبوونی چینایەتی کۆمەڵگەدایە لەلایەن مارکسییەکان و ئانارکییەکانەوە. مارکسیستەکان پێیان وایە کە بەدوای جێگیربوونی مێژوویی سیستەمی سەرمایەداریدا، کۆمەڵگە دابەشبووە بەسەر دووچینی سەرەکی [بۆرژواکان و پرۆلیتێرەکان]دا. لەنێوان بۆرژواکان و پرۆلیتێرەکانیشدا توێژی کۆمەڵایەتی دیکە، لەوانە ووردە بۆرژوازی هەیە کە ناتوانێت کۆتایی بە ڕژێمی سەرمایەداری و مڵکداری تایبەتی بهێنێت. ئەوەی کە ئەم کێشەیە لە بوعدێکی ئابوریی، سیاسیی و مێژووییدا یەکاڵا دەکاتەوە پرۆلیتێرەکان، یان هەمان چینی کرێکارە. چینی کرێکاریش، بە ڕاستی ئەو چینە نییە کە هاوڕێ زاهیر ژمارەو ئاماری لەسەر دەهێنێتەوە، بەڵکو ئەو چینەیە کە شاڕەگی ئابوریی کۆمەڵگەی سەرمایەداری لەدەستدایەو لەسەر هێزی بازو، یان مێشکی ئەو، بۆرژوازی کەڵەکەی سەرمایەدەکات. لەسەردەمی پرۆدۆن و مارکس و باکۆنینەوە تا ئەمڕۆ، ئەوچینە گۆڕانکارییەکی چەندایەتی و چلۆنایەتی بەسەرداهاتووە، بەڵام ئەو چینە نەبۆتە کەمایەتییەک وەک هاوڕێ زاهیر تێیدەگات، بەڵکو ئەو چینە زیادیکردووە!. چۆن ؟ لە دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردووەوە، گەشەکردنی تەکنەڵۆژیای زانیاری، پرۆلیتارییایەکی نوێی بەرهەمهێناوە، ئەو پرۆلیتارە نوێیە نەک پرۆلیتاریای سەدەی نۆزدەهەمی، کە لەڕێگای هێزی جەستەیی و بازووییەوە مامەڵەی لەگەڵ کارگەکان و ئامێرەکانی بەرهەمهێنناندا دەکرد، بەڵکو ئەو پرۆلیتێرە هاوچەرخەیە کە لە ڕێگای کاری فیکرییەوە و بە مامەڵەکردن لەگەڵ تەکنەلۆژیای دیجتاڵیدا، ملیار ملیار دۆلار بۆ کۆمپانیاکانی کۆمینیکەشن قازانج کەڵەکە دەکات، ئەمە سەرەڕای بوونی چەندین فەرعی دیکەی بەرهەمهێنان کە هێزی بازووی تێدا بەکار دەبرێت، تا ئێستاش تەکنەلۆژیای زانیاری نەیتوانییوە زاڵ بێت بەسەریاندا و تا هەنوکە پرۆلیتارە سەدەی هەژدەهەمی نۆزدەهمییەکان کاریان تێدا دەکەن. هەم پرۆلیتاریای سەردەمی پیشەسازی و هەم پرۆلیتاریای سەردەمی تەکنەلۆژیای زانیاری، کە ئەمڕۆ وەک یەک چینی

کۆمەڵایەتی دەردەکەونەوە و یەکیان هێزی کارەکەی دەفرۆشێت بۆ ئەوەی درێژە بەژیانی خۆی بدات و ئەوی دیکەیشیان هێزی فیکرییەکەی دەفرۆشێت تا زیندوو بمێنێتەوە، ئەگەر لە ٩٩%ی کۆمەڵگە سەرمایەدارییە ڕۆژئاواییەکان پێکنەهێنن، بە دڵنیاییەوە لە ٩٠%ی دانیشتووانی چینی کارگەری ڕۆژئاوا پێکدەهێنن. تەنها ژمارەیەکی کەم ئیمتیازێکی وورده بۆرژواییان لەلایەن بانکەکان، کۆمپانیاکانی کۆمینیکەیشن، مارکێتەکان، پەترۆکان و تاد... پێدراوە، کە ئەوانەش لە ١٠٠٠ دا یەک چانسی بوون بە سەرمایەداریان هەیە و ئیتر ئەو هەموو خێڵی گەورەی کارگەران کار بۆ ژمارەیەکی یەک لەسەد یان دە لەسەد دەکەن و سەرمایە بۆ ئەو کەمایەتییە بەرهەم دەهێنن.... پێم سەیرە هاوڕێ زاهیر نموونە لە سەر ئەوەندە ملیۆن خانەنشینکراوی بەریتانیا دەهێنێەوە و ئەوانە بە پرۆلیتار حساب ناکات. ئاخر هاوڕێ گیان تۆ دەبوو لە خۆت بپرسیت؛ ئەم چەندین ملیۆن تەقاعودە کێن ؟ ئەوانە ئەو کەسانەن کە پاش ٥٠ بۆ ٦٠ ساڵ کارکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ سەرمایەدارەکان و پاش ئەوای کە شیلەی گیان و جەستەیان دادۆشراوەو توانای کارکردنیان نەماوە، سەرمایەداری خانەنشینیکردوون وبەشێکی بچووک لەو سەرمایەی کە بۆ بۆرژواکانیان بەرهەمهێناوە، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لەڕێگای دەوڵەتەوە دەکاتەوە بە قوڕگیاندا. حسابکردنی چینی کرێکار، یان هەمان پرۆلیتێرەکان، لە ڕووی ژمارەوە، هەڵەیەکە کە لە خوێندنەوە ناوەرۆکی چینایەتی دەوڵەتیشدا، دەمانخەتە هەڵەوە. ئەوەی کە دەتوانێت چەرخی کەڵەکەکردنی سەرمایە ڕابووەستێنێت کێن؟ بێگومان کرێکارانن. کرێکارانی مۆدێرنەو پۆست مۆدێرەنم ڕوونکردەوە کە کێن و چ کەسانێکن. ئەوانە ژمارەیان چەندەیە گرنگ نییە [کە هەڵبەت زۆربەی هەرزۆری کۆمەڵگەن- ٩٠ - ٩٩%]، گرنگ ئەوەیە کە ئایا ئەوانە دەتوانن شۆڕش بکەن و دەوڵەت وەک ئامرازی دەستی چینی سەرمایەدار بۆ سەرکوتکردنیان بڕوخێنن یان نا ؟ ئایا هاوڕێ زاهیر تۆ وەلامێکی پۆزەتیڤت بۆ پرسیارەکە هەیەیان نا؟ ئەگەر پۆزەتیڤە، کەواتە تۆ بڕوات بە شۆڕشی پرۆلیتێرەکان هەیە. کێشەکە ئەوەیە کە شۆڕشی پرۆلیتێرەکان لە یەک ئان و ساتدا لە گشت جیهاندا ڕوونادات!. ڕەنگە لە چەند وڵاتێکدا ڕوو بدات، یان وەک لە پاریس و لە شارێکدا ڕوویدا، یان لە وڵاتێکدا. لەم حاڵەتەدا بە چی بەرگری لە خۆت دەکەیت لەبەرامبەر گەلە کۆمەکێی دەوڵەتی سەرمایەدارانی دیکەی بەشەکانی دنیادا؟ من چاوەڕێی وەڵامی ئەم پرسیارە لە هەردوو هاوێیان کاک زاهیرو کاک هەژێن دەکەم، چونکە وەڵامی ئەوان بەو پرسیارە، دەتوانێت مناقشەکەمان درێژ بکاتەوە و بچینە سەر وەڵامی پرسیارەکەی هاوڕێ زاهیر کە پرسیویەتی : " چۆن دەوڵەت لە ناوببرێ؟."

**زاهیر باهیر**

هاوڕێ تاهیر کۆمێنتەکەی تۆ لەسەردوو خاڵە. یەکەمیان چینی پرۆلیتاریایە: منیش لەگەل تۆدا هاوڕام کە چینی کرێکاران شادەماری ئابوری وڵات و جیهانیان بە دەستەوەیە دەتوانن هەتا بەبێ خۆپیشاندان و چوونە سەرەشەقامەکان ، تەنها لە ڕێگای مانگرتنی گشتییەوە لە ماوەیەکی کەمدا هەرەس بە حکومەتەکانیان بهێنن و دواتریش سیستەمەکە لە سەرانسەری جیهاندا. بەهەرحاڵ من ئەم هێزو توانایەی پرۆلیتاریا ناو دەنێم وزەی شاراوە کە پێم وایە بە ئینگلیزییەکەی کە مانا باشتر دەدات دەوترێت پۆتێنشەڵەتی. هەر وەکو تۆش دەزانیت هەبوونی وزەی شاراوەو بەکارهێنانی، دوو شتی گەلێك جیاوازن لە یەکدی. کرێکاران لە ئەمرۆدا ئەو تاقە کامینەیان هەیە بەڵام نەك نایانەوێت بەکاری بهێنن ، بەڵکو هەل ومەجی ژیانیان ڕێگرە لە بەکارهێنانی. بە ڕونکردنەوەیەکی زیاتر من دیسانەوە دەڵێم سەرجەمی شتەکان لە سەردەمی مارکسەوە بۆ ئێستا گۆڕاون کە لایەنێکیان کرێکارانن. لەسەردەمی ئەودا بە حوکمی نزیکی سەرجەمی کرێکران لە ڕوی هەل و مەجی کارکردن یان و مووچەو کرێی سەرکاریان، لە وڵاتەکەیاندا، کەم تا زۆر، موتەجانس بوون و چالاکی هاوبەشیی گەورە گەورەیان بە یەکەوە کردوە. من لە ئێستادا ئەو تەجانوسە نابینم، ڕاستە هەموویان کرێکارن و هێزی بازوو زهنییان دەفرۆشن بەڵام لە چەند توێژاڵێکی جیاجیادا کە هەر توێژاڵەیان لە هەل و مەرجی سەر کارکردنیان و مووچەیاندا جیاوازن لەوانی تریان. لە ئێستادا کرێکارانێك کە هێزی زهنیان دەفرۆشن و لە بەشەکانی تەکنەلۆجیا پێشکەوتوەکاندا کار دەکەن و مووچەیەکی باش وەردەگرن ، زیاتر لە چینی ناوەڕاستەوە نزیکن خۆشیان هەر وا خۆیان دەبینن ، تاکو کرێکارانی پاککردنەوە، کەرتەکانی دەوڵەت و هەندێکی تریان. دیارە لەم حاڵەتەشدا مانگرتنی بەشێکیان بێ پشتگیری دەمێنێتەوە لە لایەنی ئەوانی تریانەوە سەر ئەنجامیش مانگرتنی گشتی یا ڕوو نادات یا زۆر بە دەگمەن ڕوودەدات. دیارە ئەمەی کە وتم هۆیەکە لە هۆگەلەکان لە مەسەلەی ڕونەدانی مانگرتنی گشتی. هەر بۆیەش لە وڵاتێکی وەکو بریتانیادا مانگرتنی گشتی لە ١٩٢٦ وە جارێ تر ڕوی نەداوەتەوە. لەم ماوەیەدا نقابەی ئێرە وڕاوەی ئەوەیان کرد کە تەنها بیری لێبکەنەوە لە دژی ئەو قەیرانە گەورەی کە پێشی پێگرتوین و دژی سیاسەتی دەستگرتمەوە کە دەوڵەت بەردەوامە لە کردنیدا. لە وەڵامی ئەمەدا دەوڵەت هەڕەشەی لێکردن وتی ناتوانن مانگرتنی گشتی بکەن دژی دەوڵەت کە سیاسەتی تەقەشوف پەیڕەو دەکات، ئەمان تەنها بۆیان هەیە کە مانگرتنی گشتی دژی خاوەنکار بکەن. دەوڵەت نەقابەی دڵنیاکردەوە ، گەر کاری وابکەن ئەوە بەیاساو دادگا

دەیانوەستێنن لە کردنیدا.  لە ئەڵمانیاو وڵاتانی سکەندناڤی و کەنەدای لای تۆۆ ئەمەریکاو گەلێك وڵاتی تر جگە یۆنان و ئیسپانیاو پورتوغال و فەرەنسا نەبێت، لە شوێنەکانی تر رەنگە مانگرتنی گشتی بەبیرەوەری ئێمە نەکرابێت. ئەوەشت لەبیر نەچیت ئەوەش کە لەو ٤ وڵاتەدا بووە  تەنها کرێکارانی بەشی دەوڵەتی لە مانگرتنی گشتیدا بوون، کەمتر ڕیکەوتوە کە کرێکارانی بەشێکی  کەرتی تایبەتی، بەشداری کردبێت، ئەویش مەگەر ئەو کەرتە تێکەڵە بووبێت لە کرێکارانی دەوڵەتی و کەرتی تایبەتی. لە هەمووش گرنگتر ، لە بەشێکی گەورەی کەرتی دەوڵەتییدا، کرێکارو کارمەندەکان لە نقابەی جیاوازدان، ئەمەش وادەکات کە لە هەمان شوێنی کارکردندا، نقابەیەکیان لە مانگرتندابن بەڵام ئەوی تریان یان ئەوانی تریان لەسەر کارن.

تێنەگەیشتم تۆ چۆن خانەنشینکراونت بە کرێکاران داناوە هەر لەبەر ئەوەی کە پێشتر کرێکار بوون. کرێکار ئەو کەسەیە کە هێزی بازوی یا زهنی دەفرۆشێت و زێدەبایی دروست دەکات. خانەنشێنکراوان ، بێکاران، قوتابییان، کەمئەندامان ، منداڵان، چینی ناوەڕاست، ئەوانەی کە لەسەر سۆشیالن، هیچیان کرێکار نین . من بۆیە دەڵێم کرێکاران کەمایەتین هیچ کام لەمانەی کە ناوم هێنان کرێکار نین و لە سەرجەمی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمەریکاو کەنەدادا زۆربەشن. بەهەرحاڵ گەرچی من و تۆ لەم خاڵەشدا هاوڕا نەبین بەڵام لەسەرجەمەکەیدا هاوڕاین چونکە تۆ لە سەدا ٩٩ کە بە کرێکار دەزانیت منیش لە سەددا ٩٩ کە بە خەڵك دەزانم. ئەوەشت لە بیر نەچێت بارو دۆخی ژیانی کرێکاران زۆر لە بێکاران، منداڵان، قوتابییان، کەمئەندامان و خانەنشینکراوان باشترە.

ببورە هاوڕێم سەبارەت بە خاڵی دووهەم کە دەوڵەتە، بەجێی دەهێڵم بۆ بەیانی .

**هەژێن**

پێش ئەوەی بچمە پای وەڵامی پرسیارەکەی هاوڕێ تامیر لەمەر" شۆڕش لە یەك جێ یا چەند جێ و چۆ پارێزگاریی لێبکرێت؟"، پێمباشە لەنێوان ئێوەدا (هاوڕێیان تامیر و زامیر) قسەیەك بکەم، کە من جیاوازی لەنێوان قسەکانی ئێودا نابینم، تەنیا جیاوازی لە ناونان و بەکاربردنی واژەکاندا نەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر مەبەست لە کرێکار تەنیا ئەوانە بێت کە لەم ساتەدا لەسەرکارن، ئەوا بۆچوونەکەی هاوڕێ زامیر دروستە، ئەگەر مەبەست لە کرێکار هەموو مرۆڤێکی کرێگرتە بێت، ئەوا بۆچوونەکەی هاوڕێ تامیر دروستە. باشە ئەو ٩٩% خەڵکەی هاوڕێ زامیر و ٩٩% کرێکارەی هاوڕێ تامیر، هەر هەمان چینی ژێردەستی سەروەری چینایەتی (دەسەڵاتی ڕامیاریی) سەرمایەداران + ڕامیاران و کرێگرتەی (دەسەڵاتی مشەخۆرانەی ئابووریی) دەوڵەت + کۆمپانییەکان نین؟ ئەگەر وەڵامتان بەم پرسیارە، ئەرێیە، ئەوا من ناوی سێیەم بە دروستر دەزانم، کە (پرۆلیتاریا)یە، چونکە "کرێکار" تەنیا ئەوانە دەگرێتەوە، کە پێناسەیەکی دیارێکراویان لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەیە و لە زمانی کوردیدا تەنیا بە کرێکارانی تەلارسازی دەوترێت و لە سایەی سەدام و پۆستسەدامییەکاندا خەرێکە ئەم ناوەش لەنێودەچێت، "خەڵك"یش چەمکێکە بۆ سڕینەوەی شوناسی چینایەتی و هەروەها واژەیەکی فارسییە بە واتای گەل و هاوکاتیش لە کوردەواریدا بە ترشاوی و بە کوڵاوی بەکاردبرێت و تەنانەت بۆ کەسێك، کە لێی بپرسیت "لە کوێ لەدایکبوویت ؟" دەڵێن "خەڵکی کوێیت ؟". بۆیە من واژەی پرۆلیتاریا [هەرچەندە ئەم واژەیە لەلایەن پارتە کۆمونیستە دەوڵەتخواز و دیکتاتۆرەکانەوە شێوێنرا و تەنانەت سووك و ناشیرینیش کرا] بە دروستر دەزانم. چونکە وەك پێشتر وتم لە یۆنانی کۆندا بە هەموو ئەو کەسانە وتراوە، کە بێدەسەڵات و بێموڵك بوون، ئەگەر ئەمڕۆش سەرنج بدەین لە سیستەمی سەرمایەداریدا هەموو چین و توێژە ناسەروەر و بێسەرمایە و بێمولك و کرێگرتەکان لەو چەمکەدا جێگەیان دەبێتەوە. بەبۆچوونی من هەردوکتان لە (٩٩%ی کرێکار و خەڵك)دا مەبەستتان هەر پرۆلیتاریایە و لەسەر ئەوەش کۆکن، کە هەم خەڵك و هەم ٩٩% لەدەست ستەمی سەرمایەداری دەنگیانهەڵبڕیوە و سەرکوت و نادادوەریی بەربینی پێگرتوون.

**زاهیر باهیر**

هاوڕێ تاهیر دووباره سەڵاو ، سەبارەت بە خاڵی دووهەم کە دەوڵەتە، بەڕای من ئەنارکستەکان و مارکسییەکان لەسەر هەمان لە دوو بواردا ناکۆکن بەیەکتری کە یەکەمیان دروستکردنی دەوڵەتی قەومییە. لێردا مارکسییەکان بەرنامەی لانی کەمیان یالانی خوارویان هەیە، کە بەندێکی بەهەموو شێوەیەك لەگەڵ لابەلابوونەوەی کێشەی قەومیدان و بەشێکی زۆری خەباتی خۆیان بۆ دروستبوونی ئەو دەولەتە بەسەردەبەن ئەوە یەکێکە لە موهیمەکانی ئەوان، هەر بۆیەش بینیمان پارتە بەلشەفییەکانی کۆن و نوێ و ئەمانەی ئێستاتاش وەکو حکك و کۆمۆنیستەکان ئەوەندەی بایاخ بەو مەسەلەیە دەدەن ، ئەوەندە گرنگی بە کێشە چینایەتییەکە نادەن. هەڵبەتە بۆ ئەمەش هەر هەمویان لە کۆن و نۆێدا پاساوێان ئەوە بووەو ئەوەیە کە ئەمە پێشینەی یا بەرایی درووستکردنی دەوڵەتی سۆشیالیستییە، بە وشەیەکی تر لای ئەمان دەوڵەتی سۆشیالیستی دروستبوونی مەحاڵە هەتا کێشەی قەومی بمێنێت. دیارە بۆ ئەمەش لە کۆنیشداو لە ئیستاشدا پەنایان بۆ مەسەلەی ئیرلەندەو پۆڵۆنیاکەی مارکس و ئەو سەردەمە بردووە. باشە ئەو کاتە لە زەمینەی واقیعدا ئەزمونێك نەبووە کە گەر ئەو دەوڵەتانەش دروست بێت هیچێك لە مەسەلەی کرێکاران ناگۆڕێت. بەڵام لە ئێستادا بە دەیەها نموونە لەو بوارەدا دەبینین کەچی لە بری ئەوەی کێشەی سۆشیالیستی بەرەو پێشەوە بەرێت، بەرەو دواوەی بردووە و بارو دۆخەکەشی بە شێوەیەك گرانکردوە، بۆ نموونە زیادکردنی گیانی ڕەیسیزم و فاشسێزم لەناو قەومە ڕزگار بووەکاندا، بووەتە بەربەستێکی تر. هەر تەماشای واقیعی کوردستانی ژێر دەوڵەتی کوردی و سەدەی پێشوی بکەن . گەرچی لە ٦١ وە ئەو بزوتنەوە کۆنە پەرستەی کوردی دروستبوو و جەنگێکی خوێناویش هاتە کایەوە کەچی هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە عەرەب ، تورکمان زۆر باشترو مرۆڤانە تر بوو تاکو ئێستای کورد لەژێر حکومەتی هەرێمدا. تەماشای فەلەستینییەکان بکەن، ئەلبانییەکانو سەرجەمی وڵاتانی بۆلقان و ڕوسیای هەڵوەشاوە ببینین، بزانن لە سای دەوڵەتی نەتەوییاندا ڕایسیزم و فاشیسزم چەند بەهێز بووە . کەواتە، هاوڕێی من، دەبێت تەماشای واقیع بکەین نەك برگەو تیوری نێو کتێبەکانی هەر هەمویان ، هەتا بە ئەنارکستە ناسراوە کانیشەوە. پمێوایە ئەوەندەمان ئەزموون لەبەردەمدایە کە دەتوانرێت لەو بوارەدا دەرسی لێوەرگیرێت و هەنگاوێك کێشەی سۆشیالیزم، کۆمۆنیزم ( بۆ زانیاریت ئەم دووانە لای من هەر یەکێکن) بەرێتە پێشەوە، ئیدی بۆچی دەبێت سەدەیەکی تر بەزایە بدەین دوای ئەوە دەست بدینە خەباتی چینایەتی؟ ئەمە وەخت کوشتنەو بەسوودی سیستەمی مەوجود کۆتایی دێت.

هەرچی ئەنارکستەکان هەیە، ڕەدی هەموو جووداخوازییەك، هەڵاوارددییەك، چەوساندنەوەیەك ، باڵادەستییەك، پاشکۆیی بوونێك، تەقدیس کردنێك ، دەسەڵاتێك دەوەستنەوە.. هەر بەو چەشنەش لەگەڵ زوڵم و زۆری نەتەوەییدا نین دژی ئەوەش خەبات دەکەن، بەڵام دیسان نەبەرنامەیەك بۆ نەتەوەی ژێردەست دادەنێن تاکو حکومەتیان هەبێت و نە لە شانی قەومییەکانیشەوە خەبات دەکەن بۆ دروستکردنی دەوڵەتی قەومی، گەرچی ئەمان دۆستی ڕاستەقینەی ئازادین و بەمانای وشەە ئازادیخوازن، کە دەیانەوێت خەڵکی خۆی دەبێت ئازاد بێت لە بڕیارو کردەوەکانیاندا.

خاڵی دووهەم هەر لە دەوڵەتدا کە ئەم دوو تەیارە لە یەکدی جیان، ئەوەیە: هەرچی مارکسییەکانن ئەوەندە دژی دەوڵەتن کە پێی دەوترێت دەوڵەتی بورجوازی، فاشی ، دیکتاتۆری ، دینی، لیبراڵ، شاهی، کۆماری. بەڵام لەگەڵ دەوڵەتی سۆشیالیستی چینی کرێکاراندان وەکو هەمووشمان دەزانیین بەپردی پەڕینەوەی دەزانن بۆ قۆناغی کۆمۆنیزم. بەڵام هەرچی ئەنارکستەکانە دژی هەموو جۆرە دەوڵەتێکن بە دەوڵەتی کرێکاریشەوە، هاوڕێ ، ئەوەی کە تۆ وتووتە کە دەوڵەت ئامرازی چینایەتییە ، هەر ئەوە وا لە ئەنارکستەکان دەکات کە دژی دەوڵەت بن ، هەتا دەوڵەتی کرێکاریش، چونکە وەکو پێشتر وتم ئەوان دژی دەسەڵات و باڵادەستین ، جا گەر هەتا ئەوە دەوڵەتی کرێکای بێت، دەسەڵات بەسەرکێدا؟ واتە باڵادەستن، لەبەر ئەوە ئەرکی ئەنارکستەکانە کە نەك هەر ڕەتی بکەنەوە بەڵکو دژایەتیشی بکەن.

من بۆیە پێشتر پەیگیریم لەسەر ئەوە دەکرد کە کرێکاران بە مانای خۆدی وشەکە هێزی کارو زهنیان دەفرۆشن و دروستکەری زێدەبایین، واقیعەن کەمایەتییەکی کەمیشن، جا کە تۆ بتەوێت حوکمێك لەژێر هەر ناوێکدا بۆ ئەو کەمایەتییە بەسە زۆرینەکەدا دامەزرێنێت ، ئەو کەمایەتییە چۆن کۆنترۆڵی ئەم زۆرینە دەکات گەر بەبەکارهێنانی توندووتیژی و کوشتن و بڕین نەبێت؟!. دوای ئەوە هاوڕێم تۆ دەڵێیت شۆڕشی پرۆلیتاریا لە جیهاندا ڕوونادات بۆیە یەکەمجار لە دەوڵەتێکدا دەردەکەوێت ( دیارە منیش گەر لە دیدی تۆوە ببینم هەر وای بۆ دەچم) پرسیار دەکەیت لەو حاڵەتەدا چۆن دەتوانێت خۆی بگرێیت لەبەردەم هێرشی سەرمایەداران و وڵاتانی سەرمایەداریدا؟ منیش لەگەڵتام وەڵامەکەش لای من ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتە سۆشیالیستییە دەبێت نمونەیەکی زیندوی تر بێت لە هەموو ئەم دەوڵەتانەی ئەم

سەرزەمینە بە هەموو ئامرازوو ئەجهیزەکانیانەوە کە هەیانە. پرسیاری منیش بۆتۆ لێرەدا چی دەکەیت یەکەم ؟ دووهەم تۆ کە دەگەیت بە سۆشیالیست ، لە ڕێگەی پارتێکی بەلشەفی یا باشتریش لەوەی لینین بۆ ئەم مەبەستە دروست دەکەیت، چۆن زەمانەتی ئەوە دەکەیت کە ئەو پارتە بەدەردی هەموو پارتە بەلشەفییەکان ناچێت، لە هیراشییەتی ڕێکخستنیاندا، لە مامەڵەی ئەندامان دۆستانیاندا، لە نەکەوتنە زۆنگاوی گەندەڵییەوە، لەوەی کە نەبێتە دەسگەیەکی بیرۆکراتی سرف.......؟ دوای ئەمانە دیسانەوە چۆن دەتوانیت دەستەبەری مانەوەی ئەو دەوڵەتە بە سۆشیالیستی بکەیت و نەگەڕێتەوە یا تێنەشکێت و پارت جێگای چینی کرێکاران نەگرێتەوە، بە کورتی چۆن بە دەردی پارتە بەلشەفییەکان ناچێت؟!!!ئەنارکستەکان چۆن چارەی ئەوە دەکەن؟ بە کورتی: ئەمان کە باوەڕیان بە گەڕانەوەی بڕیارەکان و دەسەڵاتەکان هەیە بگەڕێنەوە بۆ ناو خوودی خەڵك ، خەڵکی خۆی بە هەرەوەزی دەنگی لەسەر بدات و کاری لەسەر بکات، بەمەش یانی سەندنەوەی دەسەڵات لە ئیدارە گەندەڵە بیرۆکراتەکانی دەوڵەت و شارەوانییەکان. خەڵکی لە کۆمۆنێتییەکەدا دەژی و تەواوی ئازادی خۆی و هێزی داهێنانی خۆیان و توانای خۆیان بەکار دەهێنن بۆ بەڕێوەبردنی سەرجەمی کارو کێشەکانیان لەناو خۆدا. پارە دەوری نامێنێت هەر بۆیەش پێداویستییەکانی ژیان بەهایان لە کاڵاوە دەگۆڕێت بۆ پێداویستی و بەکارهێنان ، هەموو شت بەلاش و بێ پارە دەبێت. دیارە لەم حاڵەتەدا ئەم کۆمەڵگەیەش ، ئەم کۆمۆنێتییەش دەکەوێتە بەر فشاری ئابوری، سیاسی ، کۆمەڵایەتی ڕەنگە هێرشی سەربازێش، هەر وەکو دەوڵەتە کرێکارییەکە. بەڵام تەنها مەترسی عەمەلی لە کاتێکدا لە سای دەوڵەتی کرێکاری و سۆسیالیستیدا هەر هەموویەتی، بەڵام لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ناناوەندگەرایی و بی هەبوونی دەسەڵاتدا، تەنها خەتەری هێرشی سەربازییە ، ئەگینا ئەم کۆمەڵگەیە ئیکتیفای زاتی تەواوی خۆی هەیەو یا لە ئاستێکی سەرەتایشدا بێت ، مەترسی نە ئابلۆقەی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی نییە. جا هاوڕێم تۆ بهێنە بەرچاوی خۆت و بزانە کامیان عەمەلی ترەو بێ مەسەرف ترەو بێ مەترسی دارترە.

دوا وشەم لێرەدا ئەوەیە کە دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی کە مارکسییەکان دەیڵێن و دەیانەوێت بیکەن ، واتە دروستکردنی دەوڵەتی کرێکاری، سۆشیالیستی ، لە هەقەتدا چانسی سفری هەیە، چونکە لە زەمینەی واقیعدا دووبارەو دەبارە کراوەتەوە لەبری خێرو خۆشی بۆ کۆمەلگەکە کارەساتی بۆیان هێناوە، لەبری ئەوەشی بەرەو سۆشیالیزم نزیکمان بکاتەوەو

بمانبات ، بگرە گەورە ترین کۆسپی دروسکردوەو زۆر دووری خستوینەتەوە لەو ئامانجە. بەڵام کۆمەڵگەی ئەنارکیسزم-سۆشیالیزم بەلانی کەمەوە چانسی لەسەدا ٥٠ مان هەیە چونکە هێشتا بە شێوەیەکی فراوان ئەوە بەڕێوە نەچووە ، واتە لە زەمینەی واقیعدا هێستا فەشەلی نەهێناوە چونکە بەو بەربەرینییە تاقی نەکراوەتەوە. دەبا هاوڕێیان چانسێکی بدرێتێ خۆ زەرەر ناکەین گەر قازانج نەکەین.!

**هەژێن**

لەبەرئەوەی کە ناتوانم لێرەدا بەتێروتەسەلی وەڵام بە پرسیارەکەی هاوڕێ تامیربدەمەوە، بۆیە زۆر بە کورتی لە چەند سەردێرێکدا وەڵام بە شۆڕش لەیەك وڵات و دەوڵەتدا دەدەمەوە:

سەرەتا وەك وتم، من تەنانەت بە پێچەوانەی هەندێك لە ئەنارکییەکانەوە، شۆڕش بە ڕووداوێکی ماوە و کات دیاریکراو نازانم؛ شۆڕش خۆبەخۆ پرۆسێسێکی مێژوویی جیهانییە، تا ئێستا لە هیچ جێیەك بەیەکجاری بەسەر سیستەم و سەروەری چینایەتییدا سەرنەکەوتووە و بەهیچ شێوەیەکیش تێکشکانەکان، تێکشکانی شۆڕش نەبوون و نین، بەڵکو تەنیا تێکشکانی تاکتیکێك یا ستراتیجی ڕەوتێکی دیارێکراوی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستیی بوون، باشترین نموونەش پاش تێکشکانی سۆشیالیزمی دەوڵەتیی لە بلۆکی خۆرهەڵاتییدا، کە دەستبەجێ لە دەمەی نەوەدی سەدەی ڕابوردوودا، هاوکاتی هەڵوەشاندنەوە و ناوگۆڕینی دەیان پارتی کۆمونیست، بینەری چەندین مانگرتن و ناڕەزایەتی پرۆلیتێری بووین، لەوانە خۆپیشاندانەکانی شیکاگۆ، مانگرتنی کەناسانی تورکیە، مانگرتنی کرێکارانی کانەکانی ئاڵمان ناسراو بە مەشخەڵبەدەستان، مانگرفتنی کرێکارانی ئیسرائیل، مانگرتنی گشتی لوبنان و گۆڕینی حکومەت، مانگرتنی گشتی بەنگلادیش، مانگرتنی کرێکارانی پۆستە و گەیاندنی ئەمەریکا پاش چەند دەمە بێدەنگی و هەروەها لە سەرەتای هەزارەی سێیەمدا بینەری خۆپیشاندانە جیهانییەکانی دژی جەنگ و دژی کۆبوونەوەکانی لوتکەی (G٨) و داگیرکردنی کارخانە و هۆتیل و چێشتخانە و چاپخانە و شەقامەکان لە ئەرجەنتین و پار و پیرار و لەم ڕۆژانەشدا ڕاپەڕینەوەی جەماوەر لە تونس و میسر و مانگرتنە بەردەوام و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی یۆنان و پۆرتوگال و ئیسپانیا ... تد . ئەمانە هەموویان هەم نیشانەی بەردەوامی شۆڕش و پشتڕاستکردنەوەی بزووتنەوەی کرێکاریی و جەماوەریی بوون لەژێر قورسایی کەلاکی بلۆکی ڕوسی و چینی و کوباییدا و هەم ناپێشڕەوبوونی پارت و دەوڵەتی بەناوی کرێکارییان سەلماند. لەم بارەوە، سەرنجتان بۆ پەرتووکێکی هاوڕێ کایو براندیل Cajo Brendel کە یەکێکە لەو مارکسیستانەی ڕەخنەی پەیگیرانە لە بۆلشەڤیزم و لێنین دەگرێت، بەنێوی " شۆڕش، کاری پارت نییە" ڕادەکێشم، کە چەند دەمە پێش کرمۆڵبوون و پووکانەوەی بلۆکی ڕوسی، بابەتەکانی نووسیوەن.

بەبۆچوونی من، ئەوەی بە شۆڕش ناسێنراوە و دەناسرێنێت، تەنیا ڕووداوی هەڵچوونی نێو ڕەوتی بەردەوامی شۆڕشن و تەنیا دەکرێت ناوی ڕاپەڕینیان لێبنرێت و بەداخەوە هەندێکیان لەلایەن ڕەوتە بەناو سۆشیالیستیەکانەوە سەرکوتکراون؛ لەوانە هەرەوەزییە کشتکارییەکانی ئۆکرانیا و سۆڤیەتە سەربەخۆکانی دەریاوانی کرۆنشات، کە دەکرا لەو کاتەدا وەك نموونە و هەوڵێکی سۆشیالستی بواری تاقیکردنەوەیان بدرایە و بماندیایە، کە کام شێواز سەرکەوتووە، هەرچەندە هەر ئەوکات هەم لە ڕووی ڕێکخستن و هەم لە ڕووی خودکەفایی بەرهەمهێنان و هەم لە ڕووی سەربازییەوە لەبەرامبەر دوژمنانی دەرەکی و نێوخۆیی بەهێزتر و سەرکەوتووتر بوون. بەشەکەی دیکەیان هەرەوەزییە ئەنارکییەکانی ئەسپانیای ١٩٣٦-١٩٣٩ و کۆمیتەکانی کارخانە [ئۆتۆنۆمییە کرێکارییەکان]ی ئیتالیا ١٩٦٢- ١٩٧٧ کە ئەمانیش وەك ئۆکرانیا و کرۆنشتات بەپێچەوانەی ئەزموونی بۆلشەڤیکی لەنێوخۆیانەوە کرمۆڵ نەبوون و جەماوەر تێکینەشکاندن و لە ڕووی ئابووری و پەروەردەیی پرۆلیتێرییەوە سەرکەوتووبوون و تەنانەت کاتێك کە پاش سەرکەوتنی سەربازیی فرانکۆ و گەڕانەوەی خاوەنکیڵگە و کارخانەکان، بەداخەوە دونیایەکی ئاوەدان و پڕبەرهەمیان بۆبەجێما. من ئەم نموونانە وەك ئەزموونی ئەنارکی گەشاوە دەخەمە بەرچاوی ئێوە و دەتوانن لە هەموو ڕوویەکەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەن و لەتەك ڕوسیای زلهێزی جیهانی ١٩١٨ - ١٩٨٩ بەراوریان بکەن، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەتوانین ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆ ڕاپەڕینەوە و ئەوەی ئێوە ناوی دەنێن بەرنامەی شۆڕش، بەدەستبهێنن.

هاوڕێ تامیری ئازیز، ئەوەی کە لە ئەدەبیاتی مارکسیستیدا ناوی شۆڕشی لەسەر دەنرێت، فرەتر کودەتای پارتییانە بەسەر ڕاپەڕینی جەماوەردا و کودەتای سەربازییە بەسەر حکومەتی بۆرجوازیدا و دروستکردنی حکومەتی پارتە بەناوی کرێکارانەوە لەسەر کەلاوەی دەوڵەت و چێکردنەوەی و دواتر ڕەوایەتیدان بە دیکتاتۆری سەرکردایەتی پارت بەسەر خودی ئەندامانی پارت و دواتر بەسەر کۆمەڵگەدا و ڕەوایەتیدان بە کوشتوبڕی مانگرتنەکان و کۆمەڵکوژی ناڕازییانی کۆمەڵگە چ مارکسیستە ئازادیخوازەکان و چ ئەنارکیستەکان بەناوی سەپاندنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاوە . ئایا تا ئێستا مێژوو لەمە زیاتری نیشانداوین، یا پەنابردنەوە بۆ چەندبارەکردنەوەی دەوڵەتی پارت بەناوی پرۆلیتاریاوە، بێجگە لەو شکستانە، دەتوانێت شتێکی دیکەمان بداتە دەست، ئەگەر وەڵام ئەرێیە، خۆشحاڵ دەبم بە خوێندنەوە و بیستنی.

به بۆچوونی من نه له قۆناخه‌كانی پێش سه‌رمایه‌داریدا ڕویداوه‌، كه‌ ڕاپه‌ڕینه‌كان گشتگیر و جیهانی بن، نه‌ له‌ یه‌ك وڵاتیشدا یه‌كئاستبوون، نه‌ له‌ ئێستاشدا یه‌كئاست ده‌بن . بۆیه‌ قسه‌كردن له‌سه‌ر ڕاپه‌ڕینی جیهانی ته‌نیا خه‌یاڵپلاوی ڕۆشنبیرانی نه‌خشه‌كێشه‌ [ تكایه‌ لێره‌دا قسه‌كه‌م مه‌یكێشنه‌ سه‌ر خۆتان مه‌به‌ستم ئێوه‌ نییه‌]ده‌وه‌شێته‌وه‌، وه‌ك وتم مه‌به‌ستی من له‌ ڕاپه‌ڕین هه‌مان شته‌ كه‌ تۆ ناوی شۆڕشی له‌سه‌ر داده‌نێیت، بۆ نموونه‌ ئه‌وه‌ی له‌ كۆمونه‌ یا ١٩٠٥ و ١٩١٧ ی ڕوسیا، ١٩٣٦ ئیسپانیا، ١٩٥٦ هه‌نگاریا، ١٩٧٩ ئێران، ٢٠١١ی وڵاتانی عه‌ره‌بی ڕوویاندا ته‌نیا ڕاپه‌ڕین بوون و به‌ هه‌ندێكیان له‌لایه‌ن دوژمنه‌ ده‌ره‌كییه‌كانه‌وه‌ تێكشكاون و هه‌ندێكیان له‌لایه‌ن دژه‌ شۆڕشه‌ نێوخۆییه‌كانه‌وه‌.

هه‌وره‌ها له‌ ئاستی وڵاتیشدا بڕوام به‌ هاوجۆری و هاوئاستی نییه‌، ئه‌وه‌ی ڕووده‌دات به‌ ئاماده‌یی و خۆپه‌روه‌رده‌یی پرۆلیتێره‌كانه‌وه‌ په‌یوه‌سته‌، ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ ڕه‌وتی خه‌باتی ڕۆژانه‌دا چه‌نده‌ توانیویانه‌ خۆیان ڕێكبخه‌ن و ڕێكخراوه‌ ناقوچكه‌ییه‌ (نامه‌ره‌می/ نامیرارشیی) سه‌ربه‌خۆكانیان پێكبهێنن و هه‌م وه‌ك ئامرزای خۆهوشیاریی و خۆپه‌روه‌رده‌یی و هه‌م وه‌ك ئامرزی به‌ره‌نگاری و هه‌م وه‌ك ئامرزی ڕێكخستنه‌وه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی كۆمه‌گه‌ی داهاتوو، چه‌نده‌ توانراوه‌ له‌ ڕێكخراوه‌ و هه‌ره‌وه‌زیی و كۆمونه‌كاندا ژیانی سۆشیالیستی و په‌یوه‌ندی سۆشیالیستی و كولتووری سۆشیالیستی جێگیربكه‌ن و به‌كرده‌وه‌ نیشانی كۆمه‌ڵگه‌ی بده‌ن، كه‌ ده‌كرێت و له‌ توانادا هه‌یه‌، مرۆڤ ئاوا بژی و خۆی له‌ په‌یوه‌ندییه‌ سه‌روه‌رییه‌كان و سیسته‌می كرێگرته‌یی ڕزگار بكات . كاتێك كه‌ ئه‌مه‌ بوو به‌ به‌شێك له‌ كولتووری ڕۆژ و مرۆڤه‌كان كه‌تواریببوونیان ده‌ركرد و توانیان ئه‌زموونی بكه‌نه‌وه‌، ئه‌و كات من و تۆش زۆر به‌ ئاسانی ده‌توانین ده‌ركی ئه‌وه‌ بكه‌ین، كه‌ پێویستمان به‌ ده‌وڵه‌ت و دیكتاتۆری و شوانه‌یی پارته‌كان و ئامۆژگاری ڕامیاره‌كان نییه‌.

هاوڕێ، به‌بۆچوونی گرفتی له‌یه‌ك تێنه‌گه‌یشتنمان له‌وه‌دایه‌، كه‌ تۆ باس له‌ پرۆسێسی دروستكردنی پارتێك وه‌ك پێشڕه‌و ده‌كه‌ی، كه‌ دونیا بۆ پرۆلیتاریا ته‌خت بكات و دواییش سه‌ركرده‌ و ڕابه‌ره‌ خۆ به‌ ژیر و خه‌ڵك به‌ نه‌زانكانی ئه‌وه‌نده‌ به‌خشنده‌ بن، بێن و بڵێن، فه‌رموون پرۆلیتێره‌كان، خۆتان ژیانی خۆتان له‌ سۆڤیه‌ته‌كاندا ڕێكبخه‌ن و ده‌وڵه‌تێكی سه‌راپاگیر و توندوتوڵ (مه‌حكه‌م)ی ئاواش كه‌ به‌رگه‌ی هێرشی ده‌ره‌كی و گه‌نده‌ڵی نێوه‌كی و هێرشی دێمۆكراسی بۆرجوازی و بیروكراسی نێوه‌كی بگرێت و جه‌نگی دار و به‌رد بكات، پاشان

بەخۆیشی، دیسانەوە بەخشندانە وەك پەشمەك بتوێتەوە [ تکاتان لێدەکەم ئەمەم بە لاقرتێ و کەمرێزی لێوەرمەگرن] بەداخەوە وەها پارتێکی بەخشندە و دەوڵەتێکی پەشمەکی، تەنیا لە فیلمە کارتۆنییەکاندا توانای بوونیان هەیە. بۆیە من زۆرجار ئەوانەی هەموو تاوانەکانی (ڕوسیا)ی جاران و بلۆکی خۆرهەڵاتی دەدەنە پاڵ )جۆزیف ستالین)، بەبێویژدانی دەزانم. چونکە کەسێکی وەك ستالین [ کە پەروەردەی پارتی کۆمونیست و شاگردی لێنین و جێمتمانەی ترۆتسکی و دەوڵەتی بەناو کرێکاران] لەوە زیاتر نەیدەتوانی نەرمتر بێت، لەوانەشە هەندێك جار چاوپۆشیشی لە پێداویستیی دیکتاتۆربوون کردبێت. هیوادارم دەربڕینەکانم زبر و برندارکەر نەبن و دڵی هاوڕێیانێکی وەك تۆ و کاك (**)م نەئێشاندبێت، کە هیچ کات ناتوانم گومان لە سۆشیالیستبوون و دڵسۆزیتان بۆ سۆشیالیزم و پرۆلیتاریا بکەم. هەرواش دڵنیام کە هیچ ئامانجێکی کەسیی (شخصی) ماندەری پێداگرییتان لەسەر پارت و دەسەڵات نییە، بەڵکو بەوپەڕی دڵسۆزیتانەوە بۆ سۆشیالیزم پێداگری لەسەر ئەم بۆچوونانەتان دەکەن. بەڵام دیسان بەداخەوە، ناچارم بڵێم هاوڕێیان، مێژوو وەڵامی خۆی بە پارتی پێشڕەو و دەوڵەتی بەناو سۆشیالیستی و دیکتاتۆری بەناو پرۆلیتاریا داوەتەوە و بڕواناکەم هوشیاریی و کەتواریی جیهانی ئەمڕۆ و تاکەکان، هیچ کات بواری دووبارەبوونەوەی تراجیدیایەکی ئاوا بە گاڵتەجارییەوە بدات .

لێرەدا وەك دوا ڕستە حەزدەکەم ئەوە بڵێم و بیدرکێنم؛ خۆزگە سۆشیالیزم بە پارت و دەوڵەت و دیکتاتۆری بهاتایەتەدی، بەدڵنیاییەوە ئامادەدەبووم گیانی خۆم بکەمە مۆمی ڕێی سەرکەوتنی ئەو پارت و دەوڵەت و دیکتاتۆرییە، بەڵام داخەکەم تەنیا یەك خۆزگە دەیتوانی ئەوە جێبەجێ بکات و بەر بەو شکستانە بگرێت، ئەویش دەیتوانی ئەوە بێت، کە لە ساڵی ١٩١٨ەوە لە ڕوسیا بواری ئەنارکییەکان و مەنشەڤیکەکان و نادرۆنیکەکان و سۆشیالیستە شۆڕشگێڕەکان بدرایە، تاوەکو لەو جێیانەی کە جەماوەر بۆچوون و شێواز و کارکردی ئەوانی لەلا پەسەندە، تاقیبکەنەوە. چونکە بەدڵنیاییەوە نە ئەوەندە ئەنارکی و سۆشیالیست و کۆمونیست دەکوژران و نە ئەوەندەش جوتیار و کرێکاری بەدبەخت ڕەوانەی ئوردووگە و دوورخراوگەکانی سیبریا دەکران و نە ئەو ئەزموونەش ئاوا بە ئاسانی بەو سەرنجامەی ١٩٨٩ دەگەیشت و نە من و تۆش لەم ساتەدا لەبری ئەم مشتومرە هەزاربارەبووەوە، چاومان لەدیار کۆمیوتەرێك کزدەبوو و لەوانەشە لەم ساتەدا پارچە هۆنراوەیەکی پڕ یاداوەری پاش ڕاپەڕین یا بەسەرهاتی ئەڤیندارییەکی سەرکەوتوو یا باسی یارییەکی سەردەمی منداڵیمان بۆ یەکتر

دەگێڕایەوە یا لەوانەیە پێداویستی یەکترناسیمان نەماتایەتە بوون و (تامیر و هەژێن)ێك بەم بۆچوونانەی ئێستە لە نێۆماندا دروستنەدەبوون .

زۆر سوپاستان دەکەم و بە هاوڕێیەتی و هاوەڵیی کەسانی وەك ئێوە دڵخۆشم، کوردواتەنی " ئێمە مارکسیستەکان و ئەنارکیستەکان گوشتی یەکتر بخۆین، ئێسقانی یەکتر ناشکێنین" چونکە یەك ئامانجمان هەیە؛ ئەویش سۆشیالیزم و لەنێوبردنی سەرمایەدارییە، با هەر یەکەمان بە شێوازی خۆی لەو پێناوەدا درێژە بە خەباتی بدات.

**تاهیر سالْح شەریف**

ئەمشەو ڕەنگە نەتوانم هەموو سەرنجەکانم بنووسمەوە، چونکە بەڕاستی ماندووم و کۆمێنتەکانی بەڕێزیشتان تا ڕادەیەک درێژن و کۆمەڵێک بابەتی جیاوازیش تێکەڵ بەیەکترکراون.... سەرەتا لە هاورێ هەژێنەوە دەست پێدەکەم. هاورێ هەژێن سەدجار لەسەر هەقە کە مانا گریکییەکۆنەکە" پرۆلیتێر " بە هەموو ئەو کەسانە دەدات کە خاوەنی موڵکداری تایبەتی نین و کۆیلەی سەرمایەدارانن. تەعریفە گریکییەکە بە ڕای منیش دروستە و پێم وایە فەریدرەک ئەنگڵسیش لە پرەنسیپەکانی کۆمۆنیزمدا، وەڵامی ئەو پرسیارە [ پرۆلیتاریا کێیە؟... پرۆلیتاریا ئەو کەسەیە جگە لە فرۆشتنی هێزی کاری خاوەنی هیچ هۆیەکی بەرهەمهێنان نییە - هەڵبەت ئێستا فرۆشتنی هێزی فیکر و تەنانەت هێزی سێکسیش هاتۆتە سەر" sex workers "، چونکە لەسەردەمی ئەنگڵسدا، بەکاربردنی هێزی فیکری و هێزی سێکسی لە پرۆسەی کەڵەکەکردنی سەرمایەدا وەک ئەمڕۆ گەشەی نەکردبوو] بەجۆرێکی دیکە دەداتەوە. لەم ڕووەوە من هاوڕام لەگەڵ بەکاربردنی ووشەی پرۆلیتێردا بۆ ئەو کەسانەی کەخاوەنی هیچ موڵکایەتییەکی تایبەتی نین، جگە لە فرۆشتنی هێزی کار، هێزی فیکر و هێزی سێکسیان و ژیانی خۆیان لەوڕێگانەوە دابین دەکەن، بەڵام ڕەنگە بەو زووییە نەتوانم لە نووسینەکانمدا ئەو دەستەواژەیە بەکار ببەم، چونکە ئەمە پێویستی بە کات هەیە بۆ ڕوونکردنەوە و جێگیرکردنی لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردیدا.

**زاهیر باهیر**

کەواتە با هەمووومان پێک بێێن لەسەرواتای وشەی پڕۆلیتاریا کە لە سەدا ٩٩ کە دەگرێتەوە نەک وشەی کرێکاران کە فرۆشەری هێزی بازوو و زهنی و سێکسی دەفرۆشن کە کەما یەتین. دیسانەوە ببورن کە من بووم ڕام کێشان بۆ ئەو جەدەل، بەڵام سەرئەنجامێکی باشی دا بەدەستەوە کە ئەویش هەمووومانی یەکخست لە سەر ئەوەی کە هەمووومان مەبەستمانە، بەبەکارهێنانی پڕۆلیتاریا کە نزیکەی هەموو کەس دەگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا من پێشنیازی ئەوە دەکەم گەر هاوڕێیان ، هەمووتان بەلاتانەوە باش بێت ، لە کۆتایی مشت و مڕەکانماندا ئەمەی کە کردومانە لە م بوارەدا لە ماڵپەڕەکەی هاوڕی تاهیرو سەکۆی ئەنارکیستاندا بڵاو بکرێتەوە، دەشتوانیین هەواڵەی سایتەکانی تریشیا بکەین گەرچی دڵنیانیم کە هەموویان بڵاوی دەکەنەوە، بەڵام دڵنیام کە ڕەوەندوو پێنووسەکان و کۆمۆنەش بڵاوی دەکەنەوە. من دەزانم کە ڕینگە لە کۆتاییدا نەگەینە سەرئەنجامێکت وا بەڵام دڵنیام ئەمە بەسوود دەبێت گەر هاوڕێیانی تر لە لایەنە جیاجیاکانەوە ببینن و بێنە زمان. ئێمە هیچمان نەکردبێت، هەندێک شتی گرنگمان وتتوەو، لە هەمووشی گرنگتە بە گیانێکی هاوڕێیانەی پڕ لە ڕیزو خۆشەویستییەوە لە یەکتری چوینەتە پێشەوەو ، کە بێڕێزیو سوکایەتی بە فکری یەکتری و نە گیانی خۆ بە مامۆستایی زان و گومڕایی فکری تێدا بەدی ناکرێت. کە ئەمەش ڕەنگە هاندەرێک بێت بۆ نوسەری کورد و سیاسی کە زۆربەیان زمانییان زبرە بەرامبەر بە یەکتری.

**سیروان فاتیح**

پێمخۆشبوو، هەر لە سەرەتای مشتومڕەکەتاندا لەگەڵتاندا بوومایە، بەڵام بەداخەوە، بەهۆی بێبوارییەوە ئەو هەلەم بۆ نەڕەخسا .. تا لە ئێستادا ئەو هەلەم بۆ ڕەخسا و توانیم گشت کۆمێنتەکانی بەشداربووان بخوێنمەوە .. لێمببورن، گەر بڵێم لە گشتدا ئەمە خۆی، تێپەڕاندنی گەڕانە بەدوای ئەلگۆیەکی نوێ بۆ ڕزگار بوون لە سیستەمی چینایەتی، چونکە ڕەوتی باسەکە بووەتە ململانێیك لە نێوان دوو ڕەوتی تئیۆری یان بڵێن فکری و سیاسی. هەروەهاش بەو ئەندازەش نەچوونەتە سەر خوێندنەوەی مێژووی ململانێی چینایەتی تا ئەو ڕادەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی مێژوویەك خراوەتە پاڵ ڕەوتێکی سیاسی وەك ئەوەی هاوڕێ هەژین دەستنیشانیکردوە بە (بەلشەویکەکان) . هاوڕێیان با وەڵام و باسەکان لەسەر خودی مێژووی ململانێی چینایەتی بێت و لێکدانەوە لە ڕووداوەکان لە ڕاڤەی سیاسی تاقانەیی بهێنینە دەرەوە .. بەو مەبەستە، من ئەم چەند پرسە دەخەمە بەردەستی ئێوە .. من گومانم لەوەدا نییە، کە ئێوەش لەگەڵ مندا کۆکن، کە ململانێی چینایەتی ڕەوتی مێژووی مرڤایەتی ئاراستە دەکات.. گەر وایە با چەند پرسیارێك دژ بەم بۆچوونە بکەین، بۆ ئەوەی خەیاڵمان ڕاچەڵکێنین و بزانین بە چی دەگەین.

باشە بۆ قۆناغی سەرمایەداری بە دوای کۆتایی سەردەمی کۆیەلایەتیدا نەهات؟ بەڵکو سەردەمی فیودالی سەدان ساڵی تەمەن کرد ئەو کاتە قۆناغی سەرمایەداری لەدایکبوو؟!

با بپرسین بۆ لە هەناوی شۆڕشی فەرنسادا چینێکی نوێ لەدایکبوو، کە بە هەموو مانەیەك کەرستەی ژیان و ململانێ جیاوازی هەبوو لەگەڵ ڕابردووی خۆی؟ بەڵام ئەم چینە (چینی بۆرجوازی) لە شۆڕشی سپارتاکۆسدا هەر بوونشی نەبوو؟

با بپرسین ڕەوتێکی سیاسی چۆن بە تەنها توانی ئاراستەی شۆڕشی چینێك لەناو بەرێت وەك ئەوەی هاوڕێ هەژین بۆ شۆڕش لە ڕوسیادا دەیکات؟

یان دەکرێت بڵێن ئایە بۆ ئەوەی مرڤایەتی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی زۆر جیاواز لە پێشووی تێپەڕێت، مەرج نییە چینێێك یان توێژێك کە بەوە سەردەمە نامۆیە، لە هەناوی ئەو ململانێیەدا لەدایکبووبێت ؟

له ئەنجامدا، ناکرێت بپرسین کامەیە ئەو چینەی، کە  لە قۆناغی سەرمایەداریدا سەریدەرهێناوە و خاوەنی جۆرێکی زۆر جیاوازترە لە ژیانکردن لەوەی کە لە سەرمایەداریدا هەیە؟

تکایە، کەس پێمنەڵێت چینی کرێکارانە! چونکە ئەو چینەی کە لە هەناوی چ لە قۆناغی کۆیەلایەتی و چی لە قۆناغی دەرەبگایەتیدا هەبوو بەهیچ جۆرێك لەناو خودی ئەو سەردەمەدا لە ململانێکەدا جیگەی نەبوو. بەواتایەکی تر، من پێموایە چینێك خۆی لە ئاستێك و قۆناغێکی ململانێدا بوونی هەبوبێت، ناتوانێت خەون و ئومێدی ژیانێکی جیاواز لەو ململانێیەدا بهێنێتە بەرهەم وەك ئەوەی چۆن کۆیلەکانی سەردەمی ململانی لەگەڵ خاوەن کۆیلەکاندا، هەرگیز ئەنگیزە و شرۆڤەی جوتیارەکانی سەردەمی فیوداڵیان پێنەبوو، هەروەك ئەوەی هەر ئەو جوتیارە نارازییانەی سەردەمی فیوداڵی، لە کۆتایەکانی قۆناغەکەدا خاوەنی خەونی دنیای سەرمایەداری نەبوون. هەربۆیە لای من، وەڵام بەم پرسیارانە وەڵامە بە وجوودی دەوڵەت خۆی یان فۆرمی ژیانکردن خۆی.

من پێموایە باکۆنین لە رەخنەگرتن لە فۆرمێك ئۆرگانیزەکراوی وەك دەوڵەت تێنەپڕیوە، چونکە دەوڵەت تەحصیل حاصلە نەك بنەما .. بۆ من چەندە تۆ دووژمنکار بیت لەگەڵ ئەم ئۆرگانەدا هەبێت،  زۆر بایەخدار نییە، چونکە کۆمۆنیستەکانیش ئەم رەق و بیزاریەیان لێی هەیە. ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە، ئایا ململانێی چینایەتی ئەم سەردەمە تا ئێستا توانیویتی جۆرێك لە ژیانکردن بهێنێتە بەرهەم، کە ئەم فۆرمی ژیانکردنە تێپەڕاندبێت و لەناوئاخنەی خودی خۆیدا ناڵێم چینێك یان توێژێکی نوێ، بەڵکو هەر جوڵەیەك کە لە دەرەوە ئەو ململانێیەدا گەرای هەبێت؟

دوا شت، کە ماوە بیڵێم ئەوەیە، دەکرێت چینی کرێکار خاوەنی شۆڕش بێت، وەك چۆن کۆیلەکان و جوتیارەکان خاوەنی شۆڕش بوون، بەڵام گومانی گەورەم لەوە هەیە، کە چینی کرێکار هەڵگری خەونێکی تازە بێت بۆ مرۆڤاتی. بۆیە لە ئەزمونی ڕوسیاشدا نەیانتوانی بە سەر فۆورمی دەوڵەتدا تێپەڕ بکەنن، دواجار هەر شکڵێکی تری سەرمایەداریان بەرهەمهێنایەوە

**تاهیر ساڵح شەریف**

پاش دابڕانێک ... دووبارە سڵاو لە هاوڕێیانی بەشدار بوو. وەک لە کۆمێنتەکەی پێشوومدا وتم، باسەکان هەندێک تێکەڵ و پێکەڵ بوون و لەسەر سکەی ئەسڵی دەرچوون و چەند بابەتی جیاواز ئیزافەکراوە بۆ مناقشەکە. بەم حاڵەوەشەوە من دەمەوێت بگەڕێمەوە سەر پرسیارێک کە لەپێشەوە هاوڕێ زاهیر هێنایەکایەوە؛ چۆن دەوڵەت لەناو دەبرێت؟ پاش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لە ڕوانگەی خۆمەوە، دەگەڕێمەوە سەر بابەتە فەرعییەکان.... ئەم پرسیارە [ دەوڵەت چۆن لە ناوبرێ، یان چۆن لە ناودەبرێت؟ ]، پرسیارێکە کە جیاوازییەکانی مارکسیستەکان و ئەنارکیستەکان لە مامەڵە لەگەڵ کێشەی بوونی دەوڵەتدا دیاریدەکات. هەڵبەت هەم لەناو مارکسیستەکان و هەم لە ناو ئەنارکیستەکانیشدا، تێڕوانین و تێگەیشتنی جیاواز بۆ لەناوبردنی دەوڵەت بوونی هەیە. ئەوەندەی من لە بۆچوونەکانی مارکس و ئەنگلس تێگەیشتووم، ڕێگای لە ناوبردنی دەوڵەت، وەک ئامرازێکی سەرکوتی چینی بۆرژوازی، شۆڕشی کۆمۆنیستییە. شۆڕشی کۆمۆنیستی لەڕوانگەی مارکس و ئەنگلسەوە، بریتییە لەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی کە لەئەنجامی گەشەکردنی ئابوری و مێژوویی کۆمەڵگەوە ڕوودەدات. گەشەکردنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە هەر قۆناغێکدا، گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی بەدوادا دێت. پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، لە قۆناغی یەکەمدا، مەرجی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانن، بەڵام لەقۆناغی دووەمدا هێزەکانی بەرهەمهێنان بەڕادەیەک گەشەدەکەن، کە ئیتر پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان، کە پێشتر مەرجی گەشەکردنیان بوون، دەبنەڕێگر لە بەردەمیاندا. ئەم ناکۆکییە لە ژێرخانی کۆمەڵگەدا، لەسەر ئاستی سەرخانیشدا ڕەنگدەداتەوە و کۆمەڵگە لەگەڵ قەیرانێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فیکریدا بەرەوڕوو دەبێتەوە؛ ئەو قەیرانە ئەگەر نەگۆڕێت بە شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی، ئەوا خولێکی نوێ لەگەشەکردن و بوژانەوەی سەرمایە [ لێرەدا سەرنجی من لەسەر ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەدارییە، نەک کۆمەڵگەکانی پێش لەسەرمایەداری ] دەستپێدەکاتەوە. شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە لەم سرکڵە [ گەشەکردن - قەیران- گەشکردن ] دا بخولێتەوە. بۆیە بە ناچاری، لە دواشیکردنەوە ئەم سرکڵە دەشکێنرێت و شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەستپێدەکات. ئەم شۆڕشە، هیچ شتێک نییە جگە لە شۆڕشی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا، واتە ئەو چینەی کە خۆی بەشێکە لە هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. لەڕوانگەی مارکس و ئەنگڵسەوە، ڕوودانی ئەم شۆڕشە

[شۆڕشی کۆمۆنیستی]، پێشمەرجی خۆیی هەیە. ئەوان دوو پێش مەرج لە کتێبی ئایدیۆلۆژی ئەڵمانییەکەیاندا دیاریدەکەن؛ یەکەم، گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە چوارچێوەیەکی مێژوویی - جیهانیدا. دووەم، هوشیاری مرۆڤەکان دەربارەی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی داهاتوو، کە لەودا، خاوەندارێتی تایبەتی، دەوڵەت، چینە کۆمەڵایەتییەکان و نەتەوەکان لە نێودەچن و جیهان دەبێتە کۆمەڵگەیەک بۆ هەموو مرۆڤەکان. ئەوەی کە وتم تێڕوانینێکی گشتی و ئەبستراکی مارکس و ئەنگڵسە دەربارەی شۆڕشی کۆمۆنیستی کە دەوڵەت لە ناو دەبات، بەڵام لە ئاستێکی کۆنکرێتیشدا، ئەوان کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دابەش دەکەن بەسەر دوو قۆناغدا، هەروەک هاوڕێ زاهیریش لەسەرەوە ئاماژەیەکی ناڕۆشنی پێداوە؛ قۆناغی یەکەم، قۆناغێکە کە [دەوڵەت ] هێشتا بە مانای دەوڵەت لەناوناچێت. ئەم دەوڵەتە، ناو لێدەنێن [ دەوڵەتی سۆشیالیستی - دیکتاتۆری پرۆلیتاریا ]. پێویستی ئەم دەوڵەتە چییە؟ ئایا ئەزمونی سۆڤیەت، کە بەردەوام هاوڕێ هەژێن و هاوڕێ زاهیر ئاماژەی پێدەکەن و یەکسانی دەکەن بە شکستی [ تیۆری دەوڵەتی پرۆلیتاریاکەی مارکس]، هەمان " ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس "ە، کە مارکس تێزی " دەوڵەتی پرۆلیتاریا، یان دیکتاتۆری پرۆلیتاریا]ی لێ ئیستنتاجکرد؟.... ئەم باسە بەجێدەهێڵم بۆ سبەی شەو.... درێژەی دەبێت. تکایە ڕێگەبدەن ئەم باسە لەسەر " دەوڵەت چۆن لە ناو دەچێت "، کە تەوەرەی سەرەکی جەدەلەکەمان درێژە پێبدەم و باسەکە لەسەر سکەی خۆی ڕابگرن تا دوا ئەنجامگیری خۆم دەنووسمەوە.

**زاهیر باهیر**

هاوڕێ سیروان گەلێک بەخێربێت بۆناو ئەم جەدەلەو دڵنیاشم بە سەلیقەو ڕاو بۆچونەکانت ، جەدەلەکە بەرەوە پێشەوە تر دەبەیت. من هەندێک سەرنجم هەیە بەڵام کە ئەوەی هاوڕێ هەژێنم بینی ، لەوە دەکات کەم و زۆر یەک سەرنجمان هەبێت، هەر لەبەر ئەمەش من بەجێی دەهێڵم بۆ ئەو تاکو خۆمان لە بێوەختی و دووبارەکردنەوە بپارێزین. هاوڕێ تاهیر سەڵاوی گەرمم: من لێرەدا تاکو سەرنجەکانت دەنوسیتەوە یەک دوو شتێک دەڵێم بۆ ئەوەی شتەکانم بەسەردا کەڵەکە نەبێت. یەکەمیان، بە داخەوەم کە یا ژیان بواری مارکسی نەدا تاکو ئەو چەواشەیە لە مەسەلەی دەوڵەت بەگشتی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری ن بەتایبەتی ەهێڵێلێت، یا خوود خۆی پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە ئەوەی کە لە بەرنامەی غۆتادا ، لەسەر دەوڵەت نووسیوێتی ، لە پاش خۆی دەبێتە کێشەیەکی گەورەو کارەسات بۆ هەر هەموو سۆشیلیستەکان و ئەوانی تریش بەجی دەهێڵیت. بەهەرحاڵ ئەوەندەی من هەستی پێبکەم مارکس لەگەڵ دەوڵەتدا نەبووە چونکە ئەو یەکەم پارتی و پاتگەڕایی نەخواستووە قەتیش لە ژیانیا سەر بە پارتێک نەبووە ، دووهەمیشیان ئەو ئەوەی ، کە وەکو تۆش یادت خستینەوە، کۆمۆنەی پاریسی بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری زانیوە نەک دەوڵەتێکی پڕۆلیتاری. کە من ئالەمەیاندا ناکۆکیم نییە لەگەڵ مارکس دا جگە لە ڕونکردنەوەی هەندێک شتەوە نەبێت . دووهەمیان ، من داوای لێبوردنتان لێدەکەم کە دوو مەسەلەم کێشکردبێتە ناو جەدەلەکەوە کە یەکەمیان قسە لەسەر چینی کرێکاران بوو کە من بە کەمایەتیم زانیوەو دەزانم ، ئەمەش هەر لەبەر دەوڵەت بوو کە ئەوە بڵێم وەکو پێشتر وتومە، کە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتارییەکەیان حوکمی کەمایەتی دەبێت. بەڵام سوپاس بۆ هەمووتان بە تایبەت هاوڕێ هەژێن کە لای من ئێستا ئەو کێشەیە حەلبووە. دووهەم کێشەی دەوڵەت، من بۆیە پێم لەسەر زیاتر لە سەر هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت دادەگرت ، تاکو چۆن کۆمەڵگەی کۆمۆنیزم، سۆشیالیزم ، بینا دەکرێت بێ دەوڵەت. ، چونکە من ئەوە بەگرنگ دەزانم کەگەر هەموومان دەرک بە مەترسی دەوڵەت بە هەموو چەشنەکانییەوە، دەوڵەتی پرۆلیتاریش بە تانبەتی ، بکەین. خۆ گەر هاوڕا نەبین لەسەر ئەم هەنگاوەی یەکەم ، ساغکردنەوەی مەسەلەی دووهەم کە کۆمەڵگەی داهاتووە، زۆر گران، دەبێت، گەرچی ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نابێت قسەی لەسەر بکەین.

**تاهیر سالح شەریف**

دووبارە سڵاو لە هاوڕێیانی بەشداربوو ... پێم وایە کە ئیدیتۆرەکەی فەیسبوک تەنها چەند سەد ووشەیەک زیاتر پۆست ناکات. بۆیە ناچارم بە دوو یان بە سێ جار درێژەی باسەکەمتان بۆ پۆست بکەم و دوا بەشیش لە شەوانی داهاتوودا پۆستی دەکەم. دوای ئەوە چاوەڕێی سەرنج و تێبینییە ڕەخنەییەکانی هاوڕێیان کاک زاهیر و کاک هەژێن و هاوڕێیان بەشداربووی دیکە دەکەم.

لێرەوە دەست دەکەمەوە بە درێژەدان بە باسەکەم و بەم پرسیارانە دەستپێدەکەم؛ بۆچی شۆڕشی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا دەبێت قۆناغبەندی بکرێت؟ پێویستی، دەوڵەت و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە ڕوانگەی شۆڕشی کۆمۆنیستییەوە چییە؟ ئایا ئەوەی کە لە سۆڤییەتدا بەڕابەرایەتی مەنشەفییەکان و بۆڵشەفییەکان ڕوویدا شۆڕشی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا بوو بەو چەمکەی کە مارکس و ئەنگلس لە نووسراوەکانی خۆیاندا هێناویانەتەکایەوە؟.

ئەزمونی مێژوویی گۆڕانکاری لە شێوەکانی بەرهەمهێنان و فۆرماسیۆنە ئابوریی-کۆمەڵایەتییەکاندا پیشانیدەدات کە هیچ یەکێک لەشێوەکانی بەرهەمهێنان و فۆرماسیۆنە ئابوریی- کۆمەڵایەتییەکان لە ناکاو و کتوپڕ جێگۆڕێکیان نەکردووە. نە شێوەی بەرهەمهێنانی کۆیلەداری کتوپڕ جێگای خۆی چۆڵکردووە بۆ شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتی و نە شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگایەتیش بە خێرایی و بە ئاسانی جێگای خۆیداوە بە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. ئەم کێشەیە، ئەوە پێمان دەڵێت کە گۆڕانکاری لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا، بە ڕاستە هێڵێکی مێژوویدا نەڕۆیشتووە و هیچ یەکێک لە شێوەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی نەیتوانیوە یەک شەوە شێوەی بەرهەمهێنانی پێش لەخۆی بەیەکجاری بسڕێتەوە. لەگەڵ سەرهەڵدانی هەر شێوەیەکی بەرهەمهێنانی نوێ لە منداڵدانی شێوەی بەرهەمهێنانی کۆندا، پرۆسێسێکی درێژخایەن لە گەشەکردن، گەورەبوون، پیربوون و پوکانەوەی توخمە پێکهێنەرەکانیان تێکچرژاون و لێکئاڵاون کە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیان تووشی پێچاوپێچ و هەوراز و نشێوی سەیرو سەمەرەکردووە. ئەمەش بەو مانایەیە کە مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەڕاستە هێڵێکی بێ گرێ و گۆڵدا نەڕۆیشتوە و ناڕوات، بەڵکو بە ڕێگایەیەکی پڕ لە گرێ و گۆڵ و هەورازو نشێودا ڕۆیشتووە و دەڕوات.

ئەوە لە ئیرادەو توانای کەسەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش، وەک ئۆرگانی زەبروزەنگ و ئامرازی سەروچینایەتیدا نەبووە و نییە کە مێژوو بخەنە سەر ڕاستەهێڵێک کە خۆیان مەبەست و ئامانجیان بووە، واتە ڕەوتی گەشەکردنی مێژوویی کۆمەڵگە بخەنەدەرەوەی ئەو هێڵە پێچاوپێچ و پڕلە گرێ و گۆڵەی کە ناکۆکی نێوان پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان لە هەر فۆرماسیۆنێکی ئابوریی - کۆمەڵایەتیدا بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دیاریدەکات، . ئەوەش بۆمان ڕووندەکاتەوە کە مێژوویی مرۆڤایەتی خاوەنی یاسای گەشەکردنی خۆیەتی و ئەو یاسایانەش لەدەرەوەی ئیرادەی کەسەکان و چینە کۆمەڵایەتییەکانەو بەسەر بەخۆ لە ئیرادەو مەیلی ئەوان کاردەکەن و دەجولێنەوە. لە ناوبردنی یەکجاری دەسەڵاتی ئابوریی، سیاسیی و ئاینی دەرەبەگەکان و ئەرستۆکراتی، خواست و ئارەزووی چینی بۆرژوازی تازەپێگەیشتووی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری لە منداڵدانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی دەرەبەگیدا بە ئاستێک لەگەشەکردن نەگەیشتبوو تا چوارچێوەی ئەو پەیوەندییانە تێکبشکێنێت کە ڕێگربوون لەبەردەمی گەشەکردنی زیاتریاندا، چینی بۆرژوازی توانای نەبوو کە خواست و ئامانجەکانی خۆ بەدیهێنێت و پراکتیزەیان بکات. چینی بۆرژوازی لە ئەنجامی زنجیرەیەکی درێژ لە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و بازرگانیدا توانی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بێتە مەیدانی ململانێی ئاشکراوە لەگەڵ چینی دەرەبەگی دەسەڵاتداردا. ئەم چینە دەستیدایە خەباتێکی هەمەلایەنە لە دژی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی. ئامرازی یەکالاکردنەوەی ئەو خەباتە پێکهێنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنانی نوێ [ سەرمایەداری ]بوو لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی نەتەوەییدا. دەوڵەتی نەتەوەیی، ئاڵۆزترین پێکهاتەی سیاسیی بوو کە دەبووایە نەک تەنها پاشماوەکانی دەسەڵاتی فیوداڵی پێڕابماڵێت، بەڵکو دەبووایە وەک شمشێرێکیش بەسەر ئەو چینە نوێیە [ پرۆلیتاریا ]وە ڕابیگرێت کە تازە لە منداڵدانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا گەشەیکردبوو. چینی بۆرژوازی لەگەڵ ئەوەدا کە لەڕووی مێژووییەوە چینێکی لە ڕادەبەدەر شۆڕشگێربوو بەرامبەر بە سیستەمی دەرەبەگایەتی و لەهەر شوێنێک دەسەڵاتی سەقامگیر دەبوو، بێڕەحمانە پەیوەندییە ئابوریی، سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکانی دەرەبەگایەتی لەبەریەکهەڵدەوەشاندەوە، یان لاوازی دەکردن، بەڵام بەو حاڵەشەوە پرۆسەی سەقامگیربوونی مێژوویی دەسەڵاتی ئابوریی، سیاسیی،

کۆمەڵایەتیی و کڵتورییەکانی سەرمایەداری و چینی بۆرژوازی، چەندین سەدە درێژەی کێشا. جێگیربوونی سەرمایەداری وەک فۆرماسیۆنێکی ئابوری- کۆمەڵایەتی و مێژوویی، لەهەنگاوی یەکەمدا نەیتوانی کۆمەڵێک توخم و پاشماوەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی دەرەبەگی لەناوببات و لە هەنگاوەکانی دواتردا ئەو پرۆسەیەی بەسەرئەنجامی یەکجاری خۆی گەیاند. لەم ئاستە لە باسەکەدا، من دەمەوێت بگەمە ئەنجامگیرییەکی کۆنکرێت دەربارەی گۆڕانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بۆ شێوەی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیستی؛ شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، ئاڵۆزترین، تێکچڕژاوترین و بە تواناترین شێوەی بەرهەمهینانە لە مێژوویی کۆمەڵگە چینایەتییەکاندا. ئەم سیستەمە سەرەڕای قەیرانە کوشندە دەورەییەکانی، توانای خۆ نوێکردنەوە و خۆ بوژاندنەوەی هەیە و تا ئێستا چەندین قەیرانی مەرگهێنەری تێپەڕکردووە. ئەم شێوە بەرهەمهێنانە، بە خێرایی و بەئاسانی جێگای خۆی نادات بەشێوەی بەرهەمهێنانی کۆمۆنیستی. ئەم پرۆسێسە درێژ خایەنە، بەڵام سەرئەنجامی هەیە و جێگۆڕکێکردنی بەشێوەی بەرهەمهێنایی کۆمۆنیستی حەتمییە،چونکەئەم شێوە بەرهەمهێنانە ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە خۆی لەدەست حوکمی ئەو یاسا کوێرانە ڕزگار بکات کە لەدەرەوەی دەسەڵات و ئیرادەی چینی بۆرژوازی دەسەڵاتداری ئەمڕۆ خۆیان بەسەریدا سەپاندووە.

ئەمڕۆ هێزەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە ڕادەیەک گەشەیانکردووە، کە ئیتر گونجاندنیان لە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا مەحاڵە، بەڵام ئەوەی کە ئەم هێلکەیەی بەسەر پەتەکەوە ڕاگرتووە، دەوڵەتە. دەوڵەت، تەنها ئەو تەعریفە گشتییە نییەکە ئامڕازی چینێکە بۆ سەرکوترکردنی چینێکی دیکە، دەوڵەتی بۆرژوازی ئەمڕۆ پێویستی بە شیکردنەوەیەکی کۆنکرێتر و هەمەلایەنتر هەیە؛ دەوڵەت حیزبەکانە، دەوڵەت سوپایە، دەوڵە ڕاگەیاندن و میدیایە، دەوڵەت ڕێکخراوە پیشەییەکانە، دەوڵەت ئایدیۆلۆژییە، دەوڵەت ئیستبداد، دیموکراسی و سیاسەتە، دەوڵەت ئاین و کڵتورە، دەوڵەت، پەروەردەوفێرکردنە، دەوڵەت نەتەوەو نیشتمانەو.... دەوڵەت ئەختەبوتێکە هەموو پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی مرۆڤی هاوچەرخی بەخۆیەوە بەستۆتەوە. بەم حاڵەشەوە، دەوڵەت، ئامڕازێکە بۆ بەرگرتن بە ئاڵوگۆڕێکی نوێ کە دەبێت لە مێژووی کۆمەڵگەی جیهانیدا ڕوو بدات. ئەو ئاڵوگۆڕە، هیچ شتێک نییە جگە لە ڕزگارکردنی مرۆڤی بەرهەمهێنەر لە دیلێتی کرێ گرتەیی. ڕزگاربوونی مرۆڤی هاوچەرخ لە دیلێتی کرێگرتەیی، ڕزگارکردنی هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکانی

کۆمەڵگەشە لەو تەوقەی کە پەیوەندییەکانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەستاو لەسەر خاوەندارێتی تایبەتی لەگەردنیکردووە و نایەڵێت هێزە بەرهەمهێنەرە مادییەکانی کۆمەڵگە تا ئەو ڕادەیە گەشە بکەن کە گشت مرۆڤایەتی لەسایەیاندا بحەسێتەوە. بۆیە لە ناوبردنی دەوڵەتی بۆرژواکان، هەنگاوی یەکەمە بۆ ڕزگاری مرۆڤایەتی لە کۆیلەیەتی کرێگرتەیی. دەوڵەتیش، بەو پێکهاتە عەنکەبوتییەی ئێستایەوە لەناو ناچێت، مەگەر ئەوە مرۆڤی بەرهەمهێنەر و کۆیلەی کرێگرتە لەم ڕژێمەدا دەست بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین ببات. شۆڕش و ڕاپەڕین، بە واتای لەناو بردنی دەوڵەتە، بەڵام ئەی دوای ئەمە چی؟ ئایا بۆرژواکان، دەست لە پلانگێڕی و خۆ سازدانەوە بۆ گرتنەوە دەستی دەسەڵات و دروستکردنەوەی [ دەوڵەت ] هەڵدەگرن؟! بێگومان، وەڵامەکە نێگەتیڤەو ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس ئەم ڕاستییەی سەلماند. کۆمۆنەی پاریس، هیچ شتێک نەبوو جگە لە دەوڵەتی پرۆلیتاریا. دەوڵەتێک کە پایەی سەرەکی خۆی لەسەر دیکتاتۆری بۆسەرمایەداران و دیموکراسی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە دارشت بوو. دووبارەبوونەوەی کۆمۆنەی پاریسێکی دیکە لە هەرشوێنێکی دنیادا، بە ناچاری هەمان تایبەتمەندی [ دەوڵەت بوون و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوون] لەخۆی دەگرێت. تۆ هەر ناوێکی دیکەی لێبنێیت، لە ڕووی کارکردەوە هەمان شتە. ڕێگای دووەم بۆ گواستنەوە لە قۆناغی سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی کۆمۆنیزم، جگە لە [دەوڵەتی پرۆلیتاریا ؛ یان دیکتاتۆری پرۆلیتاریا]بوونی نییە [ ئەگەر هاوڕێیان ئەنارکیست ڕێگەی دووەمیان لایە، با پێشنیاری بکەن، ڕێگایەک کە جیاوازتر لە ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس بێت ]. پرسیار ئەوەیە کە ئابوریی سەردەمی دەوڵەتی پرۆلیتاری چ جۆرە ئابورییەکە؟لە دیدگای مارکس و ئەنگلسەوە، ئابوریی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی پرۆلیتاریا، ئابورییەکی کۆمۆنیستییە کە لە هەناوی کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە هاتۆتە دەرەوەو بە ناچاری مۆرکی شێوەی بەرهەمهێنانی پێش خۆیی [سەرمایەداری ] پێوەیە،بەڵام لە قۆناغی گەشەکردنی دواتریدا، واتە قۆناغێک کە دەوڵەتی پرۆلیتاریش هەموو زەرورەتێکی خۆی لەدەستدەدات و دەوڵەت بۆ هەتاهەتایە لەناودەچێت، ئابوریی کۆمۆنیستی کۆمەڵگە لەسەر بناغەی تێزی [ لەهەرکەس بە پێی توانایییەکەی و بۆ هەکەس بەپێی پێویستییەکەی ] بینادەکرێت [ مارکس- ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا].

بۆ ئەمشەو ئەوەندە دەتوانم و لێرەدا ناچارم باسەکە ڕابگرم بۆ شەوانی داهاتوو، کە وەڵامی دواپرسیاری سەرەوە [ ئایا ئەوەی کە لە سۆڤییەتدا بەڕابەرایەتی مەنشەفییەکان و بۆڵشەفییەکان ڕوویدا شۆڕشی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا بوو بەو چەمکەی کە مارکس و

ئەنگڵس لە نووسراوەکانی خۆیاندا هێناویانەتەکایەوە یان شتێکی دیکە بوو؟] دەدەمەوەو دواتر گوێگر و خوێنەری سەرنج و ڕەخنەکانی هاوڕێ زاهیر و هەژێن دەبم لەسەر ئەوەی کە لەڕوانگەی خۆمەوە دەربارەی لەناوبردنی دەوڵەت وتومە.

******

ئایا ئەزمونی شکستخواردووی سۆڤیەت، بەڵگەیە بۆ شکستی تیۆری و تێزی " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا " مارکس؟ ئایا ئەوەی کە لە ١٩١٧ی ڕوسیادا ڕوویدا" شۆڕشی کۆمۆنیستی" بوو بەو چەمکەی مارکس و ئەنگڵس لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی و مانیفێستی کۆمۆنیستدا پێشنیاریانکردووە؟ با لە پرسیاری یەکەمەوە دەستپێبکەم. بە بڕوای من و ئەوەندەی کە سەرنجم داوەتە سەر سیاسەت و ئابوریی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی ڕوسیا، هەرگیز " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" لە سۆڤیەتدا جێگیر نەبووە. واتە شۆڕشێک بە گەورەی و شکۆداری وەک شۆڕشی ئۆکتۆبەر، هەرگیز شۆڕشێکی کۆمۆنیستی نەبووە بەو چەمکەی کە من لە کتێبی ئایدیۆلۆژی ئەڵمانیا، مانیفێست و ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتای مارکس و ئەنگلسدا خوێندوومەتەوە و لێیتێگەیشتووم. هەربەم هۆیەشەوە، ناتوانم بڵێم ئەو دەوڵەتەی کە بەدوای ڕوخانی ئیمپراتۆریەتی قەیسەر و سەرکەوتنی شۆڕش لە ڕوسیادا هاتە کایەوە، " دەوڵەتی سۆشیالیستی سەردەمی گواستنەوە بووە بۆ قۆناغی کۆمۆنیزم"، واتە ئەو سەردەمەی کە " دەوڵەت " هەرجۆرە زەرورەتێکی مێژوویی خۆی لەدەستدەدات و کۆمەڵگە بە بێ بوونی دەوڵەت خۆی بەڕێوە دەبات.

ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە پایەی بابەتی تیۆری " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا " و "شۆڕشی کۆمۆنیستی " مارکس و ئەنگڵسی لەسەر بنیاتنراوە، لە ڕوسیای سەردەمی قەیسەر تا ڕوخانی ئەو ڕژێمە لە ١٩١٧دا، ئەو چینە تا ئەو ئاستە گەشەی کۆمەڵایەتی نەکردووە کە بتوانێت وەک چینێک پەیامی مێژوویی خۆی بەسەرئەنجام بگەیەنێت و شۆڕشی کۆمۆنیستی بەرپا بکات. ئامارەکانی ئەو سەردەمە لەلایەک و دەقی نووسراوەکانی لینین، ترۆتسکی، بوخارین، پراوپراژنیسکی و باسەکان دەربارەی سیاسەتی ئابوریی نوێ " نیپ " و پرۆژەی پیشەسازیکردنی سۆڤیەتی سالانی ١٩٢٨ و بۆسەرەوە، هەموویان پێمان دەڵێن کە چینی کرێکار،لەڕووی کۆمەڵایەتی و چەندایەتییەوە لەو ئاستەدا نەبووە کە بتوانێت " شۆڕشی کۆمۆنیستی " بەرپا بکات. کۆمەڵگەی ڕوسیای سەردەمی قەیسەرو تا سالانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کۆمەڵگەیەکە کە ژێرخانەکەی لە کۆمەڵێک توخمی ئابوریی جیاواز [ سەرمایەداری،

دەرەبەگایەتی و تەنانەت پەتریاکی ] پێکهاتووە. ئابوریی و ژێرخانێکی لەوجۆرە، کە تێیدا پەیوەندییەکان وهێزەکانی بەرهەمهێنان بە ئاڕاستەی سەرمایەداریدا گەشەی نەکرد بێت و لە ناکۆکیدا نەبن، ناتوانرێت شۆڕشی کۆمۆنیستی لەسەر بەرپابکرێت [ هەروەکو ئەوەی کە مارکس و ئەنگڵس لە کتێبی ئایدیۆلۆژی ئەڵمانیدا ئاماژەی پێدەکەن و ناکۆکی نێوان پەیوەندییەکانی بەرهەم هێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنان بە پێشمەرجی ماددی شۆڕشی کۆمۆنیستی دەزانن]. ئەو شۆڕشەی کە لە ڕوسیای ١٩١٧دا ڕوویدا، شۆڕشێکی گەلی و پۆپۆڵیستی بوو. سەربازان، جوتیاران، وورده بەرهەمهێنەران، خوێندکاران و کرێکاران هێزی بزوێنەری بوون، بەڵام ئەم شۆڕشە گەلییە [ کە وورده بۆرژوازی بەرفراوانترین بەشی کۆمەڵایەتی ئەو شۆڕشە بوو ] لە ژێر ناوی شۆڕشی کرێکاری و سۆشیالیستیدا ڕوویدا. ئەوەشی کە ڕابەرایەتی شۆڕش ئەو چین و توێژانەیکرد بۆ ئەم شۆڕشە، مەنشەفییەکان و بەڵشەفییەکان بوون و لەژێر ناوی مارکسیزم و بە ئیلهام وەرگرتن لە تیۆرییەکانی مارکس و ئەنگڵس،ئەو چین و توێژانەیان خستە قاڵبی حیزبییەوە بۆ ململانێ لەگەڵ دەوڵەتی ئیستبدادی و دیکتاتۆری قەیسەردا، کە سەرئەنجام بە ڕووخانی قەیسەر و گرتنە دەسەڵاتی سیاسیی و دەوڵەت لەلایەن بەڵشەفییەکانەوە کۆتایی پێهات....

حیزبی بەڵشەفیک، ئەگەرچی توانی لە پێوەرێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا، چینی کرێکاری ساوای ڕوسیا لە دەوری سیاسەت و ئامانجەکانی کۆ بکاتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو نییەت پاکی، سەمپاثی و دڵسۆزییەکی ڕابەرانی بۆ ڕزگاری چینی کرێکار و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی، نەیدەتوانی حیزبی ئەو چینە بێت و بە ناچاری دەبوایە خۆی تەسلیم بە ڕەوەندێکی مێژوویی بکات کە لەدەرەوەی، مەیل و خواست و ئیرادەی ئەو، یاساکانی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە ئابوریی و ژێرخانییەکانی کۆمەڵگەی ڕوسیا بەسەریدا دەیسەپاند. شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ نەیدەتوانی دەسەڵاتی سیاسیی بخاتە دەستی چینێک کە هەم لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە کەمایەتییەکی کۆمەڵگەی ڕوسیای ئەو سەردەمەی پێکهێناوەو گەشەی مێژوویی نەکردووەو هەم هوشیاری دەربارەی شۆڕشی کۆمۆنیستی نەبووە. حیزبی بەڵشەفیک نەیدەتوانی ئەو بۆچوونەی مارکس و ئەنگڵس، کە لە مانیفێستی حیزبی کۆمۆنیستدا بەیانیانکردووە [کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندیەکی جیاواز لە بەرژەوەندی پرۆلیتێرەکان نییە ...- یان؛ کۆمۆنیستەکان پرەنسیپێکی تایبەت ناهێننەکایەوە کە بزووتنەوەی پرۆلیتاریا بخاتە چوارچێوەی خۆیەوە..- یان؛ کۆمۆنیستەکان لەخەباتی پرۆلیتاریای نەتەوە جیاوازەکاندا، ئەوان تەنها بەرژەوەندی گشت

پرۆلیتاریای جیهان لەبەرچاو دەگرن] پراکتیزە بکات. حیزبی بەڵشەفیک، بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانی مارکس و ئەنگڵس لە مانیفێستدا؛ بەڵشەفییەکانی پرەنسیپێکی تایبەتیان هێنایە کایەوە کە بزووتنەوەی پرۆلیتاریای ڕوسیای خستە قاڵبی خۆیەوە؛ حیزب ئەو پرەنسیپەیە کە پرۆلیتاریای ڕوسیای لە قاڵبدا. مارکس و ئەنگڵس حیزبیان بە هۆکارێک بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی پرۆلیتاریا بە پێویست دەزانی، بەڵام هەرگیز حیزبیان بە مەرجی ڕزگاری پرۆلیتاریا و بەرپاکردنی شۆڕشی کۆمۆنیستی نەدەزانی. ئەوان یەکێتی کۆمۆنیستەکان و ئەنتەرناسیۆناڵی یەکەمیان، وەک یەکەمین حیزب و ڕێکخراوەی کۆمۆنیستی دروستکرد، بەڵام هیچ یەکێک لەو دوو ڕێکخراوە سیاسییەیان بە پیرۆز نەزانی و خۆشیان بەشداریان لە هەڵوەشانەوەیدا کرد. لێنین و بەڵشەفییەکان وایان نەکرد. ئەوان حیزبیان لە جوڵانەوەی پرۆلیتاریای ساوای ڕوسیا پێگرنگتر بوو. ململانێ حیزبییەکانی لینین و ئەوانی دیکە کە لەسەرەوەی حیزبی بەڵشەفی [حیزبی کۆمۆنیستی دواتر] دا بوون لەسەر ئینشقاق، یان یەکگرتوویی، لەسەر یەک ڕوانگەیی و یەک دروشمی حیزب، هەموویان بەو ئاکامە شکانەوە کە حیزب نەک پرۆلیتاریای ڕوسیا، بەڵکو گشت کۆمەڵگەی ڕوسیای خستە قاڵبی ئەو مەبادیئانەوە کە حیزبی بەڵشەفی دایهێنابوون. ئەم حیزبە سەرەڕای ئەوە کە پاڵپشتێکی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پرۆلیتێری دنیا بەدەست هێنا، بەڵام تەنها بەرژەوەندی دەسەڵاتە ڕوسییەکەی خۆی لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و پرۆلیتێری جیهانی بەلاوە گرنگتر بوو!. ئینشقاق دروستکردن لە ئەنتەرناسیۆناڵی دووەم و دروستکردنی ئەنتەرناسیۆناڵی سێهەم، کە خۆی تێیدا باڵا دەست بوو، نموونەیەکەو سەدان نموونەی دیکە لە بەرژەوەندی نەتەوەیی ڕوسیانەی حیزب و دەسەڵاتی بەڵشەفیکی لەبەردەستدان کە بەرژەوەندی جیهانی کۆمۆنیستی و پرۆلیتاری کراوە بە قوربانیان.... لەم ئاستە لە باسەکەدا، دەمەوێت بە ئەنجامگیرییەکی کۆنکرێتر بگەم؛ لەپێشەوە وتم، کە بەجیا لە نیەت و ئارەزووە کۆمۆنیستییەکانی ڕابەرانی بەڵشەفیک، کۆمەڵگەی ڕوسیا لەگەڵ کێشەو گرێ کوێرەیەکی بابەتی و مێژوویدا بەرەوڕوو بوو بوو. ڕژێمی قەیسەری نەیتوانی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و ئەو گرێ کوێرەیە بکاتەوە. ئەو کێشەو گرێ کوێرە بابەتی و مێژووییە، شتێک نییە جگە لە [ گەشەکردنی پەیوەندییەکان و هێزەکانی بەرهەمهێنان ] لە چوارچێوەیەکی سەرمایەداریدا. سیاسەتی داگیرکارانە و شەڕەکانی ڕژێمی قەیسەر لەگەڵ دنیای دەرەوەدا، هێزی کۆمەڵایەتی و فیکری کاری ڕوسیای لە بوارێکی نابەرهەمهێنی فراواندا بەگەڕ خستبوو؛ بواری سەربازی و چەکهەڵگرتن بۆ سوپا. ئەمە، ئابوریی ڕوسیای لەبواری گەشەکردنی پیشەسازی و تەکنەڵۆژیدا ئیفلیج و لاواکردبوو. لەبواری کشتوکاڵیشدا، پەیوەندییە ئاغاو

ڕەعیەتییەکانی لە پێوەرێکی بەریندا هێشتبووەوە و کۆمەڵگەی ڕوسیا، کۆمەڵگەیەکە کە پێویستی بە گۆڕانکارییەکی ئابوریی و مێژوویی هەیە، بەڵام ڕژێمی قەیسەر ڕێگرە لەبەردەم ئەو ئاڵوگۆڕە ئابوریی و مێژووییەدا. لەڕوانگەی مێژوویی کۆمەڵگەی ڕوسیاوە، دەسەڵاتی ٣٠٠ ساڵەی قەیسەر مەحکومە بە ڕوخان.

مەنشەفییەکان و بەڵشەفییەکان ئەم کارەدەکەن و قەیسەر دەڕوخێنن. دواتر بەڵشەفییەکان دەسەڵاتی سیاسیی و دەوڵەت لەدەست دەگرن و دیکتاتۆری خۆیان بە ناوی دیکتاتۆری [کرێکاران، جوتیاران و سەربازان ]ی ڕێکخراو لە شوراکاندا بەسەر کۆمەڵگەی ڕوسیادا دەسەپێنن. شوراکان، بەکردەوە شورای کرێکاران، سەربازان و جوتیاران نین [ هەرچەندە ئەوان هێزی پێکهێنەری شوراکانن]، بەڵکو شوراکان لەلایەن حیزبی بەڵشەفیکەوە، لەسەرەوەڕا کۆنترۆڵ کراون و بەرەو بەهێزکردنی دیکتاتۆریەتی حیزبی ئاڕاستە دەکرێن. دەوڵەتی سۆڤیەتاتی دوای شۆڕش، دەوڵەتی حیزب و سەرانی حیزبی بەڵشەفیکە. دەوڵەتی حیزبی بڕیارە سیاسیی و ئابورییەکان دەدات. ئەم دەوڵەتەلە ڕووی سیاسیەوە، هەنگاو بە هەنگاودەست دەکات بە پێشێلکردنی ئازادییەکانی هاوڵاتیان، تەنات بەشێک لەو ئازادیانەی کە چەندین ساڵ دروشمی قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆیشی بوون لەسەردەمی قەیسەردا. لەڕووی ئابوریشەوە، دەوڵەتی بەڵشەفیکی دەست دەکات بە کردنەوەی گرێ کوێرە مێژووییەکەی ڕوسیا؛ لە چەند پلانی ئابوریی پێنج ساڵەدا، کۆمەڵگەی ڕوسیا لەڕووی پیشەسازییەوە دەباتە ئاستی وڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتووی ڕۆژئاوا. دەوڵەت دەبێتە خاوەنی ئابوریی و پیشەسازییەکی بەهێز و گشت ئابوریی سۆڤیەت دەکەوێتە ژێر دەستی دەوڵەتی بەڵشەفیکییەوە، بەڵام ئەم دەوڵەتە ناتوانێت ئەرکی مێژوویی گەشەکردنی سەرمایەداری ڕوسی لە ئەستۆ بگرێت، مەگەر ئەوە کە کەسێکی دیکتاتۆری بەهێز سوکانەکەی لەدەست بگرێت؛ ئەو کەسە لە ناو حیزبی کۆمۆنیستدا ئامادەکراوە؛ ستالین. ستالین ئەو کاراکتەرە بەهێزەیە کە مێژووی گەشەکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی دەهێنێتە سەر شانۆکە. سەرمایەداری لە ڕوسیای دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا نەیدەتوانی گەشەبکات، مەگەر ئەوە کە دەوڵەتێکی بەهێز زەمینە جۆراوجۆرەکانی بۆ بڕەخسێنێت و خۆی ببێت بە بەشێک لە پرۆسەی گەشەکردنەکە. دەوڵەتی کۆمۆنیستی دوای شۆڕش، تەنها بە ناو دەوڵەتی [کۆمۆنیستی] یە. ئەو دەوڵەتێکی سەرمایەدارییە و ئەرکی مێژوویی گەشەکردنی سەرمایەداریانەی ئابوریی ڕوسیا جێبەجێ دەکات. بۆ ئەوەی ئەم دەوڵەتەبە باشی و بەخێرایی ئەرکەکانی بەجێبهێنێت، دەبێت دیکتاتۆریەتی ڕوتی بێ پەردە لە وڵاتی سۆڤیەتدا پیادە بکات.

ستالین ئەو کاراکتەرە مێژووییەیە کە ئەم دیکتاتۆریەتە سەرمایەدارنە لەنێوان دەوڵەت و حیزبدا ڕێک دەخات و یەکانگیری دەکات.... لەڕووی ئابوریشەوە، سەرەڕای بوونی کۆمەڵە هەرەوەزییەکان، کە پایەی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستین، بەڵام هەرگیز دروشمی لە [ هەرکەس بە بڕی کارەکەی ]، کە مارکس بە ئابوریی قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی [ یان قۆناغی دیکتاتۆری پرۆلیتاریای ] دەزانێت، لە سۆڤیەتدا نەخرایە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و بڕی زیادەی کاری هەر مرۆڤێکی کارکەری ئەو وڵاتە دەچووە سەر خەزێنەی دەوڵەتەوە و دەبووە سەرمایەی ژێر دەستی دەوڵەت. دەوڵەتیش، حیزبی کۆمۆنیست لەسەرەوەی ڕاوەستابوو. لێرەوە، دەگەمە ئەو ئەنجامە کە لە سۆڤیەتدا تیۆری " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا " ی مارکس لە سۆڤیەتدا هەرگیز پراکتیزە نەکراوەو جێبەجێ نەکراوە. لەبەرئەوە،ئەزمونی شکست و داڕامانی سۆڤیەت،شکست و داڕمانی تیۆری " مارکسیزم " لە بواری شۆڕشی کۆمۆنیستی و دیکتاتۆری پرۆلیتاریدا نییە، بەڵکو شکست و داڕمانی سەرمایەداری دەوڵەتی و ئەو مۆدێلە لە دەسەڵاتی سەرمایەدارانەیە کە حیزبی بەڵشەفیک لە ژێر ناوی کۆمۆنیزم و مارکسیزمدا بۆ کۆمەڵگەی ڕوسیای داهێنا. ئەمە تێگەیشتن و خوێندنەوەی منە لەسەر ئەوەی کە لە سۆڤیەتدا ڕوویدا. لەم ڕووەیەشەوە هاوڕێیان دەتوانن بۆچوون و ڕەخنەکانیان بخەنە ڕوو. ئەم باسانە، هەرچەندە لە ڕوانگە و جیهانبینی جیاوازەوە بهێنرێنە کایە، بەڵام دڵنیام سودی باشیان هەیە، بە تایبەتی کە تا ئێستا چەپی عێراق و کوردستان نەیوێراوە، یان لە توانای تیۆریدا نەبووە کە لە دەرگای ئەمجۆرە باسانە بدات. لەگەڵ هیوای سەرکەوتن بۆ ئێوە .

**سەلام عارف**

هاوڕێیان سڵاو ئەو کاتەتان شاد، لە ڕاستیدا، دەبووایە بەشداربوونم گەرماوگەرم لە کاتی خۆیدا بووایە، بەداخەوە لە کاتی خۆیدا کاتم نەبوو، کورد واتەنی "نەچووە و بچێت" وا ئێستا هەوڵدەدەم بەپێی توانا بەشداری بکەم و پێتانبگەمەوە، بەو هیوایە بەشدارییەکەم پۆزەتیڤ بێت.

ناسینەوەی ئەوە، کە (دەوڵەت یان چینایەتییە، یان نییە) مایەی دڵخۆشییە، لەبەر دوو هۆی سەرەکی:

یەکەم، دەشێت هەنگاوێك بێت بەرەو ڕەتکردنەوەی ڕێکخستنی سیاسی قوچکەیی (هەرەمی / (hierarchyی واتە ئەوەی پێیدەڵێن پێشڕەویی پارت، کە ڕێکخراوەیەکی بچووکراوەی پێشکاتی دامەزراندنی دەوڵەتی بەناو پرۆلیتاریایە!!!

دووەم، هاوکاتە لەگەڵ ئەوەدا، کە ناسیۆنالیزمی کورد ( ئەمڕۆ نا سبەی بانگی دروستبوونی دەوڵەتی کوردی) دەدات.

هاوێیان بەبۆچوونی من لە باسکاریی مەسەلەیەکی وەها گەورە و گرانی بێسنووری پڕ پارەدۆکسدا، بەر لە هەموو شتێك، دەبێت واز لە ئەقڵییەتی (بەراوردکردن) بهێنیین، واتە ئەقڵییەتی (باش، باشتر، باشترین)، چونکە دوورنییە بەبێ خواست و ویستی خۆمان بمانخاتە سەر کەڵکەڵەی هەڵبژاردنی دەوڵەتێکی باش، یان باشترین، دواتر وردەبۆرژوا ئاساییەك بە ئارەزووی خۆمان ناوێکی لێبنێن " میلی، دیموکراتی، دیکتاتۆری... تد"

هەردوو باڵە سەرەکییەکەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ( مارکسیزم) و (ئەنارکیزم) لە دێر زەمانەوە، لەسەر دیاریکردنی (سروشتی چینایەتی دەوڵەت) هاوڕان، ئەو هاوڕاییەشیان بۆ بنەمای فەلسەفی هاوبەشی شیکردنەوەی نێوانیان دەگەڕێتەوە، واتە ماتەریالیزمی مێژوویی، لەبەر هاوبەشی ئەو بنەما زانستییە، ناتوانرێت بوترێت، ئەمیان لەوی تریان زانستیانەتر (سروشتی چینایەتی دەوڵەت)ی دیاریکردە، لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت، جا کە ئەو دووانە بەو جۆرە و تا ئەو ڕادەیە هاوڕا بن، ئەی ئەو هاتوهاوار و ململانێیەیان لەسەرچییە؟

ئەوە ناشاردرێتەوە، جیاوازی و ململانێی ئەوان لەسەر دیاریکردنی (سروشتی چینایەتی دەوڵەت) نییە، جگە لە هەندێك جیاوازی دیکە، ناوەڕۆکی ململانێکەیان لەسەر چارەنووسی دەوڵەتە دوای شۆڕشی کۆمەڵایەتی. مارکسیستەکان لەو بڕوایەدان، کە دوای کەمێك ڕتوشکردنی دەوڵەت، دەبێت دەست بە باڵای دەوڵەتەوە بگیرێت، تا دواتر خۆی هێدی هێدی (الإضمحلال (décadeceدەپووکێتەوە، لە بەرامبەردا ئەنارکیستەکان وەهای بۆ دەچن، کە پاش شۆڕشی کۆمەڵایەتی، دەبێت بەبێ یەک و دوو لێکردن دەوڵەت لەنێوبرێت، جگە لەو ناکۆکییە مەزنە، چەند مەسەلەیەکی هزری تریش هەن بۆ نمونە:

- خۆبەخۆیی بزووتنەوەی کارگەران و خەباتی سەندیکایی ئارەزوومەندانە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، یان بە سیاسیکردنی، واتە بە حزبیکردنی ئەو بزووتنەوەیە ؟

-شۆڕشی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی، یان شۆڕشی کۆشك (سیاسی) ؟

ئەوانە و هەندێك مەسەلەی دیکە. ...

لێرەدا دەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی مەسەلەکە، واتە لەنێوبردن (annulé)ی دەستبەجێی دەوڵەت یا پووکانەوەی خۆبەخۆیی (الاضمحلال (décadenceی دەوڵەت، یەکلاکردنەوەی ئەو دوو هزر و هەڵوێستە، بەبێ گەڕانەوە بۆ سەنگی مەحەك، واتە یاسا بنەڕەتییەکانی ماتەریالیزمی دالێکتیك، کارێکی هەروا سانا نییە، مەبەستم لە یاسا بنەڕەتییەکان ئەمانەیە:

- یەکێتی ململانێی دژەکان
- ڕەتکردنەوەی ڕەتدکردنەوە (نفي النفي)
- کەڵەکەبوونی چەندایەتیی و گۆڕانی چلۆناییەتی ...

لە ڕاستیدا ئەو سیانە هاوڕەگەزن، هەر کامیان وەربگریت، ئەوانی دیکەی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە، بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەکە (لەنێوبردن) یا (پووکانەوە) ؟ بەبۆچوونی (سۆسیالیزمی لیقن و خاوخلیچ - سۆسیال دیموکرات ) نا، بەڵکو بە بیروبۆچوونی ( کۆمونیزمی ئازادیخواز)، شۆڕشی کۆمەڵایەتی لەوە زیاتر، بریتییە لە ڕاکێشانی فەرشی ئابووری لەژێر لاقەکانی چینی سەروەر، دەستبەجێ ڕاخستنی ئەو فەرشە لەژێر هەنگاوەکانی هەرەوەزییەکان و سۆڤییەتەکاندا. بەڵێ لای کۆمونیزمی ئازادیخواز (ئەنارکیزم) ئەوەیە شۆڕشی ڕیشەیی ، واتە شۆڕش لە (ژێر ژێرخانی) کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، نەك دەرهێنانی فەرشە

ئابوورییەکە لەژێر لاقی سەرمایەداری و ڕاخستنەوەی لەبەردەم دەستەبژێری خۆ بە هۆشمەندو پێشرەوزان(حزب).

ئەو کەسەی  لە ئەلف و بای سۆسیالیزم بزانێت، لەوە بەئاگایە، کە ململانێی دژەکان لە دەرەوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا نییە، واتە  ئەو دژانە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونیان هەیە، کەواتە ئەو (یەکێتی)یە خودی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانن، تەنها شۆڕشی کۆمەڵایەتی دەتوانێت ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە و شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بگۆڕێت بۆ شێوازی بەرهەمهێنانی سۆسیالیستی، ئەوەش بەبێ لەنێوبردنی یەکێك لە دژەکان ئەنجامنادرێت لەو هاوکێشەشدا بە لەنێوبردنی یەکێك لە دژەکان، هیچ پاساوێکی مادی و بابەتی نامێنێتەوە بۆ مانەوەی دژەکەی دی . بەبۆچوونی من ، پرۆلیتاریا شۆڕشەکەی بۆ لەنێوبردنی خۆی وەك (چینێك) دەکات، واتە هەلومەرجە مادیی و بابەتییەکانی بوونی خۆی هەڵدەتەکێنێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتەپێش، چ عەجەب داهێنانێکە دەوڵەتێك بۆ چینێك دروستبکرێت، کە خۆی شۆڕشی بۆ لەنێوبردنی خودی خۆی کردووە؟

ئەگەر کەمێك خۆمان خەریک بکەین، مەتەڵی داهێنانەکە دروستکردنی دەوڵەتێکی حزبی پۆلیسییە، بۆ جێگە لێژکردن بە دەسەڵاتی ئابووریی سۆڤییەتەکان، کەواتە لەو حاڵەتەدا شۆڕشێکی سیاسییە، نەك کۆمەڵایەتیی ڕیشەیی.

سەرباری ئەو هەموو قسەوباسانە، بەپێویستی دەزانم ئەوەش ڕوون بکەمەوە، کە هەندێك هەن  بزووتنەوە کۆمونیزم (ئەنارکی) بە بەرەڵاخانە دەزانن و دەڵێن بڕوای بەهیچ دەسەڵاتێك بۆ بنیاتنانی سۆسیالیزم نییە، باسی تێکۆشەرەکانی ئەو بزوتنەوەیە دەکەن و تەنها بۆ لەزەتی کەسیی خۆیان بوونەتە (ئەنارکی)، ئەوانە درۆزنن، ئەو درۆزنییەشیان لەوێوە سەرچاوەی گرتوە، یا ئەوەتا زانیارییەکی کەم و کورتیان دەربارەی مێژووی خەباتی هزری و عەمەلی ئەو بزوتنەوەیە هەیە، یان ئەوانەن، کە دیکتاتۆریەتخوازی وەهای لێکردوون، دژایەتیکردنی (ئازادیخوازیی) لە شادەمارەکانیاندا بێت و بچێت.

دەربارەی ئەوەی کە ئەنارکیزم بێڕێکخستن و دژی ڕێکخستنە و (بەرەڵاخانە)یە، نەخێر ئەوە قسە و قسەڵۆکی هەڵبەستراوە، چونکە تیئۆریسیۆنانی هزری (ئەنارکی) بەتایبەتی (پرۆدۆن) و(باکۆنین) و (ماتیستا) زۆجار باسی دەسەڵاتیان کردووە. (پرۆدۆن) هەمیشە جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە و وتوویەتی " ئێمە دەسەڵاتی ئابووری دەخەینە جێگەی دەسەڵاتی سیاسی"، هەروەها باسی لایەنی کەمی دەسەڵاتی شۆڕشگێڕی کردووە، کە لەسەر سەکۆی خۆڕێکستن و خۆبەڕێوەبردنی ئابووریی ڕاوەستاوە، زۆر جار وتوویەتی "دەسەڵات لای ئێمە بەو واتایە دێت، کە دەبێت دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە یەکسانی ئابوورییەوە سەرچاوەی گرتبێت.″

(مالاتیستا) چەند جارێك ڕەخنەی لە هاوڕێکانی خۆی گرتووە و وتوویەتی بەداخەوە نەفرەتکردنی دەسەڵات وای لە هەندێکمان کردووە، کە پابەندی هیچ جۆرە ڕێکخستنێك نەبین. ئێمە بڕوامانوایە، کە سۆسیالیزم بەبێ ڕێکخستن نایێتە دی، لای ئێمە ئەو ڕێکخستنە واتای دەسەڵات دەبەخشێت."

بەبۆچوونی منیش خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزییە فیدرالییە هەماهەنگەکان، جێگەی حکومەت دەگرنەوە، بەڵام حکومەت بەواتا باوەکەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی نا. بەڵێ ئەو جۆرە کەسانە ڕقیان لە کۆمونیزمی ئازادیخوازە، چونکە کۆمونیزمی ئازادیخواز (ئەنارکیزم) دژی تێکۆشانی سیاسی و کەسانی پیشە سیاسی و پارت ( ڕێکخستنی سیاسی و دەسەڵاتی سیاسییە).

هیوادام هەموو ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک پاگەندەی سۆشیالیستبوون دەکەن، لەم جۆرە مشتومڕانەدا بەشداری بکەن و تێڕوانین بۆچوونی کەسیی و ئەزموونەکان بخەنەڕوو، تاوەکو ئێمەش لێیان بەهرەمەند بین.

**شێخ عەبدول**

دەستخوش بابەتەکە ئەوە هەڵدەگرێ مشتومڕی تیروتەسەلی لەسەر بکریت دەوڵەت دەوڵەتی چینەکانە بەبی بوونی جینەکان دەوڵەت بوونی نییە لەگەل نەمانی چینەکاندا دەوڵەتش بوونی نامینێ، بەڵام پرسەکە ئەوەیە ئەو چینەی کە ئەرکیتی کوتایی بە جینەکان بە خوشیەوە بهینی، کە پرولیتاریایە ئایا ئەو ئامرازە یان بلیین پروسەیە چییە کە پێویستە بو گەیشتن بە کومەڵگای بی چینایەتی گەر دەولەتی پرولیتاریایەکەی لینین و هاوراکانیەتی ئەوا بیشک هەمان دەولەتی سەرکوتکەرە.

**هەژێن**

سڵاو هاوڕێ سیروان، خۆش هاتی و بانچاو هاتی، دەستخۆش بۆ سەرنجەکانت، بەبۆچوونی من، شتی گرنگت وروژاندووە . بەڵام لەبەرئەوەی کە ڕاستەوخۆ قسەت لەسەر دەوڵەت [وەك ئامرازێکی شۆڕشگێڕانە یا دژەشۆڕشانە] نەکردووە، لەو بڕوایەدام هاوڕێیانی بەشداربووش، هەر لەبەرئەوە و بۆ ئەوەی کە مشتوڕەکە لەسەر دەوڵەت بمێنێتەوە و بەخۆی نەبێتە باسێکی لاوەکی و پرسی دیکە جێگەی نەگرێتەوە، بەجۆرێك خۆیان لە وەڵامنەدانەوەی سەردێر و پرسیارەکانت لادابێت. هەڵبەتە ئەوەش بڵێم، کە تۆ پرسگەلێکی زۆر گرنگت وروژاندوون و من بۆخۆم مشتومڕکردن لەسەریان لە مشتومڕکردن لەسەر دەوڵەت پێویستتر و دەستبەجێتر و گرنگتر دەزانم. بەڵام وەك وتم، بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بابەتە بوەستین، ناچار وەڵامی پرسیارەکانت [هەڵبەتە وەڵامم بە پرسیار و سەرنجەکانت داوەتەوە، بەڵام لێرەدا دایاننانێم] بۆ کۆمەڵێك مشتومڕی زنجیرەیی دیکە هەڵدەگرم، کە دەکرێت ئەمانە هەندێکیان بن [ سەرهەڵدانی چینەکان، پێداویستیی مێژوویيان؟ چینەکان لە کوێدا سەرهەڵدەدەن و لە کوێدا کۆتاییيان دێت؟ ئایا ئەو چینانەی کە بوونەتە سەروەر و جێگەی سەروەریی چینەکانی پێشووتریان گرتووەتەوە، شۆڕشگێڕ و مۆتۆڕی شۆڕش بوون؟ ئایا لە کرۆکدا جیاوازیی چینایەتیی لەنێوان سەرخانە سەردەمییەکانی کۆیلایەتی، دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریدا هەیە ؟ ئایا شۆڕش بەواتای هەڵگێڕانەوەی سیستەمی چینایەتی، لە هیچ کوێیەکی مێژوودا سەرکەوتنی بەدەستهێناوە؟ ئایا کرێکاران وەك چین یان توێژ بەگشتی، شۆڕشگێڕن؟ ئایا بۆ لەنێوبردنی سەرمایەداری پێویست بە سەرهەڵدانی چینێکی دیکە یا سەروەرییەکی دیکە، هەیە ؟ .... تد ] ئەمانە و دەیان سەردێڕ و پرسیاری دیکە، کە دەکرێت لە مشتومڕێکی زنجیرەییدا بە ئامادەیی و بەشداری هاوڕێیانی سۆشیالیستخواز چ کۆمونیست و چ ئەنارکیست یا هەر ئاراستەیەکی دیکە، کە خەبات بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەکات، بدرێنەبەر لێدوان و لێکۆڵینەوە.

هەربۆیە لێرەدا بەناچاری خۆم لە وەڵامی پرسیار و سەرنجەکانت لادەدەم، بەڵام ئەگەر سەردێر و پرسیارەکانت ئاراستەی چەمکی دەوڵەت و پێویستبوون و پێویستنەبوونی بکردنایە، بەدڵنیاییەوە، هاوڕێیانی دیکەش وەڵامیان دەبوو. ڕاستییەکەی تەنیا سێ ڕستەت پەیوەندی بە مشتومڕی دەوڵەتەوە هەیە، کە ئەمانەن :

"من پێم وایە باکۆنین لە ڕەخنە گرتن لە فۆرمێک ئۆرگانیزەکراوی وەک دەوڵەت تێ نەپڕیەوە ،چونکە دەوڵەت تەحصیل حاصلە نەک بنەما " ، " بۆ من چەندە تۆ دووژمنکار بیت لەگەڵ ئەم ئۆرگانە زۆر بایخدار نیە چونکە کۆمۆنیستەکانیش ئەم ڕەق و بیزاریەیان لێ هەیە ئەوەی بۆ من گرنگە ئەوەیە .ئایە ململانی چینایەتی ئەم سەردەمە تا ئێستا توانیویتی جۆرێک لە ژیانکردن بهێنێتە بەرهەم کە ئەم فۆرمی ژیانکردنە تێپەڕاندبیت ؟ " ، " دەکرێت چینی کرێکار خاوەنی شورش بن وەک چۆن کۆیلەکان و جوتیارەکان خاوەنی شۆڕش بوون بەڵام گومانی گەورەم هەیە کە چینی کرێکار هەڵگری خەونێکی تازە بن بۆ مرۆڤاتی. بۆیە لە ئەزمونی ڕوسیاشدا نەیان توانی بە سەر فۆورمی دەولەت تێپەڕن ، هەر شکڵێکی تری سەرمایەداریان هێنایە بەرهەم ." ...

هاوڕێ، وەك بەقسەكردن پێمگوتیت، من لە ڕستەی یەكەم ناگەم، دەترسم لەسەر بنەمای تێگەییشتنی خۆم وەڵامت بدەمەوە و مەبەستەكەی تۆم نەپێكابێت، تەنیا دەتوانم بڵێم، بەڵێ باكۆنین و ئەناركیستەكان چ لە خەبات و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا و چ ئەناركیستە كۆلەكتیڤیستەكانی ئەمڕۆ، بەجۆرێك توانیویانە دەركی ئەودیو دیوارەكانی ئەو فۆرمەی زیندانەكە بكەن، بۆیە، ڕەتیدەكەنەوە، نەك دژایەتی هەڕەمەكییانەی دەوڵەت. چونكە پرسی دەوڵەت جیاوازیی سەرەكی ئەناركیستەكان و ماركسیستەكان لەسەر دەوڵەت و پارت نییە، وەك هاوڕێ ماركسیستەكان دەیانەوێت ئاوای نیشانبدەن، بەڵكو شتێكی زۆر بنەڕەتیترە، ئەویش لەسەر ئەوەیە " ئایا كار (گۆڕان) لە هۆشیاریی و ژیریی و تیئۆری (هۆش)ەوە سەرچاوەدەگرن یا هۆشیاری و ژیریی و تیئۆرییەكان بەرهەمی كار (گۆڕان)ن، بەواتایەكی دیكە هۆش پێش مادە دەكەوێت یا مادە پێش هۆش دەكەوێت؟" كە ئەناركسیستەكان هەر لە سەرەتاوە لەسەر ئەوە پێداگرییان كردووە، كە ڕزگاری ژێردەستان بەرهەمی خەباتی خۆیانە و هوشیاری (تیئۆری شۆڕشگێڕانە)ش بەرهەمی ئەزموونگیرییە لە خەباتی ڕۆژانە و دەوڵەت و پارت و ڕابەر و قۆناخبەندی سۆشیالیزمیش لێرەوە ڕەتدەكەنەوە. بنەڕەتی ڕەخنەی ئەوان لە ماركس و ئەنگلس ئەوەیە، كە نەیانتوانیوە لەو دیو دیوارەكانی ئەم زیندانەوە ئەگەری لەتوانادابوونی ژیان و ڕێكخستنێكی دیكە، بەبێ فۆرمی دەوڵەت وێنابكەن، واتە بنیاتنانی سۆشیالیزم لە خوارەوەڕا نەك لە سەرەوە و لەسەر بنەمای دێمۆكراتی ڕاستەوخۆ و خۆبەڕێوەبەرایەتی هەرەوەزییە سەربەخۆكان، نەك لەسەر دەستی دەوڵەت. وەك وتم لە شوێنی دیكە دا دەكرێت فرەتر لەم بارەوە مشتومڕ بكەین.

لە درێژەی وەڵامی ڕستەی دووەمدا، هەر بەپێی مشتومڕەکانی نێوان پرۆدۆن و مارکس و دواتر باکۆنین و مارکس و ئەنگلس لە نیونەتەوەیی یەکەمدا و پێداگری هەموو مارکسیست لێنینستەکانی دونیا لە سەرەتای سەدەی ڕابوردووەوە تا ئەمڕۆ و تا ئەم مشتومڕەی نێوان ئێمە، بەداخەوە بەپێچەوانەی بۆچوونەکەی تۆ، هەردەم پێداگرییان لەسەر دەوڵەت کردووە و دەکەن و شەیداییەك لەلای ئەوان بۆ دەوڵەت هەیە، من لەلای لیبراڵەکان نایبینم، ئیدی ئەو ڕق و بێزارییە، کە تۆ ئاماژەی پێدەکەیت، کامەیە و لە کوێدا؟ ئایا هەر لەسەر پێداگریی لەسەر دەوڵەت و شەیدایی بۆی نییە، کە ئەنارکیستەکانیان کردووەتە جڕوجانەوەری سەراپای مێژوو؟

بەزۆریی نەك تەواوەتی هاوبۆچوونی ڕستەی سێیەمم، بۆیە دەڵێم بەتەواوەتی نا، چونکە ئەو کرێکارانەی کە لە ڕوسیای ١٩١٧دا لەڕێگەی کۆمێتەی کارخانەکانەوە، کارخانەکانیان داگیرکردبوون و بەڕێوەبەرایەتی سەربەخۆی خۆیان پێکهێنابوو، ئەو کرێکارانەی کە لە پترۆگرادی پێش کوشتوبڕی بە کۆمەڵی ڕاپەڕیوانی کرۆنشتات، لە مانگرتنی گشتیدابوون، ئەو ڕاپەڕیوانەی کە لە کرۆنشتاتدا خوازیاری دەسەڵاتی سۆڤیەتی لە جێی دەسەڵاتی بۆلشەڤیکی بوون، ئەو جوتیارانەی کە لە ئۆکرانیا هاوکات خەریکی جەنگ دژی داگیرکەرانی ئیمپراتۆرییەکانی ئاڵمانیا و نەمسا بوون و لەنێوخۆشدا خەریکی ڕێکخستنی ژیانی هەرەوەزییانەی کۆمونەکان بوون، بەڵێ دەرکی ژیانێکی دیکەیان لەدەرەوەی فۆرمی دەوڵەتی کردبوو، هەر بۆیە دەوڵەتی بۆلشەڤیکی لەپشتەوەڕا هێرشی کردەسەریان و لەنێویبردن و سەرکوتیکردن !

هاوڕێ گیان، بمبەخشە، لێرەدا کۆتایی بە وەڵام و سەرنجەکانم لەسەر پرسیار و سەرنجەکانی تۆ دەهێنم وەك وتم، لە مشتومڕێکی زنجیرەییدا دەتوانین لەو بارەوە لێدوان و بۆچوونگۆڕینەوە بکەین، بەدڵنیاییەوە کارێکی ئاوا، خزمەتێکی گەورە بە بزووتنەوەکە لەم سەردەمەدا دەکات و بەدڵنیاییشەوە لەوێدا بۆچوونگەلێکی نوێ و وەڵامگەلێکی نوێ لەنێوان هەمووماندا سەرهەڵدەدەن و لەوانەیە لەلایەکەوە ببنە هۆی لەیەکنزیکبوونەوەی کۆمەڵێك مارکسیست و ئەنارکیست تا ڕادەی هاوخەباتی ڕۆژانە و لەلایەکی دیکەوە بۆی هەیە کۆمەڵێك ئەنارکیست یا مارکسیست لەنێوخۆیاندا لەیەکدی دووربخاتەوە ! بەبۆچوونی من وەها

سەرنجامگەلێك لەوە پێویستتر و گرنگترن، لەوەی ئەمڕۆ ئێمە (سۆشیالیستەکانی مەنووکە) بە شێوەیەك لە شێوەکان بە خۆپارێزییەوە خۆمانیان لێدەدزینەوە. هاوڕێ گیان، بەهیوای هاتنەپێشی ڕۆژێکی ئاوا، کە گۆمە لیخنەکەی بێدەنگیی ئەمڕۆ بەجۆرێك بشڵەقێت، کە ڕوخساری دوژمنانی ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بۆ هەمیشە سواقبدات.

هاوڕێ تامیر، ئەوەی کە لەنێوچوونی سەرمایەداری لە گرەوی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییدایە، منیش هەمان بۆچوونی تۆم هەیە، بەڵام ناتوانم ناوی کۆمونیستبوون لەسەر ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە دابنێم، لەبەرئەوەی کۆمونیستبوون لەتەك ناو و ڕابوردووی پارتە کۆمونیستەکان و دەوڵەتە بەناو کۆمونیستەکان، هاوتا و هاوواتابووە، هەر لەبەرئەوە من شۆڕشی سۆشیالیستی، کە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەنارکیستەکان و مارکسیستەکانە بەکاردەبەم. ئەو لێکدانەوەیە بۆ بەسەرەنجامگەیشتنی ململانێکە و خاڵی تەقینەوەی ناکۆکییە چارەسەرهەڵنەگرەکان، بەدروست دەبینم، بەڵام هیچ پێشمەرجێکی تەکنۆلۆجی و پەسەرەندنی ئابووریی و ڕێکخستنێکی ڕامیاریی بە پێویست نازانم و تەنیا بە خاڵی دووەمەوە گرێیدەدەمەوە، کە هوشیاریی و ئامادەیی و ناچاریی پرۆلێتێرەکانە بۆ ڕزگاربوون لە نەهامەتییەکانی سەرمایەداری و خۆڕزگارکردن لە ژێردەستەیی سەروەریی کەسانی دیکە. وەك پێشتر وتم ئەمە لە هەموو سەردەمەکاندا ئەگەری دەبوو، ئەگەر هوشیاریی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕەتکردنەوەی سەروەریی لەئارادابووایە. هەڵبەتە هوشیاریی لەخۆیەوە نایێتەبوون و بەرهەمی بەرەو لوتکەکشانی ململانێکەیە، کە بەپێی ئەزموونگیریی لە شکستەکان، شۆڕشگێرەکان [لێرەدا مەبەست لە دەستەیەکی ڕامیارپیشە یا ئاراستەەیەکی دیارپێکراوی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستی نییە، بەڵکو مەبەست هەموو کەسێکە کە ژیان لە سایەی سەروەریی کەسانی دیکەدا بە کۆیلەتی دەزانێت و خوازیاری یەکسانی بەرهەمەندی لە توانایییە ئابوورییەکان و دادوەریی کۆمەڵایەتییە] بە پلەیەکی باڵاتر لە هوشیاریی شۆڕشگێرانە دەگەن.

بەڵام بەداخەوە، وەك پێشتر وتم، هەم مارکس و ئەنگڵس، هەم پاشڕەوانیان، لەبەرئەوەی کە پرۆسێسی شۆڕش و ڕۆنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی یا داهاتوو بە دوای ڕوخانی سەرمایەداری دەبەستنەوە و بەپێچەوانەی ئەوەی کە تۆ لە پەرەگرافەکانی پێشووتردا بە یاسای گۆڕان و گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی ناوی دەبەیت، هەروەك تۆ، دان بەوەدا دەنێن،

که ڕەتگەرەوەی سیستەمەکانی پێشتر (کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی) لە منالْدانی هەمان سیستەمەوە سەرهەڵدەدەن و لەڕووی بنەمای ئابووریی و پەیوەندی بەرهەمهێنان و گۆڕانی کۆمەلایەتی و ئامادەیی هوشیاریی شۆڕشگێرانەوە گەشەدەکەن، بەلاّم کاتێك کە دەگەنە سەر چۆنیەتی لەنێوبردنی سەرمایەداری و ڕۆنانی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، یاساکانی گەشەکردن و ڕەتکردنەوەی سەرەتا، ڕەتدەکەنەوە، هەر بۆیە سەرەتا بۆ ڕوخاندنی سەرمایەداری دەستەوداوێنی پارتی پێشڕەو و دواتر بۆ بەرگرتن بە گەڕانەوەی سیستەمی ڕوخاو، ناچار بە دروستکردنەوەی دەوڵەت دەبن و لەبەرئەوەی کە ناتوانن نکۆڵی لە کرۆکی دیکتاتۆریی دەوڵەت بکەن، بۆیە دێن و پرۆلیتاریا دەکەنە پاشگری دیکتاتۆری دەوڵەتەکە . بەلاّم ئیدی لێرەوە دەستەوداوێنی خەیاڵبافی دەبنەوە و تا مردنی خۆشیان و پاشڕەوانیان نەیانتوانی مەتەڵی خۆبەخۆپووکانەوەی دەوڵەتەکە شیبکەنەوە و وەك تەوقێك کردیانە ملی پرۆلیتاریا و بوو بە ئامرازێك بۆ ڕامکاربازی ڕامیارپێشەکان.

لەبەرئەوەی پێشتر وتارێکم لەژێر سەردێری (کێ دیکتاتۆرە، پارت یا پرۆلیتاریا؟)دا نووسیوە، بۆیە لێرەدا زۆر لەسەر ئەم بابەتە ناوەستم، تەنیا دەپرسم ئەگەر شۆڕشی پرۆلیتاریا بۆ لەنێوبردنی دژەکەی واتە بۆرجوازییە، ئەدی خۆی وەك چینێك پاش لەنێوبردنی دژەکەی، چۆن دەمێنێتەوە؟ ئایا بەبێ بوونی بۆرجوازی پرۆلیتاریا وەك چینێکی کۆمەلاّیەتیی کۆمەڵگەی چینایەتی دەتوانێت بوونی هەبێت؟ ئەگەر وەلاّم ئەرێیە، کەواتە ئەو کات هێشتا سەرمایەداری ماوە، کە ئەویش مابێت، ئیدی قسەکردن لە سەرکەوتنی شۆڕش، بێواتایە! ئەگەر بۆرجوازی وەك چینی سەروەر نەمابێت، وەك پێشتریش وتمان، دەبێت زەمینەی مانەوە و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی بۆرجوازی تێکشکابن. کاتێك کە تێکشکانێکی ئاواش لە پرۆسێسێکی مێژووکردی شۆڕشگێرانەدا ڕوویدابێت، گەڕانەوەی ئەستەمە، هەروەك گەڕانەوەی سیستەم و سەروەریی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی نەیتوانی بگەڕێتەوە، ئەوەش لەبەر تێداچوونی ئامادەیی ڕاپەڕیوان بۆ مانەوە و ملدان بە سەروەریی داراکان. کاتێك ئامادەییەکی ئاوا بۆ گێڕانەوەی سەرمایەداری لەنێو ژێردەستانی کۆمەڵگەدا مابێت، کەواتە قسەکردن لە سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەلاّیەتی و یەکلاکردنەوەی ململانێی چینایەتی بەلای سۆشیالیزمدا، لە هەراوهوریای ڕامیارپیشەکان بەولاوەتر نابێت!

بەڵێ ھاوڕێ، من دەرك و تێگەییشتنم لەوە زیاتر بوارم نادات، بڕوا بە خۆم بھێنم، کە ئەوەی لە ڕوسیە ڕوویدا، شکستی تیئۆری دەوڵەتە بەناو پڕۆلیتێرەکەی مارکس و ئەنگلس نەبووبێت و لەو بڕوایەشدام، ئەگەر لەجێی لێنین و ھاوڕێکانی، مارکس و ئەنگلس و مەژێن و تامیر و زامیر و ** و ..تد بوونایە، لەوان باشترمان جێبەجێنەدەکرد. بەپێچەوانەوە، من لە شکستی ئەو تیئۆرییەدا سەرکۆنەی لێنین ناکەم، ھەروا کە لە دادگەییکردنەکانی سەردەمی (ستالین)دا لەبری سەرکۆنەی ستالین، بۆ یەکەمین پاکتاو یا پاڵافتەکردنی ڕیزەکانی پارت لەیەکەمین کۆنگرەی پاش ١٩١٧ لەسەر دەستی لینین دەگرێمەوە، ھەروا شکستی ئەو تیئۆرییەش بۆ ھەڵەتێگەیشتینی (مارکس و ئەنگلس)ی دەگێڕنمەوە، کە بەداخەوە لە کاتی نێونەتەوەیی یەکەمدا چەپلە و پیداھەڵدانی پاشڕەوانیان، بواری پێداچوونەوە و پاشگەزبوونەوەیان لەو ھەڵە مێژووییە، کردە نەنگێك و ئەو دوو ھاوڕێیە نەیانتوانی بچنە ژێری.

بەپێچەوانەوەی ڕەخنەی گشت ھاوڕێ مارکسیستەکانەوە لە کۆمونەی پاریس، یەکەم ھۆکاری شکستخواردنی نەبوونیی پارتی پێشڕەو نەبوو و ھەروەھا بەرێوەربردن لەوێدا بەرەو دەوڵەتیبوون نەچوو، بەڵکو بەڕێوەبردنی کۆمونەیی (سۆڤیەتی) بوو؛ کە شانازی بۆلشەڤیزم بۆ ئەوە دەگێڕنەوە، ئەوەی لە کۆمونەدا نەتوانرا دەستی بۆ ببرێت، ئەوان ئەنجامیانداوە؛ واتە پارت و دەوڵەت، ئەوەی لە ئۆکتۆبەردا پێیھەستان. بە بۆچوونی من سەرەنجامگیریی مارکس لە کۆمونە و ڕێکخستنی کۆمونەیی، گەورەترین ھەڵەی مێژوویی بوو، کە بەسەریدا تێپەڕی. ھۆکاری ئەوەش، بۆ کارایی بلانکییەکان لەسەر مارکس و ئەنگلس لەمەڕ شۆڕش و دەوڵەت و سۆشیالیزم دەگەڕێتەوە، ئەوەی کە لێنین لە پارتی پۆلایین و دواتر لە دەوڵەتدا گەشەی پێدەدا و مەنسووری حیکمەت لە پرسی "دەسەڵاتی ڕامیاریی و کۆمەڵگە"دا بە لوتکەی دەگەیێنێت و بلانکیزم دەھێنتەوە نێو سەردەمی ئێمە.

لە درێژەی وەڵامەکانی ھاوڕێ تامیردا ئاوا ھاتووە " بۆچی شۆڕشی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا دەبێت قۆناغ بەندی بکرێت؟ پێویستی، دەوڵەت و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لە ڕوانگەی شۆڕشی کۆمۆنیستییەوە چییە؟ ئایا ئەوەی کە لە سۆڤییەتدا بەڕابەرایەتی مەنشەفییەکان و بۆڵشەفییەکان ڕوویدا شۆڕشی کۆمۆنیستی پرۆلیتاریا بوو بەو چەمکەی کە مارکس و ئەنگڵس لە نووسراوەکانی خۆیاندا ھێناویانەتەکایەوە؟ ........"

بەداخەوە هاوڕێ، دەبێت ئەوە بڵێم، کە لەم سەرنجانەی دواییتدا، بەخۆشت باسەکەت فراوانترکردووەتەوە، بۆیە منیش ناچارم و بەناچاری دەبێت قسە لەسەر گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکەم. بەڵێ منیش لەوەدا کە گۆڕانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بە ڕاستەهێڵ و بە شێوەی یەکسان و لەدوای لاوازبوونی شێوەیەك لە بەرهەمهێنان، یەکسەرە کۆتایی پێنەهاتووە و شێوەیەکی دیکە لە سنووری کۆتایی ئەودا دەستپێنەکردووە، بەڵکو هەمیشە پرۆسێسێکی بەیەکداچوو بووە و هەرواش دەبێت، چونکە گۆڕانی ئەوان وەك ڕوخاندنی خانوویەکی کۆن و ڕۆنانی خانوویەکی نوێ نییە، کە ڕۆنانی نوێیەکە لە خاڵی کۆتایی پرۆسێسی ڕوخانی کۆنەکەوە دەستپێبکات، نەخێر بە پێچەوانەوە، لەسەردەمی کۆیلایەتیدا زەمیندارە ئازادەکان هەبوون، کە بە هاوڵاتی ئازاد یا ئازادەکان ناوبراون، هەروەك چۆن لە سەردەمی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداریشدا بەتایبەت لە ئەمەریکا، لە کێڵگەکاندا کۆیلە ڕەشپێشتەکان هەبوون و کاریاندەکرد.

دیسانەوە بەبۆچوونی من و لە ڕوانگەی ئەنارکیزمێکەوە، کە من پاگەندەی دەکەم [چونکە لەوانەیە ئەنارکیستانێك هەبن، دژی ئەم بۆچوونەی من بن]، ئەمە یەکێکی دیکەیە لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی تێڕوانینی ئەنارکیستی و مارکسیستی، کە هاوڕێیانی مارکسیست، هەموو گۆڕانێك و هەموو هەنگاونانێك بۆ لاوازکردن و بنکۆڵکردن لە سیستەمی سەرمایەداریدا بۆ پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی سۆشیالیستی ئەوەی ئەوان بە شۆڕش ناوی دەبەن، هەڵدەگرن، واتە ئەو کاتەی کە پارتی پێشڕەو دیکتاتۆریی خۆی بەناوی پرۆلیتاریاوە ڕادەگەیێنێت و لەوێوە وەك ڕوخاندن و ڕۆنانی خانووەکە، دەست بە ڕۆنانی ژێرخانی ئابووری و سەرخانی ڕامیاریی دەوڵەتیی بەناوی سۆشیالیزمەوە دەکەن و ئیدی ئەوی بەهەر بۆچوون و ئەڵتەرناتیڤێکەوە دژی یا لەتەك بڕیارەکان ناکۆك بوو، ئەوا مادامەکی لەتەك نەخشە و بڕیاری پارتدا ناکۆکە، ئۆتۆماتیکی دەبێتە دوژمنی کۆمونیزم و پرۆلیتاریا.

بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەنارکییەکان [لایەنیکەم من] هەم لەبەرئەوە دەوڵەتبوونی سۆشیالیزم ڕەتدەکەنەوە و هەم لەبەرئەوەی کە لەو بڕوایەدان، سۆشیالیزم وەك ئەلتەرناتیڤی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە منداڵدانی سیستەمی سەرمایەداریدا دەبێتە ئەڵتەرناتیف و بەشێك لە کولتووری تاکی چەوساوە، هەڵبەتە لەوێوە کە تاکە هوشیارەکان بەکردەوە، لە ژیان و خەباتی

ڕۆژانەدا، هەم ڕێکخراوە جەماوەرییە پڕۆلیتێرییە سەربەخۆکان دەکەنە فێرگەی پەروەردەی تاکی کۆمەڵگەی نوێ و هەم هەرەوەزییە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەنە شێوازی ڕێکخستنی سەربەخۆی ناکۆك بە سیستەمی زاڵ؛ لەم بارەوە پێویست نییە بگەڕێمەوە سەر ئەزموونەکانی ئۆکرانیا و ئیسپانیا و ئیتالیا، بەڵکو ئەوەندە بەسە سەرنجی داگیرکردنی کارخانەکان لە ئەرژەنتین لە سەرەتای هەزارەی سێیەمەوە و بەڕێوەبردنیان لەلایەن خۆبەڕێوەبەرایەتی بە کۆمەڵی کرێکارانەوە، کە ئەم ڕۆژانە لە یۆنان و میسر و ئیسپانیا هەوڵی بۆ دراوە و دەدرێت و تەنانەت لە ئیسپانیا هاوڕێیانی کۆمونیست [کۆمونیستی نا حزبی و نا لینینی] لەم هەوڵەدا بەشدارییان هەیە و لە شارەوانی ناوچەیەکدا وێرای دارمانی ئابووری ئەو وڵاتە و بێکاری و نەبوونی لەڕادەبەدەر، لە کۆمونەکەی ئەواندا، بەپێی دانپێدانانی ماسمیدیا، کە وەك پەرجووی ئابووری ناوی دەبەن، کە هەم ئابوورییان ڕوو لە گەشەیە و هەم بێکارییان نییە و هەم لە ئاشتی و ئارامیدا دەژین و هەم کۆمەکی دەوروبەریشتیان دەکەن و هەم تێروتەسەلن.

بەڵێ، لەبەر ئەو دوو هۆیە، واتە ناهاوئاستبوونی گۆڕانەکان لە هەموو شوێنەکان و سەردەمەکاندا و نەڕۆشتنیان بەهێڵێکی ڕاستدا، ئەو ئەزموونەی بە ئەنارکییەکان چ لەسەردەمی پرۆدۆن و چ لە سەردەمی من و تۆدا بەخشێوە، کە لە دەرەوەی تێڕوانینە ڕامیاریی و تیئۆرییەکانەوە بۆ ئەڵتەرناتیڤ بگەڕێن، واتە لەنێو خودی ڕووداوەکان و گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا، هەر بۆیە، یەکەم، دەستپێکردنی گۆڕانی سۆشیالیستی لە پاش ڕوخانی سیستەمی سەرمایەداری نابینین، بەڵکو ڕوخان و تیاچوونی سیستەمی سەرمایەداریی وەك بەرەنجامی بوون و گشتگیربوونی کۆمەڵایەتییکردنەوە (سۆشیالیزەکردن)ی کەرتەکانی بەرهمهێنان و خزمەتگوزاری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی کۆمەڵگە و بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی دەبینن و ڕووخانی سەرمایەداریی لە خاڵێکدا ڕوودەدات، کە ئیدی نە سیستەمی ئابووریی و نە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و نە سەرخانە ڕامیارییەکەی، ناتوانن وەڵام بە کۆمەڵگە و پێداویستییەکانی بدەنەوە و لە ململانێییەکی ڕۆژانەی توند و گشتگیر و سەرتاسەرییدا، بەلای ڕوخاندا ناهاوسەنگ دەبێت، هەروەك سیستەمەکانی پێش خۆی؛ کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی بەو چارەنووسە گەیشتن. دووەم، دروستکردنەوەی سیستەمی ڕامیاریی و دەوڵەتیکردنی پەیوەندییە کۆمەڵیەتییەکان و کەرتەکانی بەرهەمهێنان، تەنیا شکست و گەڕانەوە بۆ سەر بنەمای چینایەتی بەرهەمدەهیننەوە. سێیەم، هەروا کە

چین و توێژە پرۆلیتێرەکان بەخۆیان ڕاگری بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگەن، ئاواش ڕێکخستنە جەماوەرییەکانیان دەتوانن باشترین یەکەی ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە و ئامرازی خەبات بن و هەر ئاواش لە ڕامیارەکان باشتر دەتوانن نێوەندەکانی کار و فەرمان و ژیانی خۆیان ڕێکبخەن و دیسانەوە نە پێویستیان بە پارت و نە ڕامیارپێشەکان و نە دەوڵەتی سەرووخەڵکی و نە بیروکراسییەتی توێژی فەرمانڕەوای خاوەن بەرتەریی ئابووریی و دەسەڵات، هەیە.

ئەمانە تەنیا بۆچوونی خودی منن و نازانم تا چەندە بیریارانی کلاسیك و هاوچەرخی ئەنارکیست، هاوبۆچوونی ئەمەن، بەڵام من ئاوا لە تێڕوانینی ئەوان گەیشتووم و ئەگەر بێت و ئەوان دژی ئەمە بیربکەنەوە و کاربکەن، ئەوا من لێرەدا تەنیا خۆمم و دژی ئەوان بیردەکەمەوە.

پاشان هاوڕێ تامیر دەڵێت " ئەوە لە ئیرادەو توانای کەسەکان، چینە کۆمەڵایەتییەکان و تەنانەت دەوڵەتەکانیش، وەک ئۆرگانی زەبروزەنگ و ئامرازی سەروچینایەتیدا نەبووە و نییە کە مێژوو بخەنە سەر ڕاستەهێڵێک کە خۆیان مەبەست و ئامانجیان بووە، "
هاوڕێ گیان، لە وەڵامی ئەوەی کە بەبۆچوونی تۆ، ئەوەی لە ڕوسیا لەسەر دەستی بۆلشەڤیکەکان [بۆیە دەلێم بۆلشەڤیکەکان، چونکە بڕوام بە جیاکردنەوەی سەردەمی لێنین و ستالین و تا پێش کۆتایی سەرۆکایەتی گرباچۆڤ نییە و ئەوانی دواییش درێژە و تەواوکەری سەرەتاکەن]، هەمان شت نەبێت، کە مارکس و ئەنگلس لەبارەیەوە دواون. من یەکەم ئەم نیوەپەرەگرافەی خۆت، دەکەمە وەڵام، ئەگەر: یەکەم مێژوو لە دەرەوەی ویست (ئیرادەی)ی تاکەکانەوە بێت، ئەوا قسەکردن لەسەر شۆڕش و گۆڕینی سیستەمی سەرمایەداری، دەچێتە خانەی خەیاڵی فڕینی مرۆڤ ... . دووەم، پێویستبوونی پارت و ڕابەر و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و دەوڵەت بەناوی سۆشیالیزمەوە، دەچێتە ژێر پرسیار ... . سێیەم، بێتاوانی بۆلشەڤیکەکان لەوەی کلێشە ئامادەکانی (مارکس و ئەنگلس)یان پیادەنەکردبێت، دەردەخات!

بەڵام من پێچەوانەی ئەوە دەبینم، یەکەم مێژوو ویستی تاکەکان [چ ئەوانەی بەرەنگاری دەکەن و چ ئەوانەی دەستەمۆیانە چارەنووسی خۆیان دەدەنە دەست ڕامیارەکان و سیستەمی ڕامیاریی] ئاراستەی دەکەن. بۆ نموونە ئەگەر کۆیلە ڕاپەڕێوەکان هوشیاریی دژی

سەروەریيان هەبووایە و ئەو هوشیارییە پێگەی کۆمەڵایەتی هەبووایە [نەك لێواری شمسێر و نووكی ڕم و تیری کەوان]، ئەوا زەمیندارە ئازادەکان لە شکستی ئیمپراتۆریی کۆیلەدارەکاندا نەدەبوونە، سەروەری نوێ، هەروا، ئەگەر لە ڕاپەڕینی جوتیاران و نەدارانی شارەکاندا ئەو هوشیارییە دژەسەروەرییە پێگەی کۆمەڵایەتی هەبووایە، ئەوا بازرگان و خاوەنکارخانەکان و ڕۆشنبیرە بۆرجواکان و ڕامیارکاران، نەدەبوونە سەروەری نوێ، دیسان هەرئاوا ئەگەر ئەو ئامادەییە کەمەی هوشیاریی دژەسەروەریی لە ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەری ١٩١٧دا گشتگیر بووایە، ئەوا سەروەریی پارتی بۆلشەڤیك و خاوەندارێتی دەوڵەتی (سەرمایەداری دەوڵەتی) جێگەی دەوڵەتی کاتی و ئەنجومەنی دامەزرێنەران و خاوەندارێتی تایبەتی (سەرمایەداری ئازاد) نەدەگرتەوە!

هەڵبەتە وەك پێشتر وتم، منیش لەوەدا بەتەواوەتی هاوبۆچوونتم، کە ڕەوتی مێژوویی پەرەسەندنی کۆمەڵگە و گۆڕانی شێوەکانی بەرهەمهێنان و سیستەمە ئابووریی و ڕامیارییەکان، لەپاڵیەکدا ڕیزکردنی کۆمەڵێك خانوو نییە، کە ئەندازیارێك و کۆمەڵێك کرێکار نەخشەی بکێشن و ڕۆیانبنێن، بەڵکو لە شێوەی پێکهاتەی چینەکانی زەمین، تێکەڵ بەیەکدی بوون و ئەو بەیەکداچوون و تێکەڵبوونەش گۆڕانی دروستکردووە، نەك پێچەوانەکەی. بەڵام ئاراستەکردنی مێژووی مرۆڤایەتی ئافەرێنراوی کارکردی تاکەکانە.
هەروەها بە پێچەوانەی دیتنی تۆوە، من پلانە ئابووریی و ڕێکخستنە ڕامیارییەکانی بۆلشەڤیزم دەقاودەق بە ورکردنەوە و پیادەکردنی تێڕوانینە ڕامیاریی و بنەما دەوڵەتیەکانی مارکس و ئەنگلس دەبینم. بۆیە ناچارم لە هەموو هاوڕێیانی مارکسیست بپرسم، ئەگەر ئەنگۆ لەجێی بۆلشەڤیکەکان بوونایە یا ئەمڕۆکە ڕاپەڕینێکی ئاوا بێتەڕوودان، وەك مارکسیستێك چیدەکەن، بۆ نموونە ئەگەر چەند شار و ناوچەیەك دژی بوونی ڕۆڵی پارتی پێشڕەو بوون، ئەگەر کرێکاران ملیان بە پلانە ئابوورییەکان نەدا، ئەگەر ناوچەیەك داوای جیابوونەوەی کرد، ئەگەر کۆمونە کشتکارییەکان ئامادەنەبوون لە پلانی دەوڵەتیدا بتوێنەوە و ببنە ئامرازی کاری زۆرەملێ، ئەگەر لە دەروونی پارتدا، فراکسیۆنی کرێکاریی و کۆمونیستی دژ بە سەرخەتەکانی پارت و ڕامیارییەکانی دەوڵەت دروستبوون، چیدەکەن؟

بەبۆچوونی من، وەڵامدانەوە بەم پرسیارە زۆر بەئاسانی گرێکوێرەی مارکسیستبوون و نەبوونی ئەوەی لە ڕوسیا ڕوویدا، دەکاتەوە و لەباری سەلماندنی ئەرێییانەدا، دەتوانێت

پشتیوانییەکی تیئۆریی پتەو بێت بۆ پێویستبوونی دەوڵەت و پارت و نێوەندگەرایی ڕێکخستنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و پێویستنوونی دەسەڵاتی ڕامیاریی!

لە ساڵی (١٩٨٣)وە من بەردەوام، ئەم پرسیارەم لە هاوڕێ مارکسیست و لێنیست و مائۆئیست و ستالینیست و حیکمەتیستەکان هەبووە، بەداخەوە نە ڕاستەوخۆ لە دەمی خۆیانەوە و نە لە دەقی ئەو ڕەخنانەدا، کە لە ئەزموونی بۆلشەڤیکەکان گرتوویان، تا هەنووکە وەڵامم وەرنەگرتووەتەوە، چونکە نەیانتوانیوە بیسەلمێنن، کە مارکسیزم لەمەر پارت و دەوڵەت و سۆشیالیزم شتێکی دیکەیە و ڕۆشنی بکەنەوە، بە کامە جیاوازی مارکسیزم شتێکی دیکەیە، بۆیە تەنیا هیوایەك بۆ ڕۆشنبوونەوەی ئەو جیاوازییانە، وەڵامدانەوەیە بەو پرسیارەی لای سەرەوە.

لێرەدا پاش پرسیارەکە دەگەڕێمەوە سەر پرسی گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی، .... بەڵام ناتوانین، ئامانج و خواستی کۆیلە ڕاپەڕێوەکان لەتەك ئامانج و خواستی زەمیندارە ئازادەکانی سەردەمی کۆیلایەتی لە دژایەتی و ململانێی بەرامبەر ئیمپراتۆری کۆیلەدارەکان یەکبگرین و هەروەها ئەوە زەمیندارە ئازادەکان نەبوون، کە هەرەسیان بە ئیمپراتۆری کۆیلەدارەکان هێنا، بەڵکو ئەوە یاخیبوون و ڕاپەڕینی بەردەوامی چەند سەدەی کۆیلەلان بوو و زەمیندارە ئازادەکان، خوازیاری لەنێوچوونی کۆیلایەتی نەبوون و پاش داڕمانی ئیمپراتۆرییەکان، درێژەیان بە کۆیلەراگرتنی ڕەشپێشتەکان و دیلگیراوەکانی وڵاتانی دیکە لەسەر کێڵگەکانی خۆیاندا و ئەمەش بووە بنەمای کۆیلەتی جوتییاران بۆ دەرەبەگەکان و هەروا ململانێی بازرگان و خاوەنکارگە و ڕۆشنبیرە بۆرجوازییەکان لەتەك سیستەمی فیئۆدالێیدا هاوتا و هاوسەنگەری ناڕەزایەتی جوتیاران لەو سیستەمە نەبوو و ئەوە بۆرجواکان نەبوون، کە دەرەبەگایەتیان ڕوخاند، بەڵکو ئەوە ڕاپەڕین و یاخیبوونی چەندین سەدەی جوتیاران و دوانەوەکانی کۆیلان بوو، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی ڕوخاند، بەڵام لە نائامدەیی هوشیاریی دژەسەروەرییدا، بۆرجواکان هەلی سەروەربوونی خۆیان دەقۆزنەوە و مێژوو بەو جۆرە ئاراستە دەکرێت، کە دەبینین، بەواتایەکی دیکە ئەوە هوشیاریی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانە کە مێژوو ئاراستەدەدەکات، نەك پێچەوانەکەی. چونکە ئەگەر ئاوابێت، کە تۆ دەریدەبڕیت، ئەوا ئێمە سەرنشینانی شەمەندەفەر و کەشتییەکین، کە ڕەوت و ئاراستەی مێژووی ئێمە دیاریدەکات!

هەرچەندە خەریکە لە چەقی مشتومڕەکە دووردەکەوینەوە، بەڵام لێرەدا بەپێویستی دەزانم، کە جیاوازی بۆچوونی خۆم لەمەڕ ڕۆڵی چینە دارا و سەروەرەکان بخەمەڕوو، چونکە هاوڕێ تامیر وروژاندوویەتی و ناکرێت بازی بەسەردا بدەم، ئەویش ئەوەیە، شۆڕش لەلای من واتە هەوڵی گێڕانەوەی ویست و مرۆڤایەتی و سەربەخۆیی بۆ تاکە ژێردەستەکان، ئیدی ئەو تاکانە سەر بە چینێك، ڕەگەزیك یا نەتەوەیەك بن، وەك ئەزموونەکانی سەراپای مێژووی مرۆڤایەتی نیشانماندەدات، ئەو گێڕانەوەیەش بەبێ شۆڕشی کۆمەڵایەتی، واتە وێرانکردنی بنەما ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی سەروەری چێنایەتی، نایێتەدی و هەر هەوڵێك بە ئاراستەیەکی دیکە، دیسانەوە سەری لە نۆژەنکردنوەی سەروەری چینایەتی دەردەچێتەوە، وەك پاش ڕوخانی سیستەمی کۆیلەکان، پاش ڕوخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی و پاش ڕوخانی دەوڵەتی بۆرجوازیی لە ڕوسییە، کە بەناوێکی دیکەوە سەروەریی چینایەتییان بەرهەمهێنایەوە. لەبەرئەوە هیچ کات خانزادەکان و زەمینداره ئازادەکانی لاورگی کۆیلایەتی و بۆرجواکانی لاورگی دەرەبەگایەتی و بۆلشەڤیکەکان یا سۆشیالدیمۆکراتەکان [مەبەستم لە تاکە ئازادیخواز و شۆسیالیستخوازەکانی خوارەوەی ڕیزی ئەو پارتانە نییە، تەنیا مەبەستم سەران و دەسەڵاتخوازنی نێو ئەو پارتانەیە]ی لاورگی بۆرجوازی، شۆڕشگێڕ نەبوون و ناشبن، چونکە تەنیا شۆڕشی چینایەتییان لەباربردووە و سەروەری چینایەتییان لە تیاچوون ڕزگارکردووە و تاکە ژێردەستە نارازییەکانیان بەناوێکی دیکە و بە کایەیەکی ڕامیاریی دیکە، دەستەمۆکردووەتەوە!

" دەوڵەتی نەتەوەیی، ئاڵۆزترین پێکهاتەی سیاسیی بوو کە دەبووایە نەک تەنها پاشماوەکانی دەسەڵاتی فیوداڵی پێڕابماڵێت، بەڵکو دەبووایە وەک شمشێرێکیش بەسەر ئەو چینە نوێیە [ پرۆلیتاریا ]وە ڕابیگرێت کە تازە لە منداڵدانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریدا گەشەیکردبوو. "

لێرەدا زۆر بە سەلیقە و وردەکارییەوە، پێناسەی دەوڵەتی نەتەوەیی یا هاوچەرخت کردووە و دێوجامەکەیت داماڵاندووە و هیچ بوارێکت بۆ خۆشباوەڕیی بە دەوڵەت و نەتەوەییبوونی دەوڵەت نەهێشتووەتەوە، بەڵام بەداخەوە من لەم وەڵامانەی دواییتدا ناکۆکیی و دوو بۆچونیی دەبنم، لەوێدا کە هاوڕێ تامیری ٢٠١٣ لەتەکماندا دەکەوێتە گفتوگۆ، بەتەواوی دەست بۆ کردنەوەی کرێکوێرەکان دەبەیت، بەڵام لەو ڕستانەدا کە مانا بۆ مارکس و

ئەنگلس دەبەیت، کە لەجیاتی خۆت گفتوگۆمان لەتەکدا بکەن، نەك هەر دژی خۆت دەوەستیتەوە، بەڵکو خۆت لەبیردەکەیت، کە لە ساڵی ٢٠١٣دا دەژیت و ئەزموونەکان دێوجامەی شۆڕشگێڕبوونی دەوڵەت و پارت و بۆرجوازییان شندڕ وندڕ کردووە. ئەگەر تەنیا هاوڕێ تاهیری ٢٠١٣ لەم وەڵامانەی دواییدا بدوایە، بەدڵنیاییەوە منیش زۆر ناچار بە وەڵامدانەوەی باسی لاوەکی نەدەبووم و زۆرتر لەسەر چارەسەر و ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەت دەوەستام، کە خواست و پرسیاری تۆ و هاوڕێ ** بوو لە سەرتایی ئەم مشتومڕەدا.

بەڵام لەبەر ناکۆکیبووونی چەمکی شۆڕش و شۆڕشگێڕیی لە بۆچوونەکاندا، کە لەلای من شۆڕش واتە لەنێوبردنی سەروەری چینایەتی، لەلای تۆ بەپێی ڕستەکانت دەکاتە گۆڕینی سەروەری چینایەتی چینێك بە چینێکی دیکە، بۆیە لە ڕستەکانی دواتردا، کە بۆرجوازی دەکەیتە سۆپەر شۆڕشگێڕ، دیسانەوە، لەتەك ئەو بۆچوونەت، کە ' یاسای گەشەکردنی مێژووی مرۆڤایەتی لەدەرەوەی ویست (ئیرادەی) مرۆڤەکان' دادەنێت، دەکەویتە ناکۆکی و بۆرجوازی بەسەر ئەو یاسایەدا زاڵدەکەیت، واتە دەیکەیتە سەرنشینێکی ڕۆڵدار و بڕیاردەر! دەکرێت من لە مەبەستی تۆ تێنەگەییشتبم، بەڵام بەپێی تێگەییشتنم، بەو سەرەنجامە دەگەم، کە دوو بۆچوونی ناکۆك بە درێژایی وەڵامەکانی ئەم دواییە دێن و دەڕۆن، وەك وتم کاتێك کە خۆت قسەدەکەیت، مرۆڤەکان، مێژوو ئاراستە دەکەن و کاتێك هاوڕێیان مارکس و ئەنگلس قسەدەکەن، ڕۆڵەکە لە مرۆڤەکان دەستێنیتەوە و بە یاسا سەروو مرۆییەکەی دەبەخشیت. ....
هاوڕێ، دەبێت بمبەخشیت، کە بڵێم، بەتەواوەتی دوا ڕستەی ئەنجامگیریی "گۆڕانی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمەیداری بۆ شێوە بەرهەمهێنانی کۆمونیستی" تێناگەم یا تێنەگەییتم، چونکە نازانم مەڵەی دارشتنی ڕستەکەیە یا دروستی ڕستەکە و دێژەدانەوەیە بە بێڕۆڵی و بێویستی تاك و چینەکان؟

من لەوەدا هاوبۆچوونتم، کە لەچاو سیستەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی، سیستەمی سەرمایەداری ئاڵۆزترین سیستەمە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیبێتی، بەڵام ئەو یاسا کوێرانەیە، کامەیە کە لە دەرەوەی دەسەڵات و ویستی چینی بۆرجوازیدا، خۆی بەسەر دەسەڵاتەکەیدا سەپاندووە؟ ئەگەر بگەڕێمەوە سەر پەرەگرافەکانی پێشوو و پرسی یاساکانی گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی و گۆڕانی سیستەمەکان، ئەوا جارێکی دیکە دژی ویست و

شۆڕشگێڕبوونی بۆرجوازی دەوەستیتەوە و بۆرجوازیش وەك پرۆلیتاریا دەکەیتە ڕۆبۆت و کۆیلەی یاسای کوێرانەی گەشەی مێژوو و هەموو لێپرسراوەتییەکی مێژوویی لێدەستێنیتەوە و لە قەفەزی تاوانباریی بەرامبەر مرۆڤایەتی ڕزگاری دەکەیت. وەك وتم من ئاوا لەم پەرەگرافە تێدەگەم، ئەگەر ئاوا نییە، تکایە لە درێژەی مشتومڕەکەماندا ڕۆشنی بکەرەوە.

هەروەها بێجگە لەوە لە هەمان پەرەگرافدا، بەپێچەوانەی سەندنەوەی ڕۆڵ و ویست لە بۆرجوازی، بەرهەمهێنانی کۆمونیستی دەکەیتە فەرمانێکی بێچەندوچوون، ئایا ئەو بێچەندوچوونییە (حەتمیەتە) لە کوێوە سەرچاوەدەگرێت: لە یاسای کوێرانەی گەشەی مێژوو یا لە ناچاریی شۆڕشی کۆیلانی سەرمایەداری؟ ئەگەر وەڵام، یەکەم بێت، ئەوا ئەمە بۆچوونێکی دیتێرمینیستی گەشەی ئابووریی و ملکەچی تاکەکانە بۆ ئەو گەشەیە و نە بۆرجوازی ڕۆلی لە گۆڕانی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا هەبووە و لە پرۆلیتێرەکانیش دەتوانن ڕۆلیان لە سەرهەڵدانی بەرهەمهێنانی کۆمونیستیدا هەبێت!

بەڵێ هاوڕێ تاهیر، دەوڵەت ئەوەیە کە تۆ باسی دەکەیت و زیاتریش، بەڵام جارانیش هەمان شتبووە و هەر ناوەڕۆکە چینایەتییەکەیەتی، کە ئەو بوونە ئەختەبوتییەی پێبەخشێوە، خۆ ئەگەر دەوڵەت، ئاوا کە لایەنگرانی پاگەندەی بۆ دەکەن، بێلایەن بووایە، بەدڵنیاییەوە دەبوو شەڕی زۆرێك لەو مێزانەی بکردایە، کە تۆ ناوتهێناون. لێرەدا زۆر بەجوانی خەرێکی کرۆکی دەوڵاتمان بۆدەخەیتەڕوو، هۆیەکەشی ئەوەیە، کە خۆتی قسەدەکەی، بەڵام کە دەکەویتە هەوڵی خۆگرێدانەوە بە بەجێماوەکانی نێو پەرتووکەکان، دیسان ناچار دەبیت، ئەو خودای خراپەیە، کە لە لەنێوبردنیدا ڕزگاری مرۆڤایەتی دەبینی، دووبارە زیندووی بکەیتەوە، بە یاسای دۆناودۆن بیکەیتە نێو جەستەیەکی پاکژ و چاکەکاری پێدەسپێریت. ئیدی من لێرەوە لەتەك تۆدا نایێنم، چونکە من خەرێك دەبم، کە ئامادەکاریی بۆ کۆمەڵگەی نوێ، لەنێوبەری دەوڵەت بێت، نەك پاش لەنێوبردنی دەوڵەت، ئینجا بۆ پێکهێنانی یەکەکانی کۆمەڵگەی داهاتوو، بکەومەخۆ. بەبۆچوونی من، هۆکاری ئەوەی کە تۆ یا هاورێیانی مارکسیست ناچار بە زیندووکردنەوەی گیانی خراپەکاری دەوڵەت لەنێو جەستەیەکی پاکژدا دەبن، ئەوەیە کە تاکە ژێردەستەکان بۆ سەربازبوون لە پارتی پێشرەودا بانگەوازدەکەن و هەموو ڕۆڵێکیان جەنگکردنە بۆ پلانەکانی پارت و کاتێك کە دەوڵەتە بۆرجوازییەکە دەڕوخێنن، خودی سەربازەکان لە تاکە بۆرجواخوازەکان خراپتر، هیچ ئامادەییەکیان بۆ

کۆمەڵگەی نوێ نییە و بەهەمان کولتوور و ڕاهاتنی جاران، زۆر ئاسایی دەبنەوە هاوولاتی نادەربەست و ژێردەستی دەوڵەت، وەك وتم كاتێك کە هیچ ئامادەكارییەك بۆ كۆمەڵگەی نوێ چ بە پەروەردەی تاكی سۆشیالیست و چ بە ڕۆنانی ڕێكخراوە ئابووریی و كۆمەڵایەتییە سەربەخۆكان و چ بە بەجێخستنی هەروەزی و خۆبەڕێوەبەرایەتی بەكۆمەڵ لەنێو ئەو تاك و گروپانەدا نەكردبێت، نەك مەترسی گەڕانەوەی بۆرجوازی بۆ دەسەڵات چ بە كودەتای سەربازی و چ بە فریودان و وروژاندنی كۆنەپەرستی ئایینی و ..تد، زۆر نزیكە، بەڵكو بێجگە لە قوتكردنەوەی دەوڵەت وەك ڕێكخستنی قوچكەیی و كۆیلەڕاگری دانیشتووان، هیچ چارەیەكی دیكەت، نابێت.

گرفتەكە لەوەدایە، كە ئێوە هاوڕێیانی ماركسیست، بە هەمان شیمانەی ڕوخاندنی دەوڵەتی بۆرجوازی بەهۆی سەركردژایەتی پارتی پێشڕەو و پاشڕەویی پڕۆلیتێرەكان و دۆشدامان لە دووڕیانی گەڕانەوەی بۆرجوازی یا سازكردنی جەستەی پاكژ بۆ گیانێكی شەڕەنگێزدا دۆشدادەمێنن. هەر ئەو دۆشدامانەش بوو، كە ئاوای لە بۆلشەڤیكەكان كرد ڕەوایەتی بە سەركوتی هاوڕێكانی خۆیان بدەن.

هاوڕێیان، بەداخەوە لەبەرئەوەی كە هزری ئەناركی لە سەرچاوەی یەكەمەوە لە پەرتووكخانەی كوردیدا بوونی نییە، هەرچەندە دەزانم  هاوڕێ تامیر تۆ هەم فارسی و عەرەبی و ئینگلیزی دەزانیت، بەڵام لەوە ناچێت ئارەزوومەندیت لە خوێندنەوەی  بۆچوونە ئەناركییەكان هەبێت، ئەگینا دڵنیام ئەو بۆچوونەت نەدەبوو، كە ئەناركییەكان بەبێ ڕێگەچارە و ئەڵتەرناتیڤ، خوازیاری لەنێوبردنی دەوڵەت بن. لێرەدا بۆ یەكەم جار ،ناچار دەبم وتەی هاوڕێیەكی ئەناركی (ئێرێكۆ مالاتێستا) بهێنمەوە، چونكە قسەی خۆم نییە. مالاتێستا دەڵێت " ئەگەر هەر ئەمڕۆ بەبێ ئامادەكاری و ئامادەبوونی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ڕێكخستن و دەزگە بۆرجوازییەكان، دەوڵەت، پۆلیس، پۆست، ...تد لەنێوبەرین، كارەساتێك ڕوودەدات، چونكە تاكی گۆشەكراو بەم دەزگە و ڕێكخستنانە، توانای دەركی كۆمەڵگەی ئەناركی نییە...... " . بەڵێ وەك ئەو دەڵێت، پێویستە هەنگاوی یەكەم، لەنێو ژیانی ڕۆژانەی خەڵكیدا، خەریكی ئامادەكردن و جێخستنی ئەڵتەرناتیڤەكان بین، كەی توانیمان ئەوە بكەین، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێداویستی دەوڵەت و ڕێكخستنی بۆرجوازی نامێنێت و ڕوخاندنی هەر زۆر ئاسان دەبێت. ئەمە هەر ئەو پلەی گەشەكردنەیە، كە هاورێ تامیر باسی دەكات، بەڵام وردی ناكاتەوە.

من ناتوانم مل بە کۆیلەتی کرێگرتە نەدەم، ئەگەر هەرەوزەییە سۆیالیستەکان هەر ئەمڕۆ هەڵی سەربەخۆبوونم بۆ نەڕەسخێنن، چونکە زینوومانەوە و ناچاریی ژیان، بەرەو چوونەوە سەرکاری کۆیلەگەرانە بەڕێمدەکات. من ناتوانم پۆلیس ڕەتبکەمەوە، ئەگەر پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی جێگەی ئەوی نەگرتبێتەوە و ئاسایشی هەمووان نەپارێزێت ! هەر بۆیە بۆ گۆڕینی ئەم سیستەمە قوچکەییە (هەرەمی/ هیرارشی)یە، پێویستمان بە هوشیاربوونەوە و پەروەردەی ئەو تاکانەیە، کە ژیان لە سایەی وەها سیستەمێکدا بۆیان ئەستەمە. بەڵام کاتێك کە تۆ لە سیستەمی قوچکەیی پارتدا تاکە ناڕازییەکان بەهەمان ڕێکخستنی قوچکەیی چینایەتی ڕێکدەخەیتەوە، ئیدی لۆجیك سەرەنجامی کارەکە بەرەو پێداویستی نۆژەنکردنەوەی دەوڵەت دەتبات. چونکە تەنانەت سەربازەکانی پارتیش پێویستیان بە دەزگەیەکی سەرکەوتگەری وەك دەوڵەت هەیە، ئەگیا وەك دڕندە بەردەبنە گیانی ژێردەستەکانی کۆمەڵگە، ئیدی با هێزە تێکشکاوەکانی بۆرجوازی لەولاوە بوەستن. من بەتەواوەتی لەوە تێدەگەم و دەرکی دەکەم، کە بۆ ئێوە ناتوانن دەرکی کۆمەڵگەی ئازاد لە دەرەوەی دیوارەکانی ئەم زیندانەوە بکەن، چونکە سەرەتا دەزگەیەکی قوچکەیی وەك پارت دەکەنە کەڵەگا بەسەر بزووتنەوەی سۆشیالیستییەوە و پاشان بەبێ پەروەردە و جێخستنی ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالسیتی لەم کۆمەڵگەدا، دەتانەوێت بە شەورۆژێك بە پلانە ئابووریی و ڕامیارییە زۆرەملێییەکانی پارت، سۆشیالیزم بەرپابکرێت، هەر بۆیە لەوەها بارێکدا بەبێ دەوڵەت، نە سەپاندنی پلانەکان مەیسەر دەبێت و نە ڕاگرتنی تاکە بۆرجوازییە حەپەساوەکانی پاش ڕوخانی دەوڵەتی بۆرجوازی ئاسان دەبێت. بەڵام تۆ وەرە لەبری پارت، ڕێکخراوە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکان لە شوێنی کار (کارخانە و کیڵگە) و خوێندن و فەرمان و نیشتەجێبووندا وەك فێرگە و پەروەردگەی سۆشیالسیتی و ئامرازی خەباتی ڕۆژانە، هەرەوەزییەکان لە بواری پێشەسازی و کشتکارییدا وەك نموونەی کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بکەرە سەنگەری ئازادکردنی تاك لە کاریکرێگرتە، بزانە چۆن سیستەمی چینایەتی سەرمایە لەبەردەم گۆڕانی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و ڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هوشیاریی تاکی ئازادیخواز و سۆشیالیستدا دەبیێتە ئەو شتە زیادەیەکی کە کۆمەڵگە وەك کاژێك ناچار بە فریدانی دەبێت و بزانە وێناکردنی کۆمەڵگەی سۆسیالستی پاش نەمانی پێداویستی دەوڵەت و سیستەمی بۆرجوازیی، چەندە ئاسانە و ڕۆنانی زۆر بە ئاسانی لە توانای تاکە ئامادەکانی ئەو کۆمەڵگە نوێیەدا هەیە و دەبێت!

بەڵێ، تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگە ئەو ئامادەیی پەیدانەکردبێت و تاکەکان بەو جۆرە خۆیان پەروەردە نەکردبێت، هەم سۆشیالیزم خەیاڵپڵاوییە و هەم بوون و مانەوەی دەزگە بۆرجوازییەکان پێویستییەکی ناچاریی کۆمەڵگە دەبێت. بەبۆچوونی من، تا ئەو کاتەی کە ئەو ئامادەییە بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی نەبووبێتە هەڕەشەی لەنێوبردن و ناپێویستکردنی سیستەمی سەرمایەداری، ڕێکخستنی بۆرجوازی لە ڕێکخستنی پارتی پێشڕەوی کۆمونیستەکان بۆ کۆمەڵگە پێویستتر و ناچاریتره، بەڵام وەك سوشیالیستێك ئەگەرچی هێشتاکە ئەو ئامادەییە لە قۆناخی کۆرپەلەیی خۆیدایە و لێرەو لەوێ لە ئەوروپا و ئەمەریکا و ئوسترالیا هەرەوەزییەکان و ڕێکخراوە سەربەخۆکان وەك سەرەتایەك سەریانهەڵداوە و هێشتا لە قوناخی ئاڵوگۆری بنەڕەتیدا نین، بەڵام بۆ تەنیا ساتێکیش نابێت لە دژایەتی دەزگە سەرکوتگەرەکانی بۆرجوازی (ئەختەبوتەکەی دەوڵەت) بوەستین، ئەگەرچی هێشتاکە لە نائامادەیی ژێردەستاندا بۆ لەنێوبردنیان، پێویست دێنەبەرچاو.

هاوڕێ گیان، لەبەرئەوەی کە وەڵامەکان لەوە زیاتر درێژنەبنەوە، ناچارم خۆم لە وردەکاریی لەمەڕ کۆمونەی پاریس لابدەم و تەنیا ئەوەندە بڵێم، کۆمونەی پاریس ڕاپەڕینێك بوو، کە نەهامەتی جەنگ و شکستی هێزەکانی فەرەنسە لە بەبارمبەر پروسەکاندا زەمینەیان ڕەخساند، هەروەك ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و ئازاری ١٩٩١ی لای خۆمان بەرەنجامی شکستی جەنگبوون، دەزانم لە خوێندنەوەی ئەم ڕستانەدا، تا من ئەم ڕستەیەی دوایی بۆ زیاددەکەم، زۆر هاورێ پەرێشان و دڵتەنگ دەبن، بەڵێ تەنیا ڕاپەڕینێك بوو وەك بەرەنجامی شکستی جەنگ، هیچ ئامادەکارییەکی بۆ بنیاتنانی سۆشیالیزم نەبوو، جەماوەری ڕاپەڕیو وەك لە هەموو ڕاپەڕینەکانی دیکەدا دوای قەرەباڵغی و زاڵی دەنگەکان کەوتن، کە لەو کاتەدا سۆشیالیستەکان (مارکسیستەکان، بلانکیستەکان، ئەنارکیستەکان و زۆرێکی دیکە هەرە دیارترینیان بوون) دەنگی زاڵ و هزری باوی کۆمەڵگە بوون و پاریس پەناگەی سۆشیالیستەکانی دونیا بوو، هەروەك لە ڕاپەڕینی ١٩١٧دا زۆرینە دوای دەنگی زاڵکراوی بۆلشەڤیکەکان، لە ١٩٧٩ی ئێراندا زۆرینە دوای دەنگی زاڵکراوی ئیسلامییەکان و لە ئازاری ١٩٩١دا دوای دەنگی زاڵی ناسیونالیستەکان کەوت، هەر ئاواش لە کۆمونەدا زۆرینە دوای سۆشیالیستەکان کەوت، بەڵام بەداخەوە لەبەر دوو هۆ؛ یەکەم، نەبوونی ئامادەیی سۆشیالیستی بۆ وەڵاتانی سەروەری و تەریکەوتنەوەی ڕاپەڕینەکە لە پاریس و نەبوونی پشتیوانی، دووەم ئاگربەستی پروسەکان بۆ خۆسازدانەوەی لەشکری تێکشکاوی فەرەنسە بۆ

سەرکوتی کۆمونەی شۆڕشگێڕ، کە بۆی هەبوو لە درێژەکێشان و مانەوەیدا، ڕاپەڕین هەموو ئەوروپا بگرێتەوە و ئاگر لە سەراپای بوونی بورجوازی لە ئوروپا بەربدات. بەداخەوە ڕاپەڕین تێکشکاو و زۆرینەی جەماوەری ڕاپەڕیو تێداچوو. بەڵام ئەگەر بهاتایە هەلی بەردەوامی هەبووایە و لەسەر مۆدێلەکەی بلانکییەکان بۆ سۆشیالیزم دەوڵەتیان دروستبکردایە، ئەوا شەڕەفی سەرکوتگەرییەکانی پاش ١٩١٨ی بۆلشەڤیکەکان بەوان [بلانکییەکان] دەبڕا. لێرەوەیە کە تێزەکانی مارکس بۆ دەوڵەتیکردنی سۆشیالیزم سەرچاوەیان بۆ سۆشیالیزمی بلانکییەکان دەگەڕێتەوە و هەر ئەوەش بوو، کە لێنین و ترۆتسکی و ستالین و بۆلشەڤیکەکان لە ڕوسیەی پاش ١٩١٧ بە ئاگر و ئاسنباران پیادەیانکرد و ئەوەش سەرەنجامەکەی بوو، کە دیتمان و بۆ ئێمەش تەنیا خەم و شکست و ئەفسوسخواردنی بەجێهێشت!

ئینجا هاوڕێ گیان، وەك تۆ دەوڵەتبوونی سۆشیالیزمت کردووەتە ناچاریی بۆ داهاتووش، من بۆ خۆم ئەگەر هیچ ڕێگەیەکی دیکەم نەبێت و ناچاربم بە ژیان لەو دەوڵەتەدا، وەك ئەوەی تۆ زۆر بەدڵنیاوە دەڵێت سەرەنجامی هەموو هەوڵەکان هەر دوڵەتیبوون دەبێت، ئەوا هەر لە ئێستاوە من واز لە خەباتکردن بۆ شتێك کە بە ناچاریی سەرەنجامەکەی هەر دەوڵەت و سەروەری هەندێك بەسەر هەندێکیدا بێت، دەهێنم و لەبەرامبەر ئەو ناچارییەدا، ئازادییە ڕواڵەتی و سکبرسیبوونەکەی سەرمایەداریم لە سکتێربوونە زیندانییەکەی ئەو سۆشیالیزمە دەوڵەتییە پێباشترە، چونکە وەها سۆشیالیزمێك [تکایە ئەمەم بە سووکایەتیپێکردن لێوەرمەگرە، چونکە فەرماندانەکەی تۆ بە مێژوو، بە وەها دەربڕێنێك ناچارم دەکات] تەنیا بە (گاوداری و جوجەسازی) دەبینم، کە ئاژەڵ و پەلەوەرەکان لەلایەن خاوەن و سەرپەرشتکارەکەیانەوە، مشەبوونی خواردنیان، بە مەرجی لەدەستدانی ئازادی بۆ دابیندەکرێت !

لێرەدا دیسان ناچارم بگەڕێمەوە سەر "یاسای کویرانەی دەرەوەی ویستی مرۆڤەکان" کە تۆ بە پاڵنەری گەشە و گۆڕانی مێژوویی دادەنێیت، کە بەو سەرەنجامەی گەیاندووی، دەوڵەتیبوونی سۆشیالیزم لە دەرەوەی ویستی مرۆڤەکانەوەیە و دەبێت ملی پێبدرێت، ئەگینا ڕۆنانی سۆشیالیزم ئەستەمدەبێت. کەواتە خودی سەرمایەداریش وەها سەرەنجامێکی ناچارییە و ئەو یاسا کوێرانەیەی سەرووی ئێمە سەپاندوویەتی و دەبێت ملی پێبدەین و ئیدی بۆچی لە دژی خەبات بکەین و لەنێوبردنی دەوڵەتی بۆرجوازی لەپێناو چی و چ سوودێکی هەیە؟ ئایا ناکرێت هەر بەپێی ئەو یاسا کوێرانە سەروو مرۆییە، دەوڵەتی بۆرجوازی خۆی بگۆڕێت بە

دەوڵەتێك كە تۆ پاشگری سۆشیالیستبوونی بۆ زیاددەكەیت؟ خۆت دەزانیت من هەم خوازیاری ڕوخانی دەوڵەتی بۆرجوازیم و بەبێ ئەوە گەییشتن بە كۆمەڵگەی سۆشیالیستی بە خەیاڵ دەزانم، هەم دژی دەوڵەتیكردنی سۆشیالیزمم، لەبەرئەوەی كە دەكاتەوە سیستەم و پێكهاتەی چینایەتی و سەركوتگەر؛ ئایا ئەو بۆچوونەی تۆ كە گەشەی مێژووی مرۆڤایەتی لە دەرەوەی ویستی كەسەكانەوە دادەنێیت و هەرواش بەناچاری دەوڵەت بەسەر سۆشیالیزمدا دەسەپێنێت و پێماندەلێت، هەرچی بكەین و بكۆشین، سەرەنجام دەبێت دەوڵەتمان هەبێت، ئایا گۆڕانی بەرەبەرەی دەوڵەتی بۆرجوازی لە ڕوانگەی سۆشیالدێمۆكراتەكانەوە بەرەو دەوڵەتی سۆشیالیستی، كەتواریتر و ئاوەزپەسندتر نییە، لەچاو ئەوەی كە دەوڵەتی سۆشیالیستی خۆبەخۆ بپووكێتەوە ؟

منیش هاوبۆچوونتم، ئەگەر كۆمونەی پاریسی ١٨٧١ و ئۆكتۆبەری ١٩١٧ بە هەمان ساتی مێژوویی و بەهەمان ئامادەیی تاكەكان و لە كەشی تێكشكانی جەنگدا دووبارەببنەوە، بەدڵنیاییەوە ئەم جارە بەتەنیا وەك تراجیدیا دووبارە نابنەوە، بەڵكو گاڵتەجارانەتریش دەبن. بۆیە ئەگەر ئەو بۆچوونەی تۆ "دووبارەبوونەوەی كۆمۆنەی پاریسێكی دیكە لە هەرشوێنێكی دنیادا، بە ناچاری هەمان تایبەتمەندی [ دەوڵەت بوون و دیكتاتۆری پرۆلیتاریا بوون] لەخۆی دەگرێت. تۆ هەر ناوێكی دیكەی لێبنێیت، لە ڕووی كاركردەوە هەمان شتە. ڕێگای دووەم بۆ گواستنەوە لە قۆناغی سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی كۆمۆنیزم، جگە لە [دەوڵەتی پرۆلیتاریا ؛ یان دیكتاتۆری پرۆلیتاریا]بوونی نییە" دروست و ناچاریی بێت، ئەوا بۆ مرۆڤایەتی، تێزەكەی سۆشیالدێمۆكراتی ئاوەزگیرانتر و كەم كارەساتبارتر دەبێت. لەبارەی ڕێگەی دووەم یا ئەڵتەرناتیڤی ئەناركییەكان لە ڕوانگەی منەوە [چونكە نازانم چەند ئەناركیست ئەم ڕوانگەیەی من پەسەنددەكەن] لەسەرەوە لەسەری دوام و لەو  بروایەشدا نیم تەنیا دوو ڕێگە هەبن، چونكە دەكرێت هەم ڕێگەچارەكەی تۆ  و هەم ئەوەی منیش هەڵەبێت و ڕێگەچارەی سێیەم و چوارەم و پێنجەم و شەشەمیش هەبن. تاكو ئێستا مێژووی ڕووداوەكان و ئەزموونەكان هەڵەبوونی ریگەچارەی هاوڕێیانی ماركسیستی سەلماندووە، ڕێگەچارەی ئەناركییەكانیش لە هەنگاوناندایە بۆ خۆئامادەكردن و تاقیكردنەوە [هەرچەندە خاوەنی چەند ئەزموونی درەخشانە و وەك وتم ئەزموونی ئەناركییەكان لەنێوخۆرا كرمۆڵنەبوون و نەپوكانەوە، بەڵكو بەهێزی سەربازیی تێكشكێندران، بۆیە تەنیا جوانییەكانمان دیتوون و نازانین چەندە سەركەوتوو دەبن، ئەگەر هەلی پیادەكردنیان هەبێت و لە ڕووی سەربازییەوە

بتوانن بەرەنگاری هێرشی دەرەکی دەوڵەتانی بۆرجوازی بکەن]، بەڵام وەك وتم سەرکەوتنی ئەڵتەرناتیڤی ئەنارکییەکان، بە ئامادەیی هۆشی و کردەیی تاکە ئازادیخوازەکانەوە پەیوەستە و بەبێ ئەوە، دەبێتە پلانێکی خۆشخەیاڵانە و بەس.

بەڵام هاوڕێ گیان، لەبیرت نەچێت، کۆمونەی پاریس ئەوەندەی لەژێر کارایی هزری ئەنارکییەکاندا بوو، ئەوەندە لەژێر کارایی هزری مارکسیستەکاندا نەبوو، ڕێکخستنی سۆڤیەتی یا کۆمونەیی پێش کۆمونە پێشنیاری ئەنارکییەکان بوو لە نێونەتوەیی یەکەمدا، پیادەکردنیشی لە ڕاپەڕینی کۆمونەدا لەژێر ئەو کاراییەدا بوو، هەروەها بۆلشەڤیکەکان وەك بەڵگەنامەکانی خۆیان نیشانیدەدەن، بەناچاری دروشمی هەموو دەسەڵات بۆ سۆڤیەتەکانیان بەرزکردەوە. لەتەك ئەوەشدا پێموانییە، کە دەبێت کۆمونە وەك خەلافەتی یەکەمی ئیسلامی لە مەکە و مەدینەدا بگەرێینەوە سەری، هەرچەندە کۆمونەی پاریس یەکەمین بەرگرتنی هەوڵی ئەنارکییەکان دەژمێردرێت، بەڵام لەچاو هوشیاریی ئەمڕۆی تاکە سۆشیالیستە ئازادیخوازەکان، زۆر سەرنجراکێش نییە و ئەگەر بەو هەڕەمەکییەی ئەوسا بەتەمابین، کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بنیاتبنێین، ئەوا خاکبەسەر سۆشیالیزم. دەکرێت لە لایەنە پۆزەتیڤەکانیدا وەك ئەزموونگیری بگەڕێینەوە سەر کۆمونەی پاریس وەك یەکەمین ڕاپەڕینی پرۆلیتێری، بەڵام بۆ ئەمڕۆی سەردەمی جەنجاڵی تەکنۆلۆجیا و ئەنکەبوتی دەوڵەت و جیهانیبوونی بازار و گوندبوونی جیهان لە تۆڕێکی ئینتەرنێتییدا، لەو بڕوایەدانیم، کە زۆر کۆمەککەربێت.

هاوڕێ گیان، بەداخەوە پاش ئەوەی کە وەك هاوڕێ تاهیری ٢٠١٣ ناوبەناو لێکدانەوەی دروست بۆ دەوڵەت و دڕندەیی و جیهانگری سیستەمی سەرمایەداری دەکەیت، بەڵام زوو زوو دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە مارکس و ئەنگلس ١٤٢ ساڵ لەمەربەر چیانگوتووە. ئەمە مشتومڕەکە بەملاو و بەولادا دەبات و منیش ناچار بە درێژدادڕیی بێزارکەر دەکات، بروابکە هەر ئێستا کە ئەم ڕستانە دەنووسم، خۆم لە ناچاریی دووبارەکردنەوەی هەندێك شت بێزاربووم، ئینجا قوڕبەسەر خوێنەری ئازیز، کە ئەم ڕستانەی من دەخوێنێتەوە. بەڵام وەك وتم، ناتوانم خۆم لە وەڵامدانەوەیان لابدەم، چونکە قسەکردن و وەڵامدانەیان هەم بە هەندوەرگرتنی بۆچوونەکانی تۆیە و هەم بەدڵنیاوە بێسوود نابێت و بەلایەنی کەمەوە، وەڵام و ئەرگومێنتێکی باشتر لەلای تۆدا بەرامبەر من دەئافرینێت. بەڵام داواکارییەکی هاوڕێیانەم لە تۆ و هاوڕێیانی دیکەی مارکسیست هەیە، کە بۆ ئەوەی مشتومڕەکە بابەتی لاوەکی لێنەبێتە و

بابەتەلاوەکییەکان نەبنە بابەتی سەرەکی و بابەتە سەرەکییە دەوڵەت لەبیرنەچێتەوە، هەوڵبدەن بۆچوونی خۆتان بکەنە وەڵام نەك هێنانەوەی بۆچوونی مارکس و ئەنگڵس و دیگەران... وەك وتم تەنیا بە خاتری درێژنەبوونەوە و بەملا و بەولادا نەچوونی بابەتەکە و بەس، ئەگینا زۆرم پێخۆش دەبێت، ئەگەر هاوڕێیانی مارکسیست نووسینەکان مارکس و ئەنگلس وەبگێڕن، بۆئەوەی ئێمەش هەلی خوێنەوەیانمان بۆ بڕەخسێت.

هاوڕێ، لە بارەی ئابووری سۆشیالیستییەوە لە ڕوانگەی (مارکس و ئەنگلس)ەوە، بەو پێیەی تۆ ئاماژەت پێداوە و خۆشیان نکۆڵی لێناکەن و بۆلشەڤیکەکانیش هەر هەمان پلانیان پیادەکرد، واتە نێوەندیانەی ڕێکخستنی ئابووری وەك ژێرخان و نێوەندیانەی ڕێکخستنی ڕامیاریی وەك سەرخان، هەر پێداویستی وەڵامدانەوە بەو نێوەندگەرایییەیە، کە دەوڵەت دەکاتە ناچاریی و مارکس و ئەنگڵس هەرچی دەکەن، وەك تەوقێك لە ملیان نابێتەوە و هەر ئەمەشە ئاوایان لێدەکات، کە بەناچاریی دەبێت سۆشیالیزمەکەیان شێوە بەرهەمهێانی پێش خۆی (بۆرجوازیی) لە بۆرجواکان بەقەرزوەربگرێت. بێجگە لەوەی کە من باوەڕم بەوە نییە و سەرلەبەری بەنادروست و ناپێویست دەزانم، بەڵام پرسیارێك کاتێك کە ئابووری کۆمونیستی مۆرکی سەرمایەداری پێوەبێت، ئیدی چۆن کۆمونیستییە؟ کەواتە بەناچاریی لەبەر مۆرکە سەرمایەدارییەکەی، پەیوەندییە سەرمایەدارییەکانی بەرهەمهێنانیش لەخۆدەگرێت، چونکە مۆرك بەبێ بوونی کرۆك ناتوانێت بوونی هەبێت یا بمینێت! کاتێك کە ئەو ئابوورییە بەناو کۆمونیستییە مۆرکی سەرمایەداری و پەیوەندی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری هەبێت، کەواتە بۆ پاراستن و گەشەپێدانی پێویستی بە ڕێکخستن و سەرخانی سەرمایەدارییش دەبێت، وەك هەمووومان دەزانین پەیوەندی و گونجانی ژیرخان و سەرخانی کۆمەڵگە (بەرهەمهێنان و بەرێوەبردن) ڕانکوچۆخەی کوردی نییە، کە سەرەوەی ڕەنگێك بێت و بنەوەی ڕەنگێکی دیکە بێت. کەواتە دەوڵەتەکەش بەناچاری و هەر بەپێی ئەو یاسا کوێرانەیەی کە مێژوو ئاراستە دەکات، دەبێت بۆرجوازیی بێت. دەکرێت جۆرێکی دیارێکراو یا ڕواڵەتجیاوازی بۆرجوازی بێت وەك لە ڕوسیەی بۆلشەڤیکیدا بینیمان،بەڵام کرۆکی چینایەتی ڕێکخستنی ئابووری و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێان و دەوڵەت، هەر هەمان کرۆکی پێش خۆی بوو. ئەمەش بۆ نەزانی بۆلشەڤیکەکان ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ هەڵەبوونی تێزەکەی مارکس و ئەنگلس دەگەڕێتەوە. کاتێك کە لە ڕاپەڕینی ١٩١٧دا کرێکاران کارخانەکان و جوتیاران زەمینەکان لە داگیرکەرە بۆرجوا و خانزادەکان دەستێننەوە و لە شێوەی خۆبەڕێوەبەرایەتی کارخانەکان لەڕێگەی

کۆمیتەکانی کارخانە و خۆبەڕێوبەرایەتی هەرەوەزیی زەمینەکان کە سوونەتیکی هەرە کۆنی ڕوسیا بوو، لێنین ددان بەوەدا دەنێت، کە لەبەرئەوەی ئابووری سۆشیالیستی بەپێی تێزەکانی مارکس و ئەنگلس و پلانەکانی خۆی، هێشتا مۆرکی سەرمایەداری هەیە و ناکرێت لە شەوڕۆژێکدا هەموو شت کۆمەڵایەتی (سۆشیالیزە) بکرێت، بۆیە ناچارە بەڕێوەبەرانی جاران بگێڕێتەوە و لەجێی خۆبەڕێوەبەرایەتی کرێکاران گەشە بە ئابووری و پلانە ئابوورییەکانی ئەوان بدەن. ئایا ئەمەی ئەو کردی هیچ جیاوازی لە تەك تێزەکەی مارکس و ئەنگڵس هەبوو؟ ئەگەر وەڵام ئەرێییە و بەبۆچوونی هەر ماورێیەك جیاوازی هەبووە و هەیەتی، دەی با وەك مارکسیستێکی سەدەی بیست و یەك خۆی بخاتە شوێنی لێنین و پێمانبڵێت، ئەو [بێجگە لە ئەڵتەرناتیڤی کۆمونیستەکانی کرۆنشتات و ئەنارکییەکانی ئۆکرانیا و پترۆگراد] چیدەکات، بۆئەوەی ڕاپەڕینی ئۆکتۆبەر و سۆشیالیزم لەو ناوچەیە ئاوای بەسەردا نەیێت یا هەر ڕاپەڕینیکی ئەگەریی دیکە، کە لە ئێستادا ڕووبدات، چۆن لەو چارەنووسە شکستاوییە ڕزاگار دەکات، بەواتایەکی دیکە تێزەکەی مارکس و ئەنگڵس لەمەڕ ئابووری سۆشیالیستی نێوەندگەرای سایەی دەوڵەت، چۆن کردەییدەکاتەوە، بەبێ ئەوەی ناچار بە کوشتوبڕی نارازییە کۆمونیست و ئەنارکییستەکان ببێتەوە ؟

با ئاوا وێنای ئەمڕۆ بکەین، کە هیچ ئەنارکییەك و ئەڵتەرناتیڤێکی ئەنارکی و نائەنارکی بوونی نییە و تەنیا دەنگێك لە کۆمەڵگەدا بۆ سۆشیالیزم، هەر دەنگی مارکسیستەکانە، دەکرێت بزانین چۆن سۆشیالیزم لەسایەی دەوڵەت و نێوەندگەرایی ئابووریی، بەبێ دووبارەکردنەوەی هەڵەی بۆلشەڤیکەکان ڕۆدەنێن و ئەوە چییە کە ئەوان دەیکەن، کە بۆلشەڤیکەکان نەیانکرد یا ئاوەزییان بەسەریدا نەشکا، ئایا ڕێگە و شێوازی ئابووری و ڕامیاریی جیاواز لەوەی بۆلشەڤیکەکانیان پێیە و شکدەبەن، کامەیە و چۆن ؟

هاوڕێ گیان، شۆڕش لەسەر ڕەچەتەی نێو پەرتووکەکان ڕوونادات، بوونێکی زیندووی نێو کەتوارە و کۆمەڵێك هۆکار، کارایيان لەسەر هەنگاوە کردەییەکانی هەیە؛ لەوانە هوشیاری شۆڕشگێڕانە کە بەرهەمی خەباتی ڕۆژانەیە، ئامادەیی بۆ ژیان بەبێ سەروەریی، کە بەرهەمی هوشیاری شۆڕشگێڕتانەیە، ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە، کە ئامراز و پێویستی و وەڵامدانەوەیە بەسەرکەوتنی خەباتی سەربەخۆی ڕۆژانە، شکانەوەی هاوسەنگی هێز بەلای بەرەی دژە سەروەرییدا و نەمانی پێویستی مانەوەی دەزگە و سیستەمی سەروەری بۆرجوازیی و

کەتواریبوونەوەی ژیانی هەرەوەزیی لەسەر بنەمای خاوەندارێتی گشتی و بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کۆمەڵایەتی (سۆشیالیئستی)، دیسانەوە ڕەوتی پێگەییی ئەمانەش لەژێر کارایی هۆکارە دەرەکییەکانی وەك دەسەڵاتی کولتووری و بەکولتووربوونی ژیانی بۆرجوازی، مێنتاڵیتیبوونی سەروەریی چینایەتی و ڕاهاتن لەسەر نادەربەستبوون و زۆر شتی دیکەی کۆمەڵگەی چینایەتی، کە وەلانانیان تەنیا لە گرەوی ویستی هوشیارانەی سوشیالیستیی تاکەکان وەستاوە. شۆڕش بوونێکی لەو جۆرەیە و لە پرۆسێسێکی مێژوویدا دەبێتە کەتوار و بەسەر کەتواری (ناکۆك بەژیان و ناکۆك بە پێداویستی و ناکۆك بە ئازادی تاك)دا زاڵدەبێت، نەك شەڕە تفەنگی میلیشیا و کودەتای سەربازیی و پارەلەمانیی و هەلقۆستنەی پارتەکان بۆ بەدەسەڵاتگەیشتن. شۆڕشێك کە ئەو ئامادەییانە و ئەو هەنگاوانەی نابێت و تاکی ئاوای پەروەردەکردبێت، بەدڵنیاییەوە زەمینەکانی هەڵوەشاندنەوەی پەیوندی سەرمایەدارانەی بەرهەمهێان و ڕێکسختنی بۆرجوازییانەی ئابووری و قوچکەییانەی بەڕێوەبەرایەتی، ئافراندووە و هیچ پێویستی بە قەرزکردنی ڕێکخستنی ئابووری و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگە و کولتوور و پەیوەندییە کۆمەڵاویەتییەکان و شێوازی بەرهەمهێنان لە دوژمنەکانی، نابێت.

وەك پێشتر وتم، لەبەرئەوەی لە شوێنی دیکەدا لەسەر دیکتاتۆری بەناو پرۆلیتێری وەستاوم، لێرەدا ناگەرێمەوە سەر ئەو بابەتە، بەڵام دیکتاتۆری بەناو پرۆلیتاریا بەپێی تێزی پێشڕەوبوونی کۆمونیستەکان و باشتردەرکردنی بەرژەوەندییەکانی پرۆلیتاریا لەلایەن مامۆستاکانییەوە : کۆمونیستەکان لە مانیفێستی پارتی کۆمونیستدا، کە ئایدیالیسترین تێزی سەردمی خۆیەتی و هوشیاری بۆ دەرەوەی چین و بۆ دەرەوەی کار دەگێڕێتەوە، ئەوا بۆلشەڤیکەکان بەشی پێشرەوبوون و ئاوەزی پرۆلیتاریا بوون، کەواتە بەپێی ئەو تێزە دیکتاتۆری بەناو پرۆلیتاریاش دیکتاتۆری ئەو پێشڕەوانە دەبێت و بۆلشەڤیکەکان هەر ئەوەیان کرد و دەسەڵات و بەڕێوەبردنیان لە سۆڤیەتەکان سەندەوە، چونکە بەپێی تێزەکەی نێو مانیفێستی پارتی کۆمونیست ئەوان (پرۆلیتێرەکان) بە قەد مامۆستاکانیان نەیاندتوانی دەرکی ئەرکە مێژووییەکانی خۆیان بکەن، هەر بۆیەش سەرکوتی پرۆلیترە کۆمونیستەکان لە کرۆنشتات، ئاسایی بوو، چونکە ئەوەی ئەوان داوایاندەکرد، دژی ئاوەز و تێزی پێشروان بوو. ئیدی کاتێك ئەمە دەبینین، ئەوەمان باشتر بۆ ڕوندەبێتەوە بۆ ئەنارکیستەکان دژی پێشڕەوایەتی کۆمونیستەکانن و بۆچی پارت ڕەتدەکەنەوە. چونکە وەك لە نێونەتەوەیی یەکەمدا پێداگرییان لەسەر دەکرد، هوشیاریی چینایەتی لە دەروونی خەباتی ڕۆژانەی چینەکەوە سەرهەڵدداتت

نەك لەلایەن ڕۆشنبیرانی وردەبۆرجوازییەوە بەدیاری بۆیان ببرێت، ئیدی پێشڕەوایەتی و دیکتاتۆرییش لێرەوە دەچنە ژێر پرسیار. بۆیە جارێکی دیکە ناچارم بپرسمەوە؛ بە چ پێوەرێك دەوڵەتی بۆلشەڤیکی، ئەو دەوڵەتە نەبوو، کە مارکس و ئەنگلس مەبەستیان بووە، ئەو چینە کرێکارە چۆن ئەو چینە کرێکارە نەبووە، کە مارکس و ئەنگلس مەبەستیان بووە، ئایا چینی کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەچەتەی ئایدیۆلۆجیی دروستدەبێت؟

بەڵام ئەگەر تۆ شۆڕشی کۆمونیستی بە شتێکی دیکە بزانیت، لەوەی بۆلشەڤیکەکان کردیان، ئەوەیان شتیکی دیکەیە و من لەو بارەوە هەم حەزدەکەم بزانم ئەو شۆڕش چۆنە و چۆن ڕوودەدات، بۆ ئەوەی ڕوسیا ئەوە نەبوو؟ بۆیە ناتوانم لەو بارەوە زۆر قسە بکەم، ئیدی ناچاردەبم لەوەشدا بوەستم، کە جارێکی دیکە قسە لەسەر ئەو دەوڵەتە بکەمەوە، چونکە تۆ هەم ئەوەی ڕوویدا بە شۆڕشی کۆمونیستی نازانیت و بە لۆجیکی تیڕوانینەکەشت بەرهەمەکەشی دەوڵەتی ڕاگوزەری کۆمونیستی نابێت. کەواتە تۆ ڕەخنەی پەیگیرانەت لە بۆلشەڤیزم و ئۆکتۆبەر هەیە و لەم بارەوە ئەگەر لە وەڵامەکانی داهاتوودا کەمێك قسەی لەسەر بکەیت، سوپاسگوزار دەبم، چونکە تاکە ڕەخنەیەکی مارکسیستی کە بۆلشەڤیزم ڕەتبکاتەوە و ڕەخنە لەوە بگرێت، کە لێنین کردی و تا ئێستا من خوێندبێتمەوە، ڕەخنەی هاوڕێیانی کۆمونیزمی شوراییە، بەدیارێکراوی ئەنتۆن پانەکۆك و کایو براندل. بەڵام دەتوانم بڵێم هاوڕێ ئەگەر واز لەوەش بهێنم، کە دروست نییە لە پەرتووکان و کەلێنی ئادیۆلۆجییەکاندا بۆ دروستی و نادروستی و شۆڕشبوون و کۆمونیستبوون و بوونەکانی دیکە بگەڕێین، ئەوا دەبێت ئەوە بڵێم، کە یەکەم ناتوانین کەتوارێکی زیندوو لە قاڵبی تیئۆری بدەین و دووەم، ناتوانین ئەوەی لە ڕستەیەکدا هاتووە دەقاودەق لە کەتواری ژیان و کۆمەڵگەدا کۆپی/ پەیست بکەین و تەنانەت ناتوانین مەبەستی نووسەرێك لە دیالۆکێکدا، دەقاودەق لەسەر شانۆیەك یا لە فیلمێکدا وێنا بکەین. بەڵام دیسانەوە ناچارم بە پرسیارێکی وەرسگەر ڕوو لەو هاوڕێیانەی کە ئەو بۆچوونەی تۆیان هەیە، بنێمەوە و بپرسم، ئەی ئەو دەوڵەتە چۆنە و چۆن دەبێت، جیاوازی لەتەك دەستکردەکەی لێنین چییە؟

وەك پێشتر وتم، من بەپێچەوانەوە، ڕادەیەك لە تەکنۆلۆجیا و گەشەی بەرهەمهێنان و ژێرخانی ئابووریی و زۆری و کەمی و ساوایی و پیری چینی کرێکار بە مەرجی شۆڕش و سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی نازانم. هەروەها بەپێچەوانەی هەموو ئۆروپاوە، ڕوسیا تەنیا

وڵاتێك بوو، كە بە سوونەتی كۆمەڵایەتی، هەرەوەزییە كشتكارییەكان بەشێك بوون لە كولتووری و هەروەها نارەزایەتی و خەباتی ژنان ئەوەندە لە ئاستێكی بەرزدایە، كە مانگرتنی ژنان دەبێتە هەوێنی راپەڕینی ١٩١٧ و یاخیبوونی سەربازان و دەریاوانان بە رادەیەكە، كە لەهیچ وڵاتێكی ئەوروپی ئەو سەردەمەدا ئەو هەڵچوونە شۆڕشگێرانەیە نابین، بە ئێستاشەوە لەهیچ وڵاتێكی ئەوروپی تۆپ پێشكەوتوودا، وێڕای پیربوونی چینی كرێكار و تەنانەت ئەو ورە و یاخیبوونە شۆڕشگێرانەیە نابینین و بە ئێستاشەوە توێژی كرێكار نەك چینی پرۆلیتاریا، لەهیچ وڵاتێكی تۆپ پێشكەوتوودا ئەو مەرجانەی تێدانییە، كە لە كڵێشەكەی (ماركس و ئەنگلس)دا جێگەی ببێتەوە. بەداخەوە ئەو ئامارگیرییە و پەنابردنی هاوڕێیانی ماركسیست بۆیان، لە گشت سەردەمەكاندا تەنیا توانیویەتی پاساوی شكست و تاوانەكانی دەسەڵاتی بۆلشەڤیكەكان بێت.

بەبۆچوونی من وێرای هەموو دواكەوتوویەكی پێشەسازی و وێرانی پاش جەنگ و فشار و هەڕەشەی دەوڵەتانی ئەوروپی و ئەمەرێكا، هێشتا دەكرا بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەتی لەجێی دیكتاتۆری پارت بێت و ئەوەی لە بەروبووم و بەرهەم و سامان و هەژاری هەیە، دادپەروەرانە دابەشبكرێت و جیاوازی سۆشیالیزم و سەرمایەداری بەكردەوە بۆ پرۆلیتێرەكان بخرێتەڕوو. بمبوورن، كە ناچارم بگەڕێمەوە سەر ناوچەی كەتەلۆنیای ئیسپانیا، كە ئەناركستانە بەڕێوەدەبرا، ئەوەی بەرهەمی هەرەوەزییانەی هەمووان لەسەر بنەمای یەكسانی و دادپەروەریی كۆمەڵایەتی دابەشدەكرا و بڕیاردان هەمووانی بوو و بەرەنگاری دوژمن هەمووانی بوو، بێجگە لەوەی كە توانیان لە بوون و نەبوون، لە ئازادی بڕیاردان و بەڕێوەبردن، لە دڵخوازانە بەشداری جەنگ و كۆمەكردن، بەهرەمەندبن، هەروا وەك پێشتر وتم، كاتێك كە سەرمایەدارەكان بە پێشلەشكری فاشیستەكان پاش تێكشكانی سەربازیی هەرەوەزییەكان و بەشەكانی دیكەی ئیسپانیا، گەڕانەوە، نەك كارخانەكان و كێڵگەكان ئاوەدانبوون، بەڵكو بەروبوومیش لەچاو پێش هەرەوەزییەكان زیاتر بوو. ئێستاش ئەوانەی كە لەو سەردەمەدا ژیاون، بەتامەزرۆییەوە ئەو ڕۆژانە دەگێرنەوە. ئایا نەدەكرا لە (ڕوسیە)ش ئەوە بكرێت؟ باشە، با ئاوای دابنێین كە پێش و پاش ١٩١٧ تا ١٩٢٨ [هەرچەندە من ئەو ساڵە ١٩٢٨ بەدروست نازانم، تەنیا هەوڵێكە بۆ دەركیشانی لاقی لێنین لە لیتەكەدا] لە ڕوسیە پیشەسازی هاوچەرخ وەك بنەمای ئابووریی پێشكەوتوو، زۆر دواكەتوو بووبێت، ئەدی لە ساڵانی سییەكان بەملاوە، مەگەر ڕوسییە نەبووە وڵات و هێزێكی ئابووریی و

سەربازیی جیهانخۆر و مەگەر نەك هەر چینی کرێکار بە ئاستی ڕەچەتەکەی مارکس و ئەنگلس گەیشت، بەڵکو هەموو کۆمەڵگە لەژێردەستی سەروەری پارتی بۆلشەڤیکدا نەبوو بە کرێکار و لەهیچ جێییەکی دونیا هێندەی ڕوسیە کرێکار ی پێشەسازیی بوونی هەبوو؟ مەگەر لە چاینی پاش سەرکەوتنی ماوییەکان ئەوەندە کرێکاری پێشەسازیی هەبووبێت، ئەدی بۆچی کلیشە کۆمونیستییەکان، کەتواریی نەبوونەوە ؟
هاوڕێ گیان ناو و ناتۆرە دۆزینەوە بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕوسیە لە ١٩١٧دا هیچ لەوە ناگۆڕێت، کە جەماوەری ڕاپەڕیو بەڕێوەبەرایەتی سۆڤیەتی (شورایی)یان دەویست، ئازادی و یەکسانی ئابووریی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییان دەویست. پاشان ئەگەر ڕاپەڕینی گشتی یا گەلیی خراپ و بێکەڵك بێت، ئەدی ڕاپەڕین و دەسەڵاتی چەند ملیۆن کرێکارێك نابێتە سەروەریی کەمینە بەسەر زۆرینەدا؟

بەبۆچوونی من درەخشانترین خاڵی ئەو ڕاپەڕینە، گەلییبوونی بوو و تەنیا توێژێکی وردەبۆرجوازی، کە بەناوی کۆمونیزم و سۆشیالیزم و سۆڤیەتەکانەوە قسەی دەکرد و کۆمونیزمی کردبووە دێوجامەی شاردنەوەی خەونە ناسیونالیستییەکانی بۆ گەیاندنی ڕوسیە بە ئاستی وڵاتانی ئۆروپا و ئەمەریکا، ئەوە پارتی بۆلشەڤیك [سەرانی پارت نەك ئەندامانی دڵسۆز و کۆمونیستخواز] بوو، هەر بۆیە بەبۆچوونی من نەك پیادەکردنی ئەڵتەرناتیڤە کۆمونیستییەکانی کرۆنشتات و ئەنارکییەکانی ئۆکرانیا، بەڵکو ئەگەر تەنیا ئەڵتەرناتیڤی نادرۆنیکییەکانیان پیادەبکردایە، زۆر لە دەسەڵاتی پارت و دیکتاتۆریی پارت بەناوی پرۆلیتاریاوە باشتربوو، چونکە بەلایەنی کەم، هەنووکە نەك تەنیا چارەنووسی ڕوسیە، بەڵکو چارەنووسی تەواوی جیهان شتێکی دیکە دەبوو. هەرچۆنێك بووایە، هەنووکە واژەی کۆمونیزم ئەوەندە ڕسوا نەبووبوو و خەونە بەرزەکان نەدەبوونە کەرەستەی گاڵتەی ڕۆشنبیرانی وردەبۆرجوا و قسەکەرانی نیئۆلیبرالیزم. هەرچەندە لەو ئەزموونەدا ئەنارکیستەکان قوربانی بوون، بەڵام دوژمنانی چینایەتی ئەو ڕاستییە دەشارنەوە و شکست و تاوانەکانی بۆلشەڤیزم بەڕووی ئێمەشدا دەدەنەوە !

هاوڕێ، دیسانەوە جارێکی دەگەرێیتەوە سەر بڕیاردانی یاسای کوێرانەی گەشەی ئابووریی کۆمەڵگە و دەیکەیتە بەردەبازی ڕزگارکردنی پارت و سەرانی بۆلشەڤیك لە خنکان لەبەردەم ڕەخنەکانی خۆتدا و دەیانکەیتەوە بە ڕۆبۆت و ئاراستەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکان بەمێژێکی

درەوەی ئەوان دەسپێریتەوە. " حیزبی ئەو چینە بێت و بە ناچاری دەبووایە خۆی تەسلیم بە ڕەوەندێکی مێژوویی بکات کە لەدەرەوەی، مەیل و خواست و ئیرادەی ئەو، یاساکانی گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە ئابوریی و ژێرخانییەکانی کۆمەڵگەی ڕوسیا بەسەریدا دەیسەپاند." بەڵام هاورێ، کەتواری ئەو کات شتێکی دیکەمان نیشاندەدات.

کاتێك کە تۆ باس لە شۆڕشبوونی ڕاپەڕینی ١٩١٧ دەکەیت و ددان بەوەدا دەنێیت، کە کرێکاران و سەربازان و خوێندکاران ئەو شۆڕشەیان کردووە، باشە سەربازان کێن و پێش سەربازی کێبوون، مەگەر ڕۆلەی کرێکار و زەحمەتکێش نەبوون، ئەی خوێنداکاران کێن، مەگەر بەپێی زۆریەنبوونی کرێکار و زەحمەتکێش، زۆرینەی خوێندکاران سەر بە بنەماڵەکانی ئەو چینە نەبوون؟ باشە ئەگەر شۆڕش ئەوان کردبێتیان، ئیدی چ پێویست دەکات، لە کەسی دیکە وەریبگرنەوە؟ ئایا من بەرەنجامی کارێك کە بەخۆت ئەنجامتداوە، چۆن لە کەسێکی دیکە وەریدەگریتەوە و پێشکەشت دەکرێتەوە؟ ئەمە ڕاستییەکی شاراوەی تێدایە؛ یا شۆرش کەمینەی بۆلشەڤیك کردوویەتی و بەپێی تێزەکانی مانیفێستی پارتی کۆمونیست و بۆچوونەکەی تۆ، دەبوو بیداتە دەست کرێکاران ! یا خودی کرێکاران و بەشە ژێردەستەکانی کۆمەڵگە کردوویانە و بۆلشەڤیکەکان لێیاندزیون و دەبوو بیگێڕنەوە بۆ خاوەنەکەی؟ بەبۆچوونی من، ئەوەی دووەم بوو، وەك دەبینین تا ساڵی ١٩١٨ بەجۆرێك سۆڤیەتەکان ڕۆڵیان هەیە و دەتوانن بەجۆرێکی لاوەکی بڕیار بدەن، بەڵام لە پاش ١٩١٨- ١٩٢١ ەوە ئیدی سۆڤیەتەکان تەنیا ناوی سەرکاخەز بوون و ئەگەر وەك ڕێکخراویش هەبووبن، ئەوا تەنیا مەقاشی پارت بوون و بۆ سەرکوتی نارەزایەتی خەڵك بەکاریهێناون!

ئاخر هاورێ، کاتێك پارت وەك پێشرەو باڵاترین ئۆرگانی ڕێکخستنی چینایەتی بێت، کاتێك کۆمونیستەکان ڕۆڵی پێشرەوایەتییان هەبێت، ئیدی چۆن بزووتنەوە لە قاڵبنادرێت، یا ئیدی ڕۆڵی پارت چییە؟ بەڵێ یەکێتی کۆمونیستەکان وەك پارت، سەرچاوەی لێڵبوونی ئاوەکەیە و هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە مارکس و ئەنگلس سکتاریستانە لە نێونەتەوەیی یەکەمدا بە پیلانگێڕیی، باکونین و هاورێکانی بە تۆمەتبارکردن و سووکایەتی بکەنە دەرەوە. هەڵدانەوەی ئەم پەرە ڕەشانە لە مێژووی نێونەتەوەیی یەکەمدا زۆر ئازارم دەدات، بەڵام هەندێك جار ناچاردەبم و ناکرێت بازی بەسەردا بدرێت. هەروا بەداخەوە دەبێت ئەوە بڵێم، یەکێتی کۆمونیستەکان و مانیفێستەکەی سەرچاوەی سروشتوەرگرتنی لێنین و ئەوانی دواترن،

هەروەها پیلانگێڕییەك كە بۆلشەڤیكەكان لە خۆزاڵكردن بەسەر سۆڤیەتەكاندا و دواتر پووچەڵكردنەوەیان و پیلانگیرێیەك كە چەپەكانی هەرێمی كوردستان لەنێو یەكێتی بێكاران و ڕێكخراوەكاندا بۆ دەرپەڕاندنی سۆشیالیستە نا حیكمەتیستەكان، سروش لە یەكەمین پیلانگێڕیی نێو نێونەتەوەیی یەكەم وەردەگرن و وەریانگرتووە، كە بۆ یەكدەستیكردنەوەی نێونەتەوەیی یەكەم و دەرپەڕاندنی سۆشیالیستە دژە دەوڵەتییەكان، گیرایەبەر. من ئاوای دەبینم، بەداخەوە، بەپێی بەڵگە مێژووییەكان لەلای من، شتێكی دیكە، جیاواز لەوەی لەلای تۆ گەلاڵە دەبێت، دەسەلمێنن. ئەمەش ئاساییە و دەكرێت هەڵەشبم. بەڵێ من ئەوەی لێنین، بە گەشەی ئەوەی پێشووتری خۆی دەبینم، بەڵام دەقاودەق هەوڵەكانی حیكمەتیزم لە ئێران و كوردستاندا، بە دووبارەكردنەوەی هەوڵەكانی لێنین و بۆلشەڤیكەكان دەزانم.

هاوڕێ گیان، سروشتی پێكهاتە و ڕێكخستنی قوچكەیی و دەسەڵاتخواز ئاوایە، كە وەك ئەم ڕۆژانە دەبینین حیكمەتیستەكان لەسەر ڕابەرڕابەرانێ و ئەوەی كێ باشتر دەروێشی حیكمەت بووە، كەوتوونەتە گیانی یەكتر، لە ڕێكخستنی ڕامیارییدا ناو و دەسەڵاتی ڕابەر/ لیدەر لەپێش پارتەوەیە، هی پارت لە پێش چینێكەوەیە كە پاگەندەی دەكات، پاشان وڵاتەكی لە پێش وڵاتەكانی دیكەوەیە و بەم شێوەیە ...تد كایەكە بەردەوام دەبێت. هاوڕێم، حەزدەكەم بگەڕێتەوە سەر پێداگرتنە مەزهەبییەكانی لێنین لەسەر ماركسیستبوون، پاشان سوێندخواردنەكانی ستالین لەسەر تەرمەكەی لێنین و پێشبركێی ستالین و ترۆتسكی و ئەوانی دیكە لەسەر ئەوەی كە كێ زیاتر و باشتر لێنینیست بووە و ژەیە. لە ئەمڕۆدا دەقاودەق ئەمە دەبینین، مەنسووری حیكمەت لە دەورانی فراكسیۆنەكەی نێو (حكا)دا ئۆرتۆدۆكسبوونی كردە سوونەت، پاش جیابووەنەوەی لە ستوونی یەكەمی، یەكەم ژمارەی بڵاوكراوەی (انترناسیونال)دا بە "من لێنینیستم" پەیامی خۆی بە لایەنگرانی دەدات، كە ئەو مرد، بە شێوەی ستالین، پاشڕەوانی كەوتنە سوێندخواردن بۆ مەیتەكەی و ئینجا پێشبڕكێی ئەوەی كە كێ حیكمەتیستترە دەستیپێكرد و درێژەی خۆتان باش دەیزانن. ئەم وەرەمە كە ئەمڕۆ سەراپای كۆمونیستەكانی گرتووەتەوە و لەوێشەوە بزووتنەوەی كرێكاری و سۆشیالیستی ئالوودەكردووە، سەرچاوەكەی بۆ نێونەتەوەیی یەكەم دەگەڕێتەوە و سۆشیالدێمۆكراتەكان گواستییانەوە نێو نێونەتەوەیی دووەم و لێنین گواستییەوە نێو سەدەی بیست و هەوڵەكانی دواتر. بەبۆجوونی من، ئەو وەرەمە، كە تۆش بەجۆرێك ڕۆشنایت خستووەتەسەر، تەنیا بە پاكژكردنەوەی كۆمونیزم و ماركسیزم لە مەزهەبگەرایی و ئایدیالیزم بنەبڕ دەكرێت، هەرچەندە

له ئوروپا کۆمونیستە شوراییەکان بەجۆرێك بەو کارە هەستاون، بەڵام بەداخەوە لە خۆرهەلاتی ناوین و کوردستاندا هەوڵی ئاوا جێگەی خاڵییە.

دەستخۆش هاورێ، لەپێش دوا پەرەگرافدا، زۆر بەجوانی وێنای یا وێنەیەکی پڕاوپڕت لەسەر چۆنیەتی سەرکەوتنی بۆلشەڤیکەکان و دەوڵەتەکەیان، خستووەتەڕوو، کە بەداخەوە، کەم کۆمونیست لە خۆرهەلاتی ناوین و  هەرێمی کوردستاندا بوێری ئەوەیان تێدایە. بەڵام داخەکەم، لەبەرئەوەی تۆش پاش ئەوە، جارێکی دیکە دەبیتەوە بە تامیری نێو پەرتووکەکان، ناتوانیت واوەتر برۆیت و ئەو دەرگە کڵۆڵمکراوە بشکێنیت، کە لەسەر بابەتی دەوڵەتینەبوونی سۆشیالیزم و کۆمونیزم، داخراوە. بەبۆجوونی من، گرفتەکە لە ناتوانایی یا نەزانینی لێنین و پاشڕەوانی ئەودا نەبوو، کە ئەو دەوڵەتە نەبووە، کۆمونیستی، بەڵکو لەوەایە، کە کۆمونیزم وەك ئایدیای کۆمەڵگەی ئازاد، دژ و ناتەبایە بە دەوڵەت، ئەوەش لەبەرئەوەی کە دەوڵەت دژی ئازادییە و  کۆمونیزمیش بەبێ ئازادی، تەنیا دێوجامەیەك دەبێت، لەو دێوجامانەی کە لێنین  و مائوتسیتۆنگ و کاسترۆ و ئەوانی دیکە پۆشییان.

بەڵام هاورێ گیان، ئەوەندەی من بزانم و تێگەییشتبم، خودی مارکس ڕەخنە لەوە دەگرێت، کە بتوانرێت هەر کەس بەقەد بڕی کارەکەی وەربگرێت، چونکە بێجگە لە پێداویستییە ڕۆژانەییە ڕاستەوخۆکانی تاك، بەشێك لە بڕی کاری تاك بۆ پێداویستییە گشتییەکانی کۆمەڵگە دەبێت بخرێنەلاوە. هەڵبەتە من نامەوێت، پاساو بۆ چەتەگەریی جەنەراڵ و سەرانی پارتی بۆلشەڤیك بەسەر ڕەنج و بەرهەمی ژێردەستانی کۆمەڵگەوە، بهێنمەوە، نەخێر، مەبەستم ئەوەیە، کە نە لە کۆمەڵگەی کۆمونیستی و  نە لە کۆمەڵگەی ئەنارکیدا ناتوانرێت تاك  ١٠٠%ی بڕی کارەکەی ڕاستەخۆ وەربگرێت، بەڵام دەبێت ئەوەی هەیە و نییە، بە یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییانە دابەشبکرێت و هەمووان لێی بەهرەمەندبن، چ کەسانێك کە توانای کارکردنیان هەیە، چ ئەوانەی کە توانایان نییە.

بەڵام هاورێ گیان، وەك لە سەرەتادا وتم، هەرچەندە دژایەتی بەستنەوەی ئەو دوو واژەیە بەیەکەوە دەکەم، ئەگەر ئەوەی لە ڕوسیە بەرپاکرا، ئەوە نەبووە، ئەدی دیکتاتۆری بەناو پرۆلیتاریا چییە و چۆن دەبێت و چۆن پیادەدەکرێت؛ ئەگەر سبەینێ لە عیراقدا هەلێك لە چەشنی ئەوەی ئۆکتۆبەر هەڵکەوێت و  پارتێکی کۆمونیست لەو چەشنەی کە مارکس و

ئەنگلس دەیانخواست، هەبێت و هەموو ئەو زەمینە و مەرجانەی کە تۆ بۆ سەرکەوتنی شۆڕش و کۆمونیزم بەپێویستی دەزانیت، لەئارادابن، بەڵام پاش سەرکەوتنی، خەڵکی بادینان، داوای جیابوونەوە و پەیوەستبوون بە هەرێمی کوردستانی تورکییە یا سوریە بکەن، شیعەکان داوای ئۆتۆنۆمییەك بکەن، کە لە لە سایەیدا بەز ۆرینەی دەنگ خوازیاری میرایەتی ئایینی بن، دانیشتوانی ناوچەی هەولێر، بە زۆرینەی دەنگ خوازیاری کۆمونە کشتکارییەکان بێت، دانیشتوانی ناوچەی هۆرامان بە زۆرینەی دەنگ، خوازیاری خوێندن و بەکاربردنی زمانی دایکی خۆیان بن، ئایا وەڵامی پارتی پێشرەو و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا لەسەر ڕەچەتەی مارکس و ئەنگلس، بەچوونی هاوڕێیانی مارکسیست – کۆمونیستی ئەم سەردەمە، دەبێت چۆن بێت یا چۆن دەبێت ؟

تێبینی، مەبەستم لەم پرسیارە یا پرسیارەکانی پێشووتر، تەنگەتاوکردنی هیچ هاوڕێیەك نییە، بەڵکو تەنیا بۆ تێگەییشتنی خۆمە، کە بەداخەوە هەرچەندی دەکەم و تێدەکۆشم، من جیاوازی لە ڕەچەتەکانی مارکس و لێنین و پاش ئەوانیش نابینم. هەر بۆیە وەڵام بەو پرسیارانە کۆمەکێکی زۆر بە ڕەخنەگرانی کۆمونیزمی مارکسیستی بەهەموو لك و پۆپەکانیەوە دەکات و ئاسانکاریی تێگەییشتنی ئەوەیان بۆ دەکات، کە دەرکی جیاوازییەکە لەسەر زەمینەی کەتوار بکەن. هەروەها نامەوێت سووچی درێژبوونەوە و هاتنەناوەوەی باسی لاوەکی دیکە، بخەمە سەر هیچ هاوڕێییەك، بەڵکو بۆ ئەوەی دەگێڕێمەوە، کە مشتومڕەکەی ئێمە لە سەرەوە دەستیپێکرد و ئەگەر لە خوارەوەڕا دەستیپێبکردایە، واتە لە بابەتەکانی قۆناخبەندی مێژوو و هۆی دروستبوونی چینەکان و پاشان ناچاریی بەرەنگاریی و ئینجا پێداویستی ڕێکخستن و کامە ڕێکخستن و ئەگەری ڕاپەرینەکان و هۆی تێکشکانیان و شۆڕش و ئینجا سۆشیالیزم و دەوڵەت، کاتێك کە مشتومەکەی ئێمە بازدانێك دەبێت بەسەر ئەو بابەتانەدا، ئیدی بمانەوێت و نەمانەوێت، بابەتەکانی دیکە دێنەپێشەوە و ناکرێت هیچ یەك لە ئێمە خۆی لە لێدوان لەبارەیانەوە لابدات و ئەگەر کارێکی ئاوا بکەین، تەنیا نارۆشنی لەلای خوێنەر دروستدەکات.

هاوڕێیان، لە کۆتاییدا تەنیا ئەوە ماوە بڵێم، کە مشترومڕ لەمەڕ پرسەکانی سۆشیالیزم، بۆ من هەوڵێکە بۆ پەیبردن بە لاوازییەکانی تێڕوانینی خۆم لە خوێندەوەی بۆچوون و دیتنی هاوڕێیانی سۆشیالیستخوازدا، بۆیە هەم کاتێکی زۆری بۆ تەرخاندەکەن و هەم بەسوودی

دەبینم، بەدڵنیاییەوە لەسەر ئەم بنەمایە، لە مشتومڕی تەندروست و هاوڕێیانەدا، براوە و دۆڕاو بوونی نییە، چونکە ئەوە تەنیا لە فەرهەنگی کەسانی ڕامیار و پارتیبازدایە، کە مشتومڕ دەبێتە شەڕەدەنووکی کەڵەبابان و دەبێت یەکێکیان ئەوی دیکەیان بکوژێت یا لە خوێندا بگەوزێنێت. بەداخەوە زۆرجار لەو فەرهەنگە دواکەوتووەدا کەسایەتی خاوەنی بۆچوونی ڕەخنەلێگیراو و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەکەونە بەرهێرشی کینەدۆزانە و تەنانەت لە فەرەمەنگی گروپە چەپە میلیشیاکاندا زۆرجار کارکێشاویەتە گوللەبارانکردنی یەکدی، خۆشبەختانە ئەمڕۆ ئەمە نەماوە، بەڵام هێشتاکە لە شێوازی ڕەخنەی نووسراودا، تیرۆری کەسایەتی و دەوروبەری ڕەخنەلێگیراو، پارێزراو نییە.

بۆیە من زۆر دڵخۆشم و بە ئارەزوومەندییەوە بەشداری ئەم مشتومڕانە دەکەم، چونکە ئەم هاوڕێیانە یا لەبنەڕەتەوە هەڵگری وەها فەرهەنگێکی دواکەوتوو نەبوون یا سەردەمانێکی زۆر دووره پشتیان لەو فەرهەنگە کردووە. سوپاس بۆ بەشداری و ئامادەییتان، بەهیوای یەکگرتنەوە لە مشتومڕێکی دیکەدا، ئەگەر بشکرێت بەشێوەی زنجیرەیی و لەسەر پێشنیاری هەمووان، ناوبەناو لێرەولەوێ بەردەوام بین. هەڵبەتە بۆ خوێنەری هێژا نەوتراو نەمێنێتەوە، من بۆخۆم ئامانجم لەم مشتومرانە، لەنێوبردنی جیاوازی بۆچوون و بیرکردنەوە نییە، بەڵکو ئامانجم دەوڵەمەندکردنی جیاوازییەکانە و هیچ شتێك بەبێ جیاوازی بۆچوون و بیرکردنەوە، ناتوانێت بەرەوپیشەوە بڕوات، جیاوازییەکان لەبیرکردنەوەدا، زیندوویەتی بە مزر و فیلۆسۆفی و ژیان بەگشتی، دەبەخشن.

**زاهیر باهیر**

هاوڕێ تاهیر دووباره سڵاو: لەسەر دوا سەرنجت کە بەشێکی زۆری لەسەر پارتی بەلشەفیک و مەنشەفیک و شووراکانی ئەو سەردەمەی ڕوسیاو هەروەها ئەوەی کە باست کردوە سەبارەت بە مێژوی قۆناغە جیاجیاکان و مل ملانێی نێوانی پەیوەندی بەرهەمهێنانان و شێوەی بەرهەمهێنان و بابەتەکانی تر ، من کێشەیەکم لە سەریان نییە ڕامان تا ڕادەیەک وەکو یەکە.

تەنها من لە سەر دوو مەسەلە سەرنجی خۆم دەدەدەم و دوواتریش ئەنجامگیرییەک بۆ پو ختەی ڕاو بۆچوونی خۆم لەسەر ئەوەی کە باسمان کردووە ، دەکەم. یەکەمیان: ....کە تۆ دەڵێیت " ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس ئەم ڕاستییەی سەلماند. کۆمۆنەی پاریس، هیچ شتێک نەبوو جگە لە دەوڵەتی پرۆلیتاریا. دەوڵەتێک کە پایەی سەرەکی خۆی لەسەر دیکتاتۆری بۆ سەرمایەداران و دیموکراسی بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە دارشت بوو. دووبارەبوونەوەی کۆمۆنەی پاریسێکی دیکە لە هەرشوێنێکی دنیادا، بە ناچاری هەمان تایبەتمەندی [ دەوڵەت بوون و دیکتاتۆری پرۆلیتاریا بوون] لەخۆی دەگرێت. ڕێگای دووەم بۆ گواستنەوە لە قۆناغی سەرمایەدارییەوە بۆ قۆناغی کۆمۆنیزم، جگە لە [دەوڵەتی پرۆلیتاریا ؛ یان دیکتاتۆری پرۆلیتاریا]بوونی نییە [ ئەگەر هاوڕێیان ئەنارکیست ڕێگەی دووەمیان لایە، با پێشنیاری بکەن، ڕێگایەک کە جیاوازتر لە ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس بێت ]".

سەرەتا من ئەوە دەڵیم کە من ناتوانم پێشبینییەکم بۆ چونێتی پێکهاتە و پێکهاتنی کۆمەڵگەی ئایندە ( ئەنارکیستی-سۆشیالیستی) هەبێت، لە هەمان کاتیشدا من ناتوانم پێشبینی ئەوەش بکەم کە ئەوەی بە دەوڵەتی پرۆلیتاریا یا دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ناو دەبرێت، کلێشەو شێوەیەکی شیاوو بێت و دەستبدات بۆ کۆمەڵگەی داهاتوو. وەکو خۆتیش دەزانیت ئەوە سەدەو نیوێک لەمەوبەر بووەو کەسێکیش نییە کە پێشبینی کاتی هاتنی کۆمەڵگەی داهاتوو بکات، ئەمە جگە لەوەی کە سەرجەمی شتەکان گۆڕاون و بەردەوامیش لە گۆڕاندان. هەر لەبەر ئەمەش بەڕای من پێداگرتن لەسەر ئەوەی کە قۆناغی گواستنەوە بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی یا کۆمۆنیستی دەبێت دەوڵەتی پرۆلیتاری ، دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری ، یاخود کلێشییەکی تر ،بەخۆیەوە بگرێت، ڕەنگە لە جێگەی خۆیدا نەبێت. خودی مارکسیش خۆی زۆر ڕەخنەی هەبوو لە کۆمۆنە، لەوانەش تێنەشکانی تەواوی دەسگە بیرۆکراتییەکان

سەرتاپای دەسگەکانی تربوو لەپاڵ پێداگرتن بوو لەسەر ئەوەی کە کۆمۆنە و کۆمۆنەی ئاینده دەبوایەو دەبێت پارێزگاری لەخۆی بکات، کە ئەم پارێزگاری کردنەش کە لە چەکداربوونی خەڵکەکەکەدا خۆی دەبینییەوە. هەتا گەر ئەمەش ڕویبدایە پاشەڕۆژێکی ڕووناک لەبەردەم کۆمۆنەدا نەدەمایەوە ، مەگەر شۆڕسی جیهانی ڕوبدایە و ڕزگاری بکردایە، کە ئەمەش ئەوکاتەش و ئێستاش کارێکی مەحاڵ بوو، مەحاڵیشە، بۆیە تێشکانی کۆمۆنە چاوەڕوانکراوو حەتمی بوو. وەکو پێشتریش وتم ژیان بواری مارکسی نەدا تاکو فکری خۆی بەڕوونی لەسەر مەسەلەی دەوڵەت ساغبکاتەوەو هەر لەبەر ئەمەش بوو جارێک کۆمۆنەی بە دەوڵەتی پرۆلیتاریاو جارێکی تر بە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا دەچواند، کە ئەم دووانەش بەڕای من لەیەکتری جیاوازن، هەر ئەمەش وای دەکرد کە جەدەلێکی گەرم لە نێوانی مارکس و هاوڕێکانی لە لایەک و باکۆنین و هاوڕێکانی لە لایەکی ترەوە ، دروست ببێت.

لێرەدا لای من لێدوانەکە ئەوەندەی لەسەر ئەو ڕێگایەی کە دەمانگەیەنێتە کۆمەڵگەی ئاینده (دوا قۆناغ)، کە هەردوکمان لە شێوەو ناوەڕۆکیدا ، هاوڕاین ، گرنگترە تاکو خودی ئاییندەکە . ئەم ڕێگایەش پێشتر من ئیشارەتم پێکردوە لە ڕێگەی ناسوڵتەییەوە دەگەیتە ئاییندەی ناسوڵتە، بەواتایەکی ترلە ڕێگایەکەوە کە بەدوور بێت لە ناوەندگەریی و هەبوونی سەرکردەو بنکردە، لە ڕێگایەکەوە کە تەواوی تاکەکانی نێو کۆمەڵگە ئازادانە، بێ بەرگرتن بە پێشنیارو داهێنان و تواناو سکیێڵیان و نەبەستنەوەیان بە مەرکەزیەت و دەسەڵاتی پارتێک ڕێکخراوێکی سیاسیانەوە، لای من ئەوە ڕێگای گوێزەرەوەیە بۆ ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە زهنمدا هەیە ، وە ئەو کۆمەڵگەیەش و ڕیگاکەش کە دەمان گەیەنێت پێی، لە ڕێگای نوێنەرایەتی کردنەوە نابێت. ئێمە باوەڕمان بە نوێنەرایەتی کردن نییە کە شێوەیەکە لە دیمۆکراسی باوو بورجوازیانە، کە هەبوونی نوێنەرایەتی سابت ( چەسپیو) و بەردەوامدان پێی، بناغەی دروستکردنی توێژاڵێکی تایبەتییە لەسەرو باقییەکەی تریەوە دەبێت، ئەمەش کانێک دەبێت بۆ دروستبوونی گەندەڵی. ئیمە باوەڕمان بە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ هەیە کە تاکەکانی کۆمەڵگە لە شوراکاند، لیژانە لۆکاڵییەکاندا ( ناوی هەرچی بێت لە جەوهەرەکەی ناگۆڕیت) ئازادن لەوەی کە دەنگ بۆ کێ دەدەن و بۆ چی دەدەن کە بەردەوامیش کەسەکان و شتەکان دەگۆڕین و لە گۆڕاندا دەبن. گەیشتن بەو کۆمەڵگەیەی کە باوەڕمان پێی هەیە " کاری خۆجێی و بیرکردنەوەی جیهانیی یا جیهانیانەنە" بناغە داڕێژاوەکەیەتی و دەبێت کاری بۆ بکرێت و لەسەری کار بکرێت، بۆیە گرنگە کە ئەمڕۆ خەڵکی لە گروپە خۆجێیەکاندا - تۆ

دەتوانیت ناوی بنێیت شووراکان، کۆمۆنەکان، یا هەر شتێکی تر- لە نێو هەموو دەسگەکانی کۆمەڵگە : دەسگە کۆمەڵایەتییەکان، سۆشیالەکان، ئەکادیمیەکان، خوێندن و پەروەردە و بەشەکانی تەندروستی خەستەخانەکان، کەرتەکانی گواستنەوەو ڕێگاو بان، بەشی پیشەسازی و کشتووکاڵی و زەوی و زارو بیناسازی و سەرجەمی بەشەکانی تر هەم دەوڵەتی و هەم کەرتی تایبەتی، تاکو بتوانن کاروبارەکانی خۆیان و کۆمۆنێتییەکەیان لەو بوارانەی کە کاری تیادا دەکەن ، ببەن بەڕێوە بە هەرەوەزی بڕیارەکانیان بدەن و بەهەرەوەزیش کاری لەسەر بکەن. ئەمەش یانی گێڕانەوەای پلانەکان و بڕیارەکان لە دەسگەیەکی بیرۆکراتی دەوڵەتییەوە یا کۆمپانیانو خاوەن کارگەو دەسەڵاتدارەکانەوە ، بۆ خودی خەڵکەکە خۆیی و کۆمۆنێتییەکەیان ئەمە جگە لەوەشی کە هەموو ئەم کۆمەڵانە لەگەڵ کۆمەڵەکانی تردا لە شاردا لە لاذیدا لەسەر ئاستی "وڵاتدا" جۆرێک لە تەنسیق و پێکەوەکارکردن، دەبێت هەبێت ( بۆ زانیاریت لەو گروپانەی کە من کاریان لەگەڵدا دەکەم کە زیاتر لە ١٠ گروپن هەر لەم شارەوانییەی ئێمەدا، ناڵێم لەسەر ئاستی لەندەن بەڵام بەشیکی باشی لەندەن ، گەرچی لە بوارێکی کەم و بازنەیەکی زۆر بچوکدایە، ئێمە ئەم کارە دەکەین و تەنسیقیش دەکەیین لە کردنی چالاکی ڕاستەوخۆدا لە یەک ڕۆژو یەک سەعات و بۆ یەک مەبەست، ئەمەش لە برەودایەو خەریکە زۆر شوێن دەگرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە Uncut, Anti Poverty Campaign, Disable Uk people against cuts in benefits لە سەر ئاستی بریتانیادا لە زیاتر لە ٣٠ تا ٤٠ شار لە یەک کاتدا چالاکی ڕاستەوخۆ بێ هەبوونی سەرکردەو بنکەردە، ڕوودەدات، (من دڵنیام کە زانیاری تەواوت لەم بارەیەوە هەیە ) . ئەوەی کە من دەیڵێم پرۆسەیەکی خاوو دووروو درێژە بەڵام ئەنجامی هەیەو لای من ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئایندەو خۆپاراستن لە بیرۆکراتییەت و دووبارە نەبوونەوە یا نەکردنەوەی تێشکانەکانی ڕابووردوو هەنوکە. بە کورتییەکەی ئەمەی کە دەکرێت لە بنی کۆمەڵگەوە دەکرێت و گۆڕانکارییەکان لەوێوە دەست پێدەکەن و خۆی دەگرێت و هەڵدەکشێت بۆ دەسگەکانی سەرووتر، واتە بنکەن کردنی دەوڵەت و دەسەڵات. سەر ئەنجام دوو دەسگە دوو دەسەڵات لەشانی یەکترییەوە دەبینیت ڕاوەستاون یەکەمیان دەسەڵاتی دەوڵەتی بیرۆکراتییەو کە ڕۆژ بەڕۆژ کنەی لێدەکرێت لاواز دەکرێت لەبەرامبەر دەسەڵاتی یا دەسگەی دووهەمدا کە دەسەڵاتی دەسگەکانی خەڵکییە کە هەرە هەرە زۆرەکەن، ئیدی شوورا بێت ، گروپ بێت، هەرناوێکی هەبێت وەکو وتم گرنگ نییە. ئەو دوو دەسگەیە ڕەنگە بۆ ماوەیەکی درێژ لەشانی یەکەوە برۆن بەڵام ئەوەی گرنگە دەسەڵاتی دەوڵەت وردە وردە شەرعیەتی خۆیی و دەسگەکانی خۆیی و دەسەڵات و هەیبەتی خۆی

لەدەست دەدات و بەرەو پوکانەوەو نەمان بۆ هەمیشە دەڕوات. ئەمە زۆر بە کورتی لای من ئەو ڕیگەیەیە کە دەستەبەری هاتنە دی ئەو کۆمەڵگەیەی هەردووکمان دەکات. گەر پێوویست بکات لە کاتێکی تردا دەتوانم تیشکی زیاتری بخەمە سەر. بەڵام هاوڕێم من ڕێگاکەی یاخوود ئامرازەکەی تۆم بەرچاو نەکەوت ، کە من دیسانەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە ئەمە لای من بەردی بناغەییە. چا نازانم تۆ ڕێکخراوێک ، پارتێک دەکەیتە بەردەبازی پەڕینەوەمان بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەی ئایندە، یاخوود تەرحێکی ترت لەلا هەیە.

دووهەم: من دوو بڕگە لە سەرنجەکانت دەگوێزمەوە ئێرەو لە دێڕێکدا ئەوەی کە تۆ وتووتە لەو دوو بڕگەیەدا، من کورتی دەکەمەوە و سەرنجی خۆمیان لەسەر دەگرم:

"... ئەو چینە کۆمەڵایەتییەی کە پایەی بابەتی تیۆری " دیکتاتۆری پرۆلیتاریا " و "شۆڕشی کۆمۆنیستی " مارکس و ئەنگلسی لەسەر بنیاتنراوە، لە ڕوسیای سەردەمی قەیسەر تا ڕوخانی ئەو ڕژێمە لە ١٩١٧دا، ئەو چینە تا ئەو ئاستە گەشەی کۆمەڵایەتی نەکردووە کە بتوانێت وەک چینێک پەیامی مێژوویی خۆی بەسەرئەنجام بگەیەنێت و شۆڕشی کۆمۆنیستی بەرپابکات. ئامارەکانی ئەو سەردەمە لەلایەک و دەقی نووسراوەکانی لینین، ترۆتسکی، بوخارین، پراوپراژنیسکی و باسەکان دەربارەی سیاسەتی ئابوریی نوێ " نیپ " و پرۆژەی پیشەسازیکردنی سۆڤیەتی سالانی ١٩٢٨ و بۆ سەرەوە، هەموویان پێمان دەڵێن کە چینی کرێکار، لەڕووی کۆمەڵایەتی و چەندایەتییەوە لەو ئاستەدا نەبووە کە بتوانێت " شۆڕشی کۆمۆنیستی " بەرپا بکات.

"..شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ نەیدەتوانی دەسەڵاتی سیاسیی بخاتە دەستی چینێک کە هەم لە ڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتییەوە کەمایەتییەکی کۆمەڵگەی ڕوسیای ئەو سەردەمەی پێکهێناوەو گەشەی مێژوویی نەکردووەو هەم هوشیاری دەربارەی شۆڕشی کۆمۆنیستی نەبووە.

حیزبی بەڵشەفیک، ئەگەرچی توانی لە پێوەرێکی بەرینی کۆمەڵایەتیدا، چینی کرێکاری ساوای ڕوسیا لە دەوری سیاسەت و ئامانجەکانی کۆ بکاتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو نییەت پاکی، سەمپاتی و دڵسۆزییەکی ڕابەرانی بۆ ڕزگاری چینی کرێکار و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی، نەیدەتوانی حیزبی ئەو چینە بێت و بە ناچاری دەبووایە خۆی تەسلیم بە ڕەوەندێکی مێژوویی بکات کە لەدەرەوەی، مەیل و خواست و ئیرادەی ئەو، یاساکانی

گەشەکردنی هێزەکانی بەرهەمهێنان و پەیوەندییە ئابوریی و ژێرخانییەکانی کۆمەڵگەی ڕوسیا بەسەریدا دەیسەپاند"

هاوڕێم ، من کورتەی ئەو دوو بڕگەیە لە دوو مەسەلەدا دەبینم کە یەکەمیان نوێنەرایەتییە کە پارتی بەلشەفیک نەیانتوانی نوێنەرایەتی پڕۆلیتاری بکەن. دووهەمیشیان ئەوەی کە بینای تەحتی و بینای فەوقی ئەو کاتەی کۆمەڵگەی ڕوسی بۆ دروستکردنی کۆمەڵگە سوشیالیستی/کۆمۆنیستی لەبار نەبوو. ( بەهیوام مەبەستەکەتم پێکا بێت، گەر وانییە تکایە بمبەخشە و واتێمەگە کە ویستوومە مەبەستەکەت بە چەواشەیی بگەیەنم بە خوێنەر).

سەبارەت بە یەکەمیان، وەکو لەسەرەوەش ئاماژەم پێکرد من باوەڕم بە نوێنەرایەتی کردن نییە ، پێموایە بە ڕەغمی پرژو بڵاوی ڕەوەندەکانی ئەنارکستەکان ، بەڵام هێشتا لەسەر هەندێک پرسی بناغەیی هاوڕاو کۆکن کە لەوانە دەوڵەت و نامەرکەزیەت و هەروەها نوێنەرایەتی کردنە. ڕاڤەکردنەکەی سەرەوەت دەقاو دەق قسەکەی من دەسەلمێنێت ، کە نوسیومە نوێنەرایەتی دەبێتە هۆی دروستکردنی توێژاڵێکی جیا و کانێک بۆ گەندەڵی و بیرۆکراتییەت. بنچینەی دروستبوونی پارتی بەلشەفی هەندێک کێشە و گیروگرفتی ئەساسی بەخۆوە گرتوە کە ناوەندێتی مەرکەزی ( بیرۆکراتییەت)، گواستنەوەی هۆشمەندی بۆ ناو کرێکاران، هەروەها نوێنەرایەتی کردنیان، بەشێکن لەو کێشانە. دیارە ئەم ٣ مەسەلەیە زۆر پەیوەستن بەیەکەوە و یەک تەواوکەری ئەوی تریانن و بە بێ یەکدی ناژین ، هەر بەو شێوەیەش کزبوون و خاوبوونەوەی یەکێکیان، هێواشبوونەوەو سستبوونی ئەوانی تریانە. من دلنیام کە تۆش ئەمە دەسەلمێنێت چونەکە من باوەڕم وایە منیش و تۆش و مارکسیش و سەرجەمی ئەنارکستەکانیش ( ببورە مەبەستم ئەوە نییە کە ئێمە خۆمان بەرینە ئاستی مارکسەوە گەرچی تەقدیسیشی ناکەین) باوەڕمان وایە کە کرێکاران دەبێت خۆیان خۆیان ڕزگار بکەن ، جا لە حاڵەتێکدا کە لە دەرەوەی خۆیان یا خوود هەت لە ناو خۆشیاندا نوێنەرایەتییان کراو شتیان بەسەردا فەرزکراو لە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ مەحرومکران، ئەوە سەرئەنجامەکەی بە بارێکی تردا دەشکێتەوە کە بە قازانجی کرێکاران ناگەڕێتەوە . نوێنەرایەتی کردن شتێکەو بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ شتێکی ترە ، ئیدی ئەمە لە بڕیارەکاندا بێت یاخوود لە دەسەڵاتدا ( مەبەستم دەسەڵاتی دەوڵەت یا دەسەڵات لە دەوڵەتدا ،نییە) ، بۆ ئەوەشی کە سیاسەتی نوێنەرایەتی کردن پشتگوێ بخرێت و کاری پێنەکرێت دەبێت پارت و

ڕێکخراوە سیاسییەکان ، هەر هەموویان پشتگوێ بخرێن و کاریا پێنەکرێت. شتێکی تر لێرەدا ئەوەیە کە من و تۆ چۆن چاوەڕوان بکەین گەیاندن بە ئامانجێک کە کۆمەڵگەی ئایندەیە کە دەسەڵاتی تیادا ون دەبێت، لە حیزبێکەوە کە دەسەڵاتی هەیەو باوەڕی بە دەسەڵات هەیەو مەرکەزییەت تیایدا بەرقەرارو یەکێکە لە خاڵە بناغەییەکانی کە لە بازنەیەکی زۆر کەم و تەسکدا بەکاری دەهێنێت، چۆن کە ئامانجەکەی بەدەستهێنا خۆی لەو دەسەڵاتە دادەماڵێت و بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی خۆی دەکات؟ !!! وەکو ێشتر وتم لە ڕێگەی سوڵتەوە سوڵتە دروستدەکەیت نەک هەڵی بوەشێنیتەوە، لۆجك پێمان دەڵێت سوڵتە بەرەو سوڵتەی زیاترت دەبات.

سەبارەت بە خاڵی دووهەمیان: کە باروو دۆخ و بونییەی کۆمەڵایەتی و ئابوری ڕوسیا لەبار نەبووە بۆ دروستکردنی سوشیالیزم. ئەمە باسێکی زۆر سەرنجڕاکێش و دووروو درێژە ، لە ئایندەیەکی نزیکدا دوای ئەم پرۆژەیە دەتوانین بێینەوە سەری. بەڵام من هەر زۆر بە کورتی لێرەدا دەڵێم، ئەم مەقولەیە ڕیشەکەی زۆر کۆنەو چەقبەستنی ئەم تیورەش بناغەکەی دابەشکردنی قۆناغی مێژوویی بەشەرییەتە بۆ ٥ قۆناغەکەو کە ئا لێرەشدا بە پێی ئەم تیورە سوشیالیزم ناتوانرێت دروست بێت هەتا کۆمەڵگە بەم قۆناغانەدا تێنەپەڕن و نەگەنە قۆناغی کاپیتاڵیزم . ئەو خاوەنڕایانە وای دەبینن کە کۆمەڵگەی سوشیالیزم/کۆمینیزم بەتێپەڕبوونی بە قۆناغی کاپیتاڵیزمدا پێداویستییەکانی درستبوونی خۆی دەستەبەر دەکات. کە خودی ئەم ڕایە بە سوودی بورجوازی و سیستەمەکەیان گەڕاوەتەوە، بە درێژەدان بە تەمەنیان و نەهێڵانەوەی دەورێک بۆ خەڵکانی بەشخوراوو زەحمەتکێشە، جا ئیدی لە هەر یەکێک لەو قۆناغانەدا بووبێتن، ئەمە جگە لەوەی شەهادەو ئیمتیازی شۆڕشگێڕێتی دانە بە بورجوازی و پتەوکردنیانە بە لێخوڕینی باقیەکەی تری کۆمەڵگایە بەو ئاقارەی کە خۆیان دەیانەوێت. وەکو وتم من لێرەدا نامەوێت لەسەر ئەم باسە بدوێم دەیهێڵمەوە بۆ هەلێکی تر ، بەڵام ئەوە سەرنجی منە لەسەر ئەو پرسە.

ئەنجامگیری

هەوڵدەدەم هەر زۆر بەکورتی ئەنجامگیرییەک لەسەر پوختەی ڕاوبۆچوونەکانم بکەم.

زەمان و زەمینەکان لە گۆڕانکارییەکی زۆر بەپەلەو گەورەدا بوون بە تایبەت لە دوای شەستەکانی چەرخی ڕابوردوە، هەر لەبەر ئەمەش گەلێک لە سەرجەمی مەسەلەکانی گۆڕیوەو داخوازییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان هەر لەو ڕەوتەدا لە گۆڕانێکی سەرو مڕدا بوون. کرێکاران ، پرۆلیتاریا یا گەر هەر هەمووی ناوی لە سەدا ٩٩ کەی لێبنێن وەکو چینێکی موتەجانس نەماونەتەوە ، گەرچی هەر هەمووی گیرۆدەی دەستی نەگریسی ڕژێمی سەرمایەداریەو هەر هەمووشیان بەرژەوەندیان لە نەمان و لەناوچوونی ئەو سیستەمەدایە ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا چاوەڕوانکردنی مانگرتنێکی سەرومڕی درریێژخایەنی هەر هەموو خەڵککە نەک لەسەر ئاستی ئەوروپا ، ناوچەو چەند وڵاتێک، بەڵکو لەسەر ئاستی وڵاتێکی ئەوروپیش ، کارێکی تا ڕادەیەک ئەستەمە. دیارە ئەمەش هۆوهۆکاری خۆی هەیە کە باسکردنیان لێرەدا جێگای نابێتەوە. لەو کاتەوەشی وەکو دەڵێن بیرو هزری سوشیالیزم/کۆمۆنیزم بووەتە پرسێکی زانستیانەو بەدیلێکی تەواوی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکییە لە کۆمەڵگەی ئایندەدا، هەوڵ و کۆششێکی یەکجار زۆری بۆ دراوەو هەر لە و ڕۆژەشەوە گەرچی ئامارێکی فەرمیمان لەبەردەستدا نییە بەڵام دەتوانرێت مەزەنەی ئەم ژمارەی قوربانییەکانی، بە سەدەها ملیۆن بکەین هەر لە زەرەری ڕۆحی و جەسەدی و تیاچوون و زەدەبوون و هەڵکەنران لە شوێنی خۆو ڕەوکردنی زەرووری و ئیبادەکردنی زیندەوەرو گیانلەبەرو سروشت و ....لەگەڵ بەراورد بەهەموو ئەمانەش کێشەکەمان ، ئایندەی گەیشتنمان بەو کۆمەڵگەیە، لەبری نزیکبوونەوەی، دوور کەوتۆتەوە، دیارە ئەمەش هۆی خۆی هەیە.

لە هەمان کاتیشدا لە ماوەی ئەم سەدەو نیوەی ڕابوردووەوە ڕوداوەکان، ئەزموونەکان، بەسەرهاتەکان هەر هەموویان ئەوەیان بۆ سەلماندین کە هەر هەموو ئەو ڕێگایەنەی کە گیراونەتە بەر بۆ باشکردنی ژیانی خەڵکی ، یا هێنانی کۆمەڵگەی ئایندەمان ، یا هەر هیچی نەگۆڕیوە یا شتێکی زۆر کەم. هەر بۆیە ڕێگاکانی کودەتای سەربازی ، میلیتەری ، مەدەنی ، پەرلەمانتاری ، جەنگی پارتیزانی، کارو چالاکییەکانی پارت و حیزبەکان بەهەموو چەشنەکانیانەوە - کە من هەر هەموویان بە کودەتا دەزانم- زیاتر بۆ لەباربردنی ڕاسەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی ڕاپەڕینەکان ، هەوڵە شۆڕشگێڕییەکان بووە ، نە شتێکی تر.

بەڕای من لە چەرخی ڕابوردوودا دوو ڕەدەی گەورە ( دژە شۆڕش، بەرپەرچدانەوە) ڕویدا کە یەکەمیان ڕەدەی بەلشەفیکەکان بوو کە تا ئیشتاش ئاسارو شوێنەواری هزری و عەمەلیشیان لەسەر جیهان هەر ماوە. دووهەمەمیان ڕوودانی "شۆڕشی" ئێران بوو کە نەک هەر سەرتاپای وڵاتێک یا ناوچەیەک بەلکو هەموو دنیای گۆڕی ، کە بووە بنکەیەک لە سەرکەوتنی موجاهیدین لە ئەفغانستان، ناردنە دەرەوەی " شۆڕش" ، دروستبوونی حیزبە ئیسلامییەکان لە ناوچەکەداو هەڵسانی ئەمیرو مەلیکی وڵاتانی میرنشینەکان، لە مقابیلی ئێراندا، بە زیندووکردەنەوەی سەلەفی و وەهابی و ئیسلامی توندڕەو و بەهێزکردنیان. ئەمەش نەک هەر ئێستاو زیاتر لە چارەکە سەدەیەکە پێوەی دەناڵێنین ، بەڵکو لەوە دەکات کە تازە لەسەرەتادا بێت.

ئەو سەرەتایەی سەرەوە من دەگەیەنێتە ئەو سەرئەنجامەی کە دوو پرس، دوو کێشە لە خلالی ئەم ماوە دووروو درێژەدا فەشەلیان هێنا بەڵام کارەساتە جەگبڕاوەکە لێرەدا ئەوەیە ، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم حەقیقەتە دەزانیین کەچی هەر لە سەری دەڕۆین و دووبارەو سەدبارەی دەکەینەوە ( ببورن هاوڕێیان ڕوی دەمم لە ئێوە نییە). یەکەمیان کارکردنی حیزبیانە یا ئامرازی حیزب هەر جۆرێک بێت فەشەلی هێناو دڵنیایی ئەوەی کردم کە کۆمەڵگەی ئایندە لەو ڕێگایەوە دروست نابێت، بگرە کۆسپێکی گەورەشە لەبەردەمیا. دووهەمیشیان "دەوڵەت" هەر چەشنێک ببێت ، هەر ناوەرۆکێکی هەبێت، دەتوانرێت ببێت، بەڵام ناتوانێت لە ڕێگایەوە بگەینە کۆمەڵگەی سۆشیالیزم/کۆمۆنیزم. ئەزموونەکان ئەمەشی سەلماند ، گەرچی هاوڕێ مارکسیەکانمان ، خاڵی تێشکانی ئەمە بۆ جۆرو ناوەرۆکی پارتە سیاسییەکان دەگێڕنەوە، نەک خوودی دەروڵەت و سروشتە فاشی و توندوو تیژییەکەی.

هەموو ئەمانە ئەو پەیامە بەمن دەدەن کە ڕێگەی سێهەم هەیە بۆ گەیشتن بەو کۆمەڵگەیە ، کە ڕێگەی ناسوڵتەوییە (نەگرتنەبەری دەسەڵاتە) کە گرتنەبەری ئەم ڕێگایە هەر لە سەرەتاوە زەروورە بۆ گەیشتن بە ئامانج. لۆژک و بەسەرهاتەکان ، ئەوەیان نیشانداوە تووندوتیژی توندوتیژی زیاتر بە دوی خۆیدا دەهێنێت، دەوڵەتێک لە دەسەڵاتی مەرکەزی و زەبت و ڕەبتی حیزبیانەوە دروست ببێت، گەر بەرەو دەسەڵاتێکی تووندوتۆڵ تر و زەبت و ڕەبتێکی زیاتر نەڕوات، هەرگیز بەرەو نەهێڵانی دەسەڵاتی نابات جا لەم حاڵەتەشدا، هەموو هەوڵ و ئامانجەکان لەبار دەبات. باشترین ڕێگای نادەسەڵاتی، ناناوەندگەرایی: گروپە

لۆکاڵییەکانە، شووراکانە، کۆمۆنۆکانە، لەناو هەناوی ئۆرگانە جیا جیاکانی کۆمەڵگەدا. دیمۆکراسی ڕاستەوخۆو ئەنجامدانی چالاکی ڕاستەوخۆ (Direct Action ) بناغەو ڕۆحو هزری ئەو لیژانانەیە، کە ڕۆژگارو ڕووداوەکان کارایی چالاکی ڕاستوخۆیان نیشان داوە تا ڕادەی ئەوەی لە ئەنجامدانی کارێکی ڕاستوخۆدا کە لە ماوەیەکی کورتدا ئامانجێکی بەجێ هێناوە، لانیکەم لە سیستەمی پەڕلەمانتاریدا ، وەختی نێوانی پەڕلەمانێک و پەڕلەمانێکی تر دەخایەنێت بۆ گەیشتن بە هەمان ئامانج.

یەکخستنی یا یەککەوتنی خەڵکانی ناو گروپەکان، لیژانەکان ، شووراکان مەسەلەیەکی تیوری هزری نیەو لەسەر ناوەڕۆکی کتێبەکان و پرسە تیورییەکان و شتەکانی کە لە ئاسامندا باسی لێدەکرێت، ئەوان لەسەر ئەوانە یەکناگرن، بەڵکو لە سەر بناغەی پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان ، داخوازییەکانیان هەرچی کە خۆیان بزانن بۆیان باشە و دەبێت بکرێت یەکدەگرن. ئەمەش کارێکی زۆر عەمەلیانەیەو هەرە زۆرەکەمان لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە، بەرژەوندییەکانیشی کە دواتر دەچنرێتەوە بۆ هەمووانە وەکو چۆن بڕیارەکان لە ڕێگای هەمووانەوە دراوەو دەدرێت کە دیارە لێرەشدا ئیمتیازاتی تاک و ئەشخاس ون دەبێت، هەر بەم شێوەیەش بیرۆکراتییەتیش لەنێودەچێت.

دیارە ئەمە سەرەتای ئەنجامدانی چالاکییەکان و خۆڕێکخستنیانە لە گروپێکی ، لیژانێکی ، نا قوچکەیی، ناهیراشی بێ سەرکردەییدا. هەنگاوی ئاییندە داگیرکردن و دەستبەسەراگرتنی ئەوەی کە لەو کاتەدا دەتوانرێت بکرێت و زەرورەی ئەو کاتەیە، تاکو بخرێتە ژێر دەسەڵاتی کۆمۆنێتییەکەوە ، ئیدی ئەو شوێنانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێن دەوڵەتی بن یاخوود ئەهلی. هەموو ئەمانەش بە دیمۆکراسی ڕاستەوخۆ بڕیاری لەسەر دەدرێت، کردنی کارەکانیش خۆبەخشانەو دوور لە دەرکردنی ئەوامیر و کردنی ئامۆژگاری و ئیرشاداتە. لە هەمان کاتیشدا تەنسیقکردنی کاری ناوکۆییە لەگەڵ گروپ، لیژانەکانی تردا لە گەڕەکەکانی تر، هەموو شارەکە بە دەرەوەشیان، ناوچەکە تا دەگاتە ئاستی ئەوەی کە پێی دەڵێن وڵات.

بەم شێوەیە کارەکان لە برەوو پێشەوەچووندا دەبێت و سەرئەنجامێکی باشی دەبێت و ئەمەش لە خۆیدا دەبێتە دەسەڵاتێک و وردە وردە، ڕۆژ بەڕۆژ جێ پێ دەسگە بیرۆکراتییەکان شلۆق دەکات و خۆیان جێگایان دەگرنەوە، واتە کۆمۆنێتییەکە ، خەڵکانی ناو کۆمۆنێتییەکە هەمو شتەکان ، بڕیارەکان هی خۆیان دەبێت. هەر شادوو سەرکەوتوو بیت.

****************************************************

خوێنەرانی هێژا، لێرەدا کۆتایی ئەو بەشەی مشتومڕەکە دێت، کە هاوڕێیانێك بەشدارییان تێداکردووە، بەڵام مشتومڕەکە کراوە دەمێنێتەوە و هەر خوێنەرێك دەتوانێت لەسەر بۆچوونی بەشداربووان، ڕەخنە و سەرنج و پێشنیاری خۆی بدات و درێژە بە مشتومڕەکە بدات.

****************************************************

# DEWLLET

**Babetêk bo giftugo le nêwan**
**Markisîstekan û Enarkîstekanî Kurdistan**

em Miştumrre azad û kraweye, leser Torrî facebook encamdrawe û le sayte kurdîyekanda xrawete berçawî xwêneran, em Hêjayaney xwarewe beşdarîyan kirduwe:

Zahîr Bahîr , ** **** , Hejên ,
Tahîr Sallh Şerîf , Sîrwan 'Elî ,
Selam 'Arf , Şêx 'Ebdul

Çapî yekem, Culay 2014

# DEWLLET

## Babetêk bo Giftugo lenêwan Markisîstan û Enarkîstanî Kurdistan

Miştumrre azad û kraweye, leser Torrî Facebook encamdrawe û le Sayte kurdî-yekanda xrawete berçawî xwêneran, em Hêjayaney xwarewe beşdarîyan kirduwe:

**Zahîr Bahîr , ** **** , Hejên ,**
**Tahîr Sallh Şerîf , Sîrwan 'Elî ,**
**Selam 'Arf . Sêx 'Ebdul**

**Çapî yekem, Culay 2014**